# نامە بۆ یونسکۆ

## ئیسماعیل بێشکچی



وەرگێڕانی: بەکر شوانی

# نامە بۆ یونسکۆ

ئیسماعیل بێشکچی

İSMAİL
BEŞİKCİ
VAKFI

# نامە بۆ یونسکۆ

ئیسماعیل بێشکچی

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

2023

İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI


چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئایاری 2023



هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ وەقفی ئیسماعیل بێشکچی، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.



ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (668)ی 2023 بۆ تەرخانکراوە.

# ئیسماعیل بێشکچی

ئیسـماعیل بێشـکچی لـه 7ی کانوونـی دووەمـی 1939 لـه ناحیـەی ئیسـکیلیپی سـەر بـه شـاری چـۆرووم لەدایکبـووه. نـاوی باوکـی حوسـنووه (1899-1978) کـه لـه سـەردەمی عوسـمانیدا مامۆسـتا بووه و له سـاڵانی 1930دا کاری بەقاڵـی کـردووه و نـاوی دایکـی زاهیدەیـه (1898-1987). بێشـکچی بچووکتریـن منداڵـی بنەماڵەیـه و دوو بـرای گـەورەی بـه ناوەکانی وەسـفی و محێدیـن و خوشـکێکی گـەورەی بـه نـاوی سـاتی هەیـه.

بێشـکچی، قۆناخـی سـەرەتایی لـه قوتابخانەکانـی عەزمی میللی و میسـاقی میللـی لـه ئیسـکیلیپ و قۆناخـی ناوەنـدی لـه قوتابخانـەی ناوەندیـی ئیسـکیلیپ و خوێندنـی ئامادەیـی لـه ئامادەیـی چـۆرووم لـه ناوەنـدی شـاری چـۆرووم تـەواو کـردووه.

سـاڵی 1958 بـه نمرەیەکـی سـەرکەوتووەوه نـاوی خـۆی لـه فاکەڵتـی زانسـته سیاسـییەکانی ئەنقـەره تۆمـار کـردووه. ئـەم سـەرکەوتنه بـووه هـۆی ئـەوەی کـه بورسـێکی وەزارەتـی ناوخـۆ بەدەسـت بهێنێت. سـاڵی 1962 بەشـی کارگێـڕی فاکەڵتـی سیاسـی ئەنقـەرەی تـەواو کـردووه. سـاڵانی 1962-1964 لـه بیتلیـس و شـەمزینان خزمەتـی سـەربازیی ناچاریـی کـردووه. دوای تەواوکردنـی خزمەتـی سـەربازی، لەگـەڵ لێمـان بێشـکچی ژیانـی هاوسـەرێتی پێکەوەنـاوه.

یەکەمیـن بەریەککەوتنـی بێشـکچی لەگـەڵ کـورد لـه سـاڵی 1961دا بـوو. لـەو مێـژووەدا، لـه سـاڵی سـێیەمەوه بـۆ سـاڵی چوارەمـی کۆلێـژ

پەڕیبووەوە. لەسەر داخوازی خۆی، بۆ مەشقکردن چووە ئەلازیز. مەشقەکەی لەکن والی و قایمقامەکان تەواو کرد. مەشقەکەی و هەروەها خزمەتە سەربازییەکەی لە بیتلیس و شەمزینان هەلی ئەوەی بۆی رەخساند کورد لە نزیکەوە بناسێت.

لە کۆتایی ساڵی 1964دا وەک یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی هونەر و ئەدەبیاتی زانکۆی ئەتاتورک لە ئەرزەڕووم دەستی بە کار کردووە.

ساڵی 1965 تێزی دکتۆراکەی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی عەشیرەتی عەلیکانی کۆچەری ئامادە کردووە. دواتر تێزەکە پەسەند کرا و نازناوی دکتۆری وەرگرت.

لە ساڵی 1968 لەپای کتێب و نووسینەکانی و ئەو بابەتانەی کە لە وانەکاندا باسی دەکردن، لێکۆڵینەوەی کارگێڕی لە دژی کرایەوە. لە ئەنجامدا لە 20ی تەممووزی 1970 بە بیانووی "کتێب و بابەتی پێچەوانەی دەستوور دەنووسێت" لە زانکۆی ئەتاتورک دوورخرایەوە. بێشکچی بڕیارەکەی گەیاندە دادگای باڵای کارگێڕی و ئەو دادگایە بڕیاری راگرتنی دوورخستنەوەکەی دەرکرد، بەڵام سەرۆکایەتیی زانکۆ کاری پێنەکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1971دا لە تاقیکردنەوەیەک دەرچوو و لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی ئەنقەرە دەستی بە کار کرد. لە سەردەمی 12ی ئازاردا [1] ، فەرماندەیی باری نایاسایی دیاربەکر هەبوونی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی لە زانکۆی ئەتاتورک لە ئەرزەڕووم کرد بە بیانوو و لێپرسینەوەی لە دژی بێشکچی دەست پێکرد و لە ئامادەنەبوونی خۆیدا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد. لە 19ی حوزەیرانی 1971 لەو کۆلێژە دەستگیر

---

(1) - لە یاداشتی 12ی ئاداری ساڵی 1971دا فەرماندەیی ئەرکانی سوپا بە ناردنی یاداشتنامەیەک بۆ سەرۆک کۆمار جەودەت سونای، 38مین حکوومەتی بە سەرۆکایەتی سلێمان دەمیرەل ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە. سوپا هۆکارەکانی ئەو هەنگاوەی گەڕاندەوە بۆ لە دەستدانی دەسەڵاتی دەمیرەل بەسەر حکوومەتەوە و ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو بەرەی ڕاستڕۆ و چەپڕۆ و دەنگۆی ئامادەکاریی ڕێکخراوی چەپڕۆی شۆڕشگێڕانی دیموکراتی میللی بۆ ئەنجامدانی کودەتا. لە ئاکامدا دەمیرەل دەستی لە کار کێشایەوە و حکوومەتی سەربازی هاتە دامەزراندن و چەند سەررکردەیەکی چەپی وەک دەنیز گێچمیش و یوسف ئەسلان و حوسێن ئینان لە سێدارە دران (وەرگێڕ).

کـرا و برایـە دیاربەکـر و لـەوێ خرایـە گرتووخانـەوە. بەوشـێوەیە سـاڵانی زیندانـی و دادگاییکردنـی بێشـکچی دەسـتی پێکـرد.
بێشـکچی بەهـۆی بابـەت و کتێبەکانییـەوە کە تێیانـدا رەخنە لـە ئایدۆلۆژیای فەرمـی دەگرێـت، بەگشـتی لەکاتـی جیـاوازدا 17 سـاڵ و دوو مانگـی لـە گرتووخانـە و زیندانەکانـی دەسـەڵاتی بـاری نائاسـاییدا بەسـەربردووە.
بێشـکچی کـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی کتێـب لەسـەر کۆمەڵگـەی کـوردی بەرهــەم دەهێنێـت، رەخنـەی توونـدی پشتبەسـتوو بـە بنەمـای راسـتی ئاراسـتەی پڕوپاگەنـدە و کردەوەکانـی ئایدۆلۆژیـای رەسـمی دژ بە زانسـت و کۆمەڵگـەی کـوردی کـردووە و رەخنـەی لـەو ناوەندە ئەکادیمییانـە گرتووە کـە پرسـی کـورد فەرامـۆش دەکـەن و بـە زمانـی هێـزە سـەڵاتدارەکان دێنـە گـۆ و وابەسـتەی ئایدۆلۆژیـای فەرمیـن و بـەو هۆیەشـەوە لە زانسـت و کاری زانسـتی دوورکەوتوونەتـەوە.
بێشـکچی، سـەرەڕای هەمـوو هەموو ئـەو گوشـار و زیندانیکردنانـە، درێخی نەکـردووە لـە رەخنەگرتـن لـە ئایدۆلۆژیـای فەرمـی لەپـای نکۆڵیکـردن لـە پرسـی کـورد و لـە هەمـوو پلاتفۆرمێـک راسـتیی کـورد و زمانـی کـوردی و کوردسـتانی هێناوەتـە زمـان و لـە هەمـوو کارەکانیـدا بەرگـری لـەو راسـتییانە کـردووە.
بێشــکچی هەڵوێســتێکی شــایان بــە زانایانــی نوانــدووە و لەبەرامبــەر گوشـارەکان کۆڵـی نـەداوە و لـە کاری زانسـتیدا سازشـی نەکـردووە. ئـەو هــەردەم وەک زانـا ماوەتــەوە و هــەرواش دەمێنێتــەوە.
بێشــکچی کــە ئەمــڕۆش لــە وتــار و هەڤپەیڤینەکانیــدا لەســەر هەمــان هەڵوێســتی بەپرەنســیپ بەردەوامــە، ســەرجەم 36 کتێبــی هەیــە کــە زۆربەیـان سـەبارەت پێکهاتـە و پـرس و کێشـەکانی کۆمەڵگـەی کوردیـن و چەندیـن وتـاری لەسـەر بابەتـی جۆراوجـۆر هەیـە.
بێشـکچی کـە لـەم سـەردەمەدا بابەتەکانـی لە ئینتەرنێتـدا بـڵاو دەکرێنەوە، ئەندامـی دەسـتەی ئەمینداران و دەسـتەی بەڕێوەبەری وەقفی ئیسـماعیل بێشـکچییە کـە کاروبـاری دامەزراندنـی لە سـاڵی 2013دا کۆتایـی هات.

# نێوەڕۆك

پێشەکی 10
رێز بۆ ئیسماعیل بێشکچی 17
تێبینیی وەشانگەر 21
دەروازە 23

**I. دابەشکردنی کوردستان 26**
تووشبوون بە دابەشکردنی ئیمپریالیستی 26
جێبەجێکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ ببە لە دژی
نەتەوەی کورد و ئەتاتورک 26
**II. خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی کۆماری تورکیا و**
**ئایدۆلۆژیای کەمالیزم 37**
**III. "دیموکراسیی تورک" و پرسی کورد 48**
**IV. نەتەوە یەکگرتووەکان، تورکیا و کورد 63**
**V. یونسکۆ، تورکیا و کورد 79**
ئیمپریالیزمی کولتوور لە تورکیا 79
ئەنجام 102

# پێشەکی بۆ چاپی سێیەم

کتێبی نامە بۆ یونسکۆ مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1992 لەلایەن وەشانخانەی Yurt Kitap-Yayınەوە چاپکراوە. کتێبەکە یەکەم جار ساڵی 1983 لەلایەن وەشانخانەی (دەنگێ کۆمەل)ەوە لە ستۆکهۆلم بڵاوکراوەتەوە.
ساڵی 2013 سەرلەنوێ لەلایەن وەقفی ئیسماعیل بێشکچی"IBVەوە بڵاوکراوەتەوە.
کەشی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە کەشی کۆمەڵایەتیی ساڵانی 1980 و 1990. ئەوسا نکۆڵی لە کاتێگۆرییەکانی کورد، کوردی و کوردستان دەکرا و ڕەتدەکرانەوە، بەڵام ئەمڕۆ نکۆڵی لێ ناکرێت و ڕەتناکرێتەوە. ئەو دەستکەوتە راستەقینانەی کە کورد لە پرۆسەی خەباتی چارەنووسسازی خۆیدا بەدەستی هێناون، لەبەرچاون. ئەو دەستکەوتە بەرجەستانە لە گەشەکردن و قوڵبوونەوە و بڵاوبوونەوەدان. دەوڵەت و هەروەها حکومەتیش هەندێک هەنگاوی بچووکیان لەبەرامبەر ئەم دەستکەوتە راستەقینانە هەڵهێناوە، TRT-6 یەکێک لەوانەیە.
نکۆڵی نەکردن یان ئەوەی کە ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، بەو واتایە نییە کە کورد وەک گەلێک، وەک نەتەوەیەک و زمانی کوردی وەک زمانێک دانیان پێدانراوە. کورد، سەرباری گشت ئەو خەباتە دوور و

درێــژە، هێشــتا وەک گــەل و وەک نەتــەوە دانــی پێدانەنــراوە. بێگومــان مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس و خۆبەڕێوەبــردن لــە ڕەهەنــدە زۆر گرنگەکانــی بــە گەلبــوون و بــە نەتەوەبوونــن. پــەروەردە بــە زمانــی دایــک تووخمێکــی حەتمــی مافــی چــارەی خۆنووســین و خۆبەڕێوەبەرییــە.

ئــەوەی کــە دەوڵــەت و حکومــەت تائێســتاش گرفتیــان لەگــەڵ پیتەکانــی x,w,qی ئەلفوبێــی کــوردی هەیــە، واتــای ئەوەیــە کــە دانیــان بــە کــوردی دانەنــاوە وەک زمــان. ئەمــڕۆ، بەکارهێنانــی مافــی ڤیتــۆ لەلایــەن والــی و قایمقامەکانــەوە دژ بــە بڕیارەکانــی ئەنجوومەنــی شــارەوانییەکانی ژێــر دەســەڵاتی پارتــی ئاشــتی و دیموکراســی، بابەتێکــی زۆر گرنگــە کــە پێویســت دەکات لــە ئاســتیدا هەڵوەســتە بکرێــت. ئەمــە ئــەو بڕیارانــەی ئەنجوومەنــی شــارەوانییەکان دەگرێتــەوە کــە زۆربــەی جــار بــە زۆرینــەی دەنــگ دەردەکرێــن بــە مەبەســتی بەخشــینی نــاوی کــوردی بــە شــەقام و کــۆڵان و پارکــەکان. والــی و قایمقامــەکان دەتوانــن بڕیــاری ناونانــی شــەقام و کــۆڵان و پارکــەکان بــە نــاوی سیاســەتمەدارێک، نووســەرێک یــان رۆشــنبیرێکی کــوردەوە ڤیتــۆ بکــەن. یــان هــەر وشــەیەک پیتەکانــی "x,w,q"ی تێــدا بێــت، دەشــێت بەکارهێنانــی وەک نــاو بــە ڤیتــۆ قەدەخــە بکرێــت. هەمــوو ئــەو ئاســتەنگانە بــە بیانــووی "ئــەو ناوانــە پێچەوانــەی کولتــووری تورکییــە" و "ئــەو پیتانــە لــە زمانــی تورکیــدا نیــن" دەکرێــن. ئەمــەش واتــای ئەوەیــە کــە دان بــە زمانــی کــوردی دانانرێــت وەک زمانێکــی جیــاواز لــە زمانەکانــی تورکــی، عەرەبــی و فارســی. لەوانەیــە ئــەم پیتانــە لــە ئەلفوبێــی تورکیــدا نەبــن، بــەڵام لــە ئەلفوبێــی کوردیــدا هــەن و بەبــێ ئــەوان زمانــی کــوردی ناتــەواو دەمێنێتــەوە.

دژایەتیکردنــی پــەروەردە بــە زمانــی دایــک، واتــە پــەروەردە بــە زمانــی کــوردی، پەیوەندییەکــی نزیکــی بــەو سیاســەتی ئاســمیلەکردنەوە هەیــە کــە دەوڵــەت پەیــڕەوی دەکات. دەوڵــەت هێشــتا هیــوای بــە تواندنــەوە هەیــە.

لــە نێــوان ســاڵانی 1985 ـ 1988دا لــە بوولگارســتان هەوڵــی دانانــی نــاوی

بوولـگاری بـۆ کەمینەی تـورک دەسـتی پـێ کـرد. حکومەتـی بوولگاریا لـە ئاکامـی رەخنـەی تورکیا و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیدا سـاڵی 1988 کۆتایـی بـەو ئۆپەراسـیۆنانە هێنا و لـەو سیاسـەتە پاشەکشـەی کـرد. کەچـی لـە تورکیـا هێشـتا ئـەو سیاسـەتە بـە پاڵپشـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی درێـژەی هەیـە. ئەمـەش تایبەتمەندییەکـی زۆر گرنگـی سیسـتەمی سیاسـی و رژێمـی سیاسـی تورکیایـە.

بابەتـی پرسـی کـورد لـە تورکیـا و پرسـی تـورک لـە بوولگاریـا رەهەنـدی زۆر جیاوازیـان هەیـە. کـورد لـە زێـدی خـۆی، لەسـەر ئـەو خاکـەی خـۆی کـە هـەزاران سـاڵە تێیـدا دەژی، لـە کوردسـتان دەبێـت بـە ئامانجـی سیاسـەتێکی لـەو جـۆرە. هەرچـی بابەتـی تورکەکانـی بوولگاریایـە، پەیوەندیـی بـە سیاسـەتی فەتحکردنـی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە هەیـە. کاتێـک دەوڵەتـی عوسـمانی لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا بالکانـی لەدەسـتدا، ئـەو تورکانـەی کـە بەدرێژایـی مـاوەی فەتحکـردن، واتـە لـە سـەدەی چواردەیەمـەوە لـەوێ نیشـتەجێ کرابـوون، بـەرەو ئیسـتەنبووڵ کشـانەوە و ئەمـەش پرۆسـەیەکی گرنگـە. سـەرەڕای ئـەم کشـانەوەیە، هێشـتا دانیشـتووی تـورک لـە بوولگاریـا ماونەتـەوە. ئـەو گرووپـەی کـە بوونـە ئامانجـی ئۆپەراسـیۆنەکانی گۆڕینـی نـاو لەنێـوان سـاڵانی 1988-1985دا، ئـەو دانیشـتووانە تورکانـە بـوون.

* * *

لێکدابڕیـن و لەتبـوون و دابەشـبوونی کـورد و کوردسـتان، بـە بۆچوونـی مـن، گرنگتریـن رووداوی مێـژووی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە. ئـەم راسـتییە کاریگەریـی زۆر نەرێنـی لەسـەر کـورد و کوردسـتان دانـاوە. ئەمـە دۆخێکی وەک هەڵوەرینـی ئێسـکەپەیکەری مـرۆڤ و پرژانـی مێشـکی هێناوەتـە ئـاراوە. ئەمـەش بـووە هـۆی کەمبوونـەوە و نەمانـی دۆسـتانی کـورد و زیادبوونـی دووژمنەکانـی لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا. دەقگرتنـی

کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـە هەسـت و بیـری دژە کـورد، دەرئەنجامـی هـەرە لـە پێشـی ئـەو پرۆسـەیەیە.
بەسـوودە ئەگـەر لـە چوارچێـوەی ئـەم ڕەچاوکردنانـەدا لـە دوو زنجیـرە ڕاسـتیی جیـاواز بکۆڵینـەوە. لـە 16ی ئـازاری سـاڵی 1988دا بـە چەکـی کیمیایـی هێـرش کرایە سـەر شـاری هەڵەبجـەی کوردنشـین. لـە ئەنجامـی ئەوهێرشـەی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن دا زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کـورد گیانیـان لـە دەسـت دا و دەیـان هـەزاری دیکـە برینـدار بـوون. لـە جیهانـدا هیـچ کاردانەوەیـەک بەرامبـەر ئـەو جینۆسـایدە پێـک نەهـات. کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لـە ئاسـت ئـەو ڕووداوە بێدەنـگ بـوو. پێویسـتە ئەمـە مایـەی شـەرمەزاری بێـت بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و کۆمەڵگـەی دەوڵەتـە دیموکراسـییەکان. ئـەم دەوڵەتانـە (فەرەنسـا، ئەڵمانیـا، ئەمریـکا، ئینگلتـەرا، هۆڵەنـدا، یەکێتـی سـۆڤیەت و هتـد) بـۆ ئـەوەی زیـان بـە پەیوەندییـە بازرگانـی و دیپلۆماسـییەکان لەگـەڵ ڕژێمـی سـەدام حوسـێن نـەگات، لەبەرامبـەر ئـەو جینۆسـایدە کاردانەوەیـان نەبـوو. جگـە لـەوەش، دۆخەکـە چـۆن گەیشـتە 16ی ئـازاری 1988، پرۆسـەیەکە کـە پێویسـتە بـەوردی لێـی بکۆڵدرێتـەوە.
بـە تاقیکردنـەوە بـەدوای وەڵامـدا بـۆ پرسـیارەکانی "کام گاز ژەهراویتـرە، کام گاز دەبێتـە هـۆی مردنی زیاتری بەکۆمەڵ" گـەڕاون. ئەوتاقیکردنەوانە لەسـەر گوندەکانـی کـورد و زیندانیانـی کـورد لـە زیندانەکانـدا ئەنجـام دران. لـە ئەنفـال دا بایـەخ درا بـە بەکارهێنانـی ژەهراویتریـن گاز. ژمـارەی ئـەو کوردانـەی لـە سـاڵی 1983ەوە لـەو تاقیکردنەوانـەدا کـوژراون، زۆر لـە سـەرووی پێنـج هەزارەوەیـە. هەبوونـی شـارەزایانی سـۆڤیەتی لـەو پرۆسـەیەدا کـە یارمەتـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێنیان دا، ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە.
جێگـەی سـەرنجە کـە سـەرەڕای گشـت ئەمانـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەرامبـەر بـەو جینۆسـایدە کاردانـەوەی نەبـوو.
لـەو ڕۆژانـەدا کـە ئـەو جینۆسـایدە ئەنجـام درا، لـە 16ی ئـازاری 1988دا،

ڕێکخـراوی کۆنگـرەی ئیسـلامی لـە کوێـت لـە کۆبوونـەوەدا بـوو. لەوێـدا حەوتەمیـن سـەرۆک کۆمـار کەنعـان ئەڤرێـن نوێنەرایەتی تورکیـای دەکرد. کۆبوونـەوەی کۆنگـرەی دەوڵەتانـی ئیسـلامیش بەهیـچ جۆرێـک خـۆی لـە قـەرەی باسـی ئـەو جینۆسـایدە نـەدا و جینۆسـایدەکە نەخرایـە ڕاگەیاندنـی کۆتایـی کۆنگـرەوە. ئەمـەش هەڵوێسـتی دژە کوردانەی وڵاتانی ئیسـلامی ئاشـکرا دەکات. دۆخێکـی پـڕ لـە شـەرمەزارییە بـۆ ڕێکخـراوی کۆنگـرەی دەوڵەتانـی ئیسـلامی کـە لەسـەر پرۆسـەکانی گۆڕینـی نـاو ڕەخنـەی لـە بوولگاریـا و بەهەمـان هـۆکار ڕەخنـەی لـە یۆنـان دەگـرت، کەچـی بەرامبـەر بـەو جینۆسـایدە کاردانـەوەی نەبـوو و پشـتگیری لـە ڕژێمـی سـەدام حوسـێن کـرد.

دووەم نموونـەی ڕووداو کـە پێویسـتە جەختـی لـێ بکرێتـەوە، تیرۆرکردنـی عەبدولڕەحمـان قاسـملۆ، بەرپرسـی حیزبـی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێرانە لـە هۆتێلێکـی شـاری ڤیەننـا لـە 13ی تەممـووزی 1989. بکـوژەکان میلیتانەکانـی پاسـداران بـوون کـە لـە ئێرانـەوە نێردرابـوون و خۆیـان لـە پۆشـاکی دانوسـتاندنکار و دیپلۆماتـکاردا شـاردبووەوە. لەگـەڵ عەبدولڕەحمـان قاسـملۆ، کاک عەبدوڵـڵا و فازیـل ڕەسـوڵیش کـوژران. بکـوژەکان زۆر بەئاسـوودەیی هۆتێلەکەیـان بەجێهێشـت و لـە ماوەیەکـی کەمـدا گەیشـتنەوە ئێـران. دەسـەڵات لـەڕووی دارایـی و ماکییـەوە پاداشـتی ئـەو کۆمەڵکوژانـەی دایـەوە.

هێلێنـا کرولیچـی هاوژینـی عەبدولڕەحمـان قاسـملۆ دوای دۆسـیەی ئـەو کۆمەڵکوژییـە کـەوت و هەوڵـی زۆری دا بـۆ ئـەوەی بیگەیەنێتـە دادگا، بـەڵام حکومەتـی نەمسـا بـۆ ئـەوەی ڕێگـە نـەدات پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئێران تێـک بچێـت، دۆسـیەکەی بـە هەڵپەسـێردراوی هێشـتەوە و سـەرئەنجام دایخسـت.

ڕوودانـی ئـەو کۆمەڵکوژییـە لـە نێوەڕاسـتی ئەوروپـادا و زۆر بەئاسـانی دەرچوونـی ئەنجامدەرانـی کۆمەڵکوژییەکـە لـە هۆتێـل و داخسـتنی دۆسـیەکە پەیوەنـدی بـە هەڵوێسـتی دژە کوردانـەی ئەوروپـاوە هەیـە.

کاتێـک پرسـی کورد/کوردسـتان دێتـە رۆژهەڤـەوە، ئـەم رووداوە، ئـەم کۆمەڵکوژییە بەڕوونی ئـەوە پێشـان دەدات کـە تەنانـەت ئەورووپاش لـە چەمکـی مافـی مـرۆڤ دا زۆر لـە دواوەوەیـە!

ئەمـڕۆ راسـتیی کـورد/ کوردسـتان لـەڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە بەخێرایـی گـۆڕانـی بەسـەردێت و بێگومـان ئەمەش دۆخێکـی ئەرێنییە. دوو رووداوی گرنـگ هـەن کـە ئـەم گۆڕانکارییەیـان خوڵقانـدووە. یەکەمیـان دەسـتپێکردنی خەباتـی گەریلایـە لـە 15ی ئابـی 1984 لـە تورکیـا. رووداوی دووەم دەسـتتێوەردانی سـەربازیی هێزەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانـان بـوو لـە عێـراق لـە 20ی ئـازاری 2003دا. ئـەم دوو راسـتییە بـە کاریگـەری دانـان و هاندانـی یەکتـر، دۆخـی ئەمڕۆیـان خوڵقانـدووە.

لـە ئەنجامـی دەسـتتێوەردانی سـەربازیدا لـە عێـراق، رژێمـی سـەدام حوسـێن لەناوچـوو، پارتـی بەعـس و دەزگای هەواڵگـری و سـوپا هەڵوەشـانەوە و چەکـە کۆکـوژەکان لەنێوبـران. کاتێـک ئـەو هەڕەشـە گەورانـە نەمـان، کـورد چەمکـی عێراقـی فیدراڵـی هێنایـە رۆژهەڤـەوە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هاتـە دامەزرانـدن. ئەمـە سـتاتۆیەکە کـە هەمـوو کـوردی لـە رۆژهـەڵات، رۆژئـاوا، باکـوور، واتـە رۆژهەڵاتـی نزیـک، رۆژهەڵاتـی نیوەڕاسـت، بەتۆپـزی هێناوەتـە پێشـەوە.

سـەدام حوسـێن، بـە بەشـێکی بەرچـاو لـە داهاتـی ئـەو نەوتـەی کـە لـە کوردسـتان دەری دەهێنـا، گازی ژەهـراوی و بۆمـب و فڕۆکـەی جەنگـی و میـن و هتـد، دەکـڕی و رەوانـەی کوردسـتانی دەکـرد. سـووتاندن و کاولـکاری کوردسـتان بـەم شـێوەیە روویـدا. ئەمـڕۆ کـورد و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، لـە ململانێدان بـۆ پاراسـتنی سامانی سرووشـتیی خۆیـان. کوردسـتان ئـاوەدان دەکرێتـەوە. رێگەوبـان، نەخۆشـخانە، قوتابخانـە، بەنـداو، پـرد و هتـد، بنیـات دەنرێـن.

لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا زلهێـزە ئیمپریالییەکانـی ئـەو سـەردەمە لێکدابڕیـن و لەتبـوون و دابەشـبوونی کـورد و کوردسـتانیان مسـۆگەر کردبـوو. ئـەم کارەیـان بـە هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتەکانـی

تـورک، عـەرەب و فـارس لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ئەنجـام دا. دەسـەڵاتی ئیمپریالیـی سـاڵانی سـەرەتای سـەدەی 21 کـە ئەمریـکا بـوو، بـە نەدانـی پێگەیـەک بـە کـورد پێشـێلکارییەکی زۆر گرنگـی لـەم دۆخـەی ئێسـتادا کـرد. پێویسـتە ئەمـەش وەک یەکێـک لـە گاڵتەجاڕییەکانـی مێـژوو لێـک بدرێتـەوە.

* * *

ئـەو دەقـەی لـە سـاڵی 1983 بەکارهاتـووە، لـە چاپـی کانوونـی یەکەمـی 1992یشـدا بەکارهێنـدراوە. ئەمـڕۆش هەمـان دەق بەکاردەهێندرێـت. وەقفـی ئیسـماعیل بێشـکچی (IBV) و ئەحمـەد ئوێنـال لـە دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی رۆنـی، هـەوڵ و هاندانـی زۆریـان هەبـوو لـە چاپـی نوێـی کتێبـی (نامـە بـۆ یونسـکۆ) لـە سـاڵی 2013دا. سوپاسـی کارمەندانـی وەقـف و دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی رۆنـی دەکـەم.

**ئیسماعیل بێشکچی**

نیسانی 2013

# ڕێز بۆ ئیسماعیل بێشکچی [2]

ئیسـماعیل بێشـکچی کـە یەکێـک لـە زانـا دەگمەنەکانـی پێگەیشـتووی تورکیایـە، لـە زیندانەکانـی چاناککالەدایـە. تاوانـی ئەوەیـە کـە مرۆڤێکـی دیموکـرات و ڕۆشـنبیرە و سـازش لەسـەر بیرکردنەوەکانی نـاکات و بەرگری لـە زانسـت، دروسـتی و راسـتی دەکات! دەوڵەتـی تـورک لـە زانسـت و بیـری زانسـتی و تاوتوێکردنـی راسـتییەکان دەترسـێت. دەوڵەتـی تـورک لـە ئیسـماعیل بێشـکچی دەترسـێت. لەبەردەم ئـەو زانایـەدا کـە بیـری راسـت دەخاتـەڕوو، دەلەرزێـت. هـەر بۆیـە مۆڵـەت نادرێـت رووناکـی ببینێـت و لـە زیندانێکـەوە بـۆ زیندانێکـی دیکـە دەگوازرێتـەوە و سـزا لـە دوای سـزای بەسـەردا دەسـەپێندرێت.

بێشـکچی لـە زینداندایـە، بـەڵام هزرەکانـی ئـەو لـە دەرەوە، لەبـەر ڕۆشـنایی هەتـاودا لـە دەسـتێکەوە بـۆ دەسـتێکی دیکـە دەپەڕنـەوە و لـە زمانێکـەوە دەگەنـە زمانێکـی دیکـە. رق و تووڕەیـی دەوڵەتـی تـورک و زیندانەکانـی دەسـەڵاتی سـەربازی بەشـی کوژاندنـەوەی ئـەو رووناکییـەی نەکـرد کـە بێشـکچی هەڵیگرتبـوو. نـاوی بێشـکچی وەک ئاڵایەکـی رێـزدار لـە جیهانـدا دەشـەکێتەوە. لـە زانـاوە بـۆ ڕۆژنامەنـووس، لـە نووسـەرەوە بۆ شـاعیر، لە نیگارکێشـەوە بـۆ مۆزیکڤـان، لـە پیاوی ئایینییـەوە بۆ سیاسـەتڤان، هەموو جیهـان بەڕێـزەوە بـاس لـە نـاوی ئیسـماعیل بێشـکچی و بەرهەمەکانـی و خۆڕاگریـی ئـەو دەکـەن. رێکخـراوی لێبووردنـی نێودەوڵەتی ئەوی خسـتە ژێر باڵـی پاراسـتنی خۆیەوە. یەکێتیـی نووسـەران، بێشـکچی وەک یەکێـک لـەو پێنـج نووسـەرە نـاوزەد کـرد کـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان زۆرتریـن ئازاریـان

(2) - ئـەم بابەتـە لـە چاپـی یەکەمـدا هاتـووە کـە نیسـانی سـاڵی 1983 لەلایـەن دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی "دەنگـی کۆمـەڵ"ەوە لـە سـتۆکهۆلم ئەنجـام درا.

چێشـتووە. سـەدان خۆپیشـاندانی نارەزایـی و لێـدوان و بابـەت لەسـەر بێشـکچی نووسـراون. هـەزاران تەلەگرامـی نارەزایـی نێـردراون.
بێشـکچی کۆمەڵناسـە و بـواری بایـەخ پێـدان لای ئـەو تورکیـای سـەردەمی کۆمـاری و سیاسـەتی دەوڵەتـی تورکیایـە سـەبارەت بـە کوردسـتان؛ وەک رۆڵـی زانکۆکانـی تورکیـا، دەوروبـەرە زانسـتییەکان، ئۆرگانەکانـی راگەیاندن، ئامرازەکانـی دیکـەی راگەیاندنـی جەمـاوەری، پەرلەمـان و ئۆرگانەکانـی دادوەری و هتـد، کـە لـە دارشـتن و جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەدا ئـەو ئەرکانـەی رایدەپەرێنـن. بێشـکچی بـە راسـتی و بەڵگەنامـە ئاشـکرای دەکات کـە ئـەو دامـەزراوە و ئۆرگانانـەی لـە سـەرەوە باسـکراون و ئـەو کارمەندانـەی کاریـان تێـدا دەکـەن، بەگشـتی دارێـژەر و بڵاوکـەرەوەی سیاسـەتی دەوڵەتـی تورکـن لەمـەر کوردسـتان. ئاشـکرای دەکات کـە چەندیـن دەزگا یـان کەسـی دیموکـرات و سۆسیالیسـت لـەو ئاسـتەدا دروسـتکەر و بڵاوکـەرەوە و هەڵگـری خۆبەخشـانەی تیـرۆری دەوڵەتـن.
سـیمای رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتی ئایدۆلۆژیـای فەرمـی دەوڵەتـی تـورک کـە پێـی دەگوترێـت کەمالیزم، بە راسـتی و بـە بەڵگە ئاشـکرا دەکات.
هـەر ئەمەشـە کـە دەوڵەتـی تـورک بەرگـەی ناگرێـت. بـۆ ئەمـەش وەک رێگەیـەک بـۆ دەربازبـوون، هەرەشـەی زیندانیکـردن و سـتەم لە ئیسـماعیل بێشـکچی دەکرێـت، مەیدانـی کاری زانسـتی بەرتەسـک دەکرێتـەوە، دەسـت بەسـەر کەرەسـتەی کار و لێکۆڵینەوەکانیـدا دەگیرێـت و جاروباریـش تاوەکـو سـنووری کوشـتن لەلایـەن پاسـەوانەکانەوە دارکاری دەکرێـت. هـۆکاری هەمـوو ئـەو درندەییـە ئەوەیـە کە نەتوانرا ئیسـماعیل بێشـکچی دابگیرێـت بـۆ ئاسـتێک کـە تێیـدا سـازش لەسـەر بۆچوونەکانـی خـۆی بکات. جگـە لـەوەش، نەتوانـرا رێگـری بکرێـت لـەوەی کە بێشـکچی لەسـەر ئاسـتی جیهـان وەک زانایەکـی سـەنگین قبـووڵ بکرێـت.
ئێسـتایش بێشـکچی سـزای قورسـی بەسـەردا سـەپێندراوە و لـە زیندانـە. دیکتاتۆریـی خوێناویـی ژەنەراڵەکانیـش لـە دەرەوەیـە.
ئـەم بابەتـە لـە چاپـی یەکەمـی دەزگای چـاپ و پەخشـی دەنگـێ کۆمـەل

لـە سـتۆکهۆڵم لـە مانگــی نیسـانی سـاڵی 1983 دەرچـووە. ئـەم دەقـەی دەیخوێننـەوە، نامەیەکـی ڕەخنەگرتنـە لە بڕیارێکی (یونسـکۆ) و ئیسـماعیل بێشـکچی لـە گرتووخانـەی ئەداپـازار نووسـیوێتی، کاتێـک سـزای سـێ سـاڵ زیندانیکردنـی بەسـەردەبرد کـە بەهـۆی کتێبـی (تێـزی مێـژووی تـورک، تیـۆری خۆر-زمـان و پرسـی کـورد)وە بەسـەریدا سـەپێندرابوو. نامەکـە لەگــەڵ هەندێـک ڕەشنووسـی کاری دیکـە و نامـەی تایبەتـی، لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتیـی زیندانـەوە دەسـتی بەسـەردا گیـرا و بێشـکچیش بەهـۆی نامەیەکـەوە کـە بـۆ سـەرۆکی یەکێتـی نووسـەرانی سویسـرای نووسـیبوو و لـە نـاو ئـەو نامانـەدا بـوو، سـزای 10 سـاڵ زیندانـی بەسـەردا سـەپێندرا. ئەم نامە دەستنووسـە 68 لاپەڕەییە کە خراوەتە دۆسـیەی بێشـکچییەوە، نازانیـن ئایـا گەیشـتووەتە یونسـکۆ یـان نـا! لـە کاتـی پرسـیار لێکـردن دا، بێشـکچی بـاس لـەوە دەکات کـە "بیـری لـەوە کردووەتـەوە دوای هەندێـک دەسـت پێداهێنـان و پاکنووسـکردن، بینێرێـت." نازانـم ئایـا کات و دەرفەتـی بـۆ ئـەو کارە هەبـووە یـان نـا، چونکـە جارێکـی دیکـە نەهاتـە دەرێ و لـە زیندانەکانـی دەرسـەڵاتی سـەربازیدا هێڵدرایـەوە. ئـەم دەقـە بڵاوکراوەیـە ئـەو دەستنووسـە ئۆریژناڵـە ڕاسـتنەکراوەیەیە کـە خراوەتـە دۆسـیەی دۆزەکـەوە.

دەقەکـە ڕەخنـە لـە یونسـکۆ دەگرێـت لەپـای ئـەوەی کـە سـاڵی 1981ی وەک "سـاڵی ئەتاتـورک" ڕاگەیانـدووە. دەقەکـە بـاس لـەوە دەکات کـە یونسـکۆ لەبـەر ڕۆشـنیایی چ هۆکارگەلێکـدا بڕیارێکـی لـەو شـێوەیەی داوە. هــەر لــەو سـاڵەدا ژەنەراڵــەکان بــە کودەتایەکـی سـەربازی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی تورکیـان گرتـە دەسـت و دیکتاتۆرییەکـی توندیـان سـەپاند. هـەر لەبـەر ئـەو هـۆکارەش بـە جـۆش و خـرۆش و هەڵایەکـی زۆرەوە "سـاڵی ئەتاتورک"یـان پیـرۆز کـرد و پەیکەریـان چەقانـد و ریـزە کۆبوونەوەیـان سـاز کـرد. ئەتاتـورک کــە نەتـەوەی ئەرمەنسـتانی خسـتە دەرەوەی مێـژوو و یۆنانییەکانـی بـە بێدەوڵەتیـی ئەبـەدی مەحکوم کرد و ڕاسـتەوخۆ بەشـداری لـە دابەشـکردنی کوردسـتان دا کردبـوو، هەمـوو ئـەو تاوانـەی دژ بـە

مرۆڤایەتی لێ داماڵدرا و جارێکی دیکە وەک دەوڵەتمەدارێکی دیموکراسی پێشکەش بە گەلانی جیهان کرا. ئەتاتورک کە ناوی لە ریزی زووحاک، ئیڤانی ترسناک، هیتلەر و مۆسۆلینیدا تۆمار کراوە، یونسکۆ بەشدار بوو لە تاوانی دەرهێنانی ناوی ئەوە لەو ئاستە و پێشاندانی لە تەنیشت دەوڵەتمەدارە هاوچەرخەکانەوە و بەم کارەش خۆی کردە دەمامک بۆ درۆ ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەتی تورک. لەبەرامبەردا چەپی تورکیا دیسان لەم رووبەڕووبوونەوە مێژووییەدا دیار نەبوو. چەپەکان کە زۆر باش دەزانن بەبێ چوونە ناو ئەو رووبەڕووبوونەوە مێژووییە و سەرکەوتن تێیدا بوار بۆ بەدیهاتنی چەمکێک بە ناوی کۆمەڵگەی دێمۆکرات لە تورکیا پێک نایەت، سەرقاڵی دەستەواژە ئەبستراکت و تیۆرییەکانن. "دیموکراتەکان"یش شێرپەنچەی مێشیکان کەمێک گەورەتر بووە و شتێک زیاتر بوون بە کەمالیست. تاکە هەڵوێستی هاوسەنگ لەو رووەوە کە لەم دەقەدا دەیخوێننەوە، لە ئیسماعیل بێشکچییەوە هات. بڵاوبوونەوەی ئەم دەقە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی تورک، بەتایبەتی ژەنەڕاڵە دەست بەخوێنەکان، تووڕە دەکات، بەڵام دەزانین کە گەورەترین هاوکاری بۆ ئیسماعیل بێشکچی راگەیاندنی بیر و بۆچوونەکانی ئەوە بە گەلانی جیهان. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش لە چوارچێوەی (دەنگێ کۆمەل)دا (کتێبخانەی ئیسماعیل بێشکچی)مان دامەزراند. بەرهەمە چاپکراو و چاپ نەکراوەکانی دووبارە چاپ دەکەینەوە. بەپێی هەلومەرجی دارایی و تەکنیکی وەریان دەگێڕین بۆ سەر زمانە جیهانییەکان و بڵاویان دەکەینەوە. ئەمانە هەندێک ئەرکن کە پێویستە ئێمە جێبەجێیان بکەین. بێشکچی بۆ ئێمە مامۆستایەکی بەنرخ، دۆستێکی دڵگەرم، هاوەڵێکی سڵنەکەر و فیداکارە.

سڵاو بۆ بێشکچی

رێز بۆ بێشکچی...

## تێبینیی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یورت - کیتاپ YURT-KITAP

جڤاتی گشتیی ڕێکخراوی زانست و ڕۆشنبیریی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - یونسکۆ، بەهۆی یادی 100 ساڵەی ئەتاتورکەوە، بڕیارێکی دا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ساڵی 1981 وەک "ساڵی ئەتاتورک". لەو سەروبەندەدا بێشکچی بەهۆی کتێبی (تێزی مێژووی تورک، تیۆریی خۆر-زمان و پرسی کورد)ەوە لە زیندانی ساکاریا بەند کرابوو.
ئیسماعیل بێشکچی کاتێک بە بڕیارەکەی جڤاتی گشتیی یونسکۆی زانی، بەوردی خوێندییەوە و تێبینیی تۆمار کرد و پاشان تێبینییەکانی خۆی گۆڕی بۆ نامەیەکی 68 لاپەڕەیی (کانوونی دووەمی 1981). بیری لەوە دەکردەوە دوای دەرچوون لە زیندان نامەکە فراوانتر و قوڵتر بکات و بۆ یونسکۆی بنێرێت، بەڵام لە 23ی شوباتدا بە بڕیارێکی لەناکاو گواسترایەوە بۆ زیندانی کاینارجا. دواتر هەندێک لە کەلوپەل و ئەرشیف و پارچەی ڕۆژنامە و تێبینیی جۆراوجۆری لەنێو جانتایەکدا لە زیندان بەجێهێشت بە خەیاڵی ئەوەی کە "دەتوانم دواتر بیانهێنم". لە پەلامارێکی پشکنیندا لە زیندان "دەست گیرا" بەسەر گشت ئەو کەلوپەلانەدا. بێشکچی کە لە 12ی نیساندا ئازاد کرابوو، لە 19ی حوزەیران سەرلەنوێ دەستبەسەر و دەستگیرکرا. بەهۆی نامەیەکەوە بۆ (یەکێتیی نووسەرانی سویسرا) کە لە نێو کەلوپەلەکانیدا دۆزرابووەوە، بێشکچی تۆمەتبارکرا بە زیانگەیاندن بە نێوبانگی تورکیا لە دەرەوەی وڵات (مادەی 14 لە یاسای سزای تورک).
هەروەها (نامەیەک بۆ یونسکۆ)یش لە دۆسیەی دۆزەکەدا هاتبوو. بەهۆی ئەو نامەیەی کە بۆ یەکێتیی نووسەرانی سوید نووسرابوو، سزای 10 ساڵ زیندانی بەسەر بێشکچیدا سەپێندرا، بەڵام لەکاتی پرۆسەی دادگاییکردندا تەنانەت وەک بەڵگەش ئاماژە بۆ "نامەیەک بۆ یونسکۆ" نەکرا. دەسەڵاتدارانی حکومەتی سەربازی نەیاندەویست

هیچ لەبارەی نامەکەوە ببیسترێت و خوازیار نەبوون کەشێکی گفتوگۆ لەبارەیەوە بێتە ئاراوە.
ئەم نامەیە کە لە "بڕیارەکەی جڤاتی گشتیی یونسکۆ گونجاو نییە" دەکۆڵێتەوە؛ لە دۆسیەی ژمارە 1981/586ی دادگای سەربازیی فەرماندەیی دەریایی و دەسەڵاتی سەربازیی گۆڵجوک وەرگیراوە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1983 لە ستۆکهۆڵم لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی دەنگێ کۆمەل-ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
(نامەیەک بۆ یونسکۆ) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگە لەڕووی بەکارهێنانی ڕێبازی زانستی بۆ ڕووداوێکی بەرجەستە.
لەگەڵ ڕێز بۆ بێشکچی، دۆستایەتی بۆ خوێنەر...

کانوونی یەکەم/1991
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یورت - کیتاپ (YURT-KITAP)

# دەروازە

بڕیاری جڤاتی گشتیی یونسکۆم بە وردی خوێندەوە  کە لە ڕۆژی 27ی تشرینی دووەمی 1978 سەبارەت بە یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی ئەتاتورک دەرچووە. دەمەوێت هەندێک بیرۆکەی خۆم سەبارەت ساڵی 1981 کە یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی ئەتاتورکی تێدا دەکرێتەوە و سەبارەت ئەم بڕیارە روون بکەمەوە.

لە بڕیارەکەدا هاتووە کە ئاتاتورک یەکەمین تێکۆشانی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەست پێ کردووە و بە سەرکەوتنی گەیاندووە. لەوێدا هاتووە: "ئەتاتورک تیشکی خستە سەر گەلانی ستەملێکراو و بندەستی رۆژهەڵات و ئاراستەی رزگاری پێشاندان" .

لە نامەکەدا دەگوترێت: "شەڕی سەربەخۆیی ئەتاتورک تەنیا بۆ نەتەوەی تورک نەبوو. ئامانجی ئەو رێنوێنیکردنی گەلانی ستەملێکراو و کۆیلەی رۆژهەڵات و تیشک خستنەسەریان بوو. ئەو لە دڵەوە دەیویست لە دیلێتی رزگاریان بێت و وەک نەتەوەی ئازاد و سەربەخۆ رێکبخرێن. ئەمە ئامانجی سەرەکی خەباتی ئەو بوو لە دژی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم".

هەروەها جەخت لەوە کراوەتەوە کە "ئەتاتورک ئەو ئامانجەی بەدەست هێناوە. گەلانی دیل و کۆیلەی دونیا، نەتەوە ستەملێکراوەکان، بەو رووناکی و هۆشیارییەی لە ئەتاتورکەوە وەریانگرتووە، یەک بە یەک ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە.

یونسکۆ رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و ئامانجی دەستەبەرکردنی سەروەریی دادپەروەری و یاسا و ئازادییەکانی ژیانی دیموکراسییە لە رێگەی پەروەردە و زانست و رۆشنبیرییەوە. هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ماف

و ئازادییەکانی مرۆڤ و چەمکی یەکسانیی نەتەوەکان. تێدەکۆشێت ئەم پرەنسیپانە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکاندا زاڵ بێت. هەوڵی زۆر دەدات ئەم پرەنسیپە لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریدا باڵادەست بێت. گرنگە کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەرامبەر کۆمەڵگەی سیاسیدا دابمەزرێندرێت و ئەم پێکهاتەیە بەهێز بکرێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت ژیانی ناوەوەی مرۆڤەکان دەوڵەمەند بکرێت، مافەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکان لەبەرامبەر کۆمەڵگەی سیاسی، واتە لەبەرامبەر دەوڵەتدا بپارێزرێن و پەرەیان پێ بدرێت.

وەلێ ئەو پێشنیازانەی کە لە بڕیارەکەی یونسکۆدا بە بۆنەی سەد ساڵەی لەدایکبوونی ئەتاتورکەوە خراونەتە ڕوو، پێشنیازی زانستی نین، بەڵکو هەڵگری ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژین. ئەوە قبووڵکردنی ئایدۆلۆژیای فەرمی، واتە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی تورکە کە لەسەر بنەمای درۆ بنیات نراوە. بۆیە لەم ڕووەوە لەلایەن واقیعی بەرجەستە و ژیانی تێدا ژیاوەوە پووچەڵ و ڕەت دەکرێنەوە. بێگومان ئەمە هاودژییەکی قووڵە بۆ یونسکۆ کە ئامانجی بەدیهێنانی ئایدیالی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە ڕێگەی پەروەردە و زانست و کولتوورەوە. بۆیە تاوتوێکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم دۆخە کارێکی بەسوود دەبێت.

لە جیهاندا کەسانێک هەن کاریگەریی قووڵیان بەسەر مێژووی هەر ناوچەیەک، نەتەوەیەک یان دەوڵەتێکەوە هەبووە. دەشێت ئەمانە سەرباز، سیاسەتمەدار، سەرکردەی حزب، سەرۆکی دەوڵەت، سەرکردەی گەریلا و هتد، بن. بێگومان مێژوو هەڵسەنگاندنی دروست دەربارەی ئەو کەسانە دەکات. بۆ ئەوەش لەپاڵ بیر و بۆچوونی ئەو کەسانەدا، ناوەڕۆکی کار و کردەوەکانیشیان لەبەرچاودەگرێت. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو کاتیگۆرییە، ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی تەندروست و هەمیشەیی و زانستی ئەنجام بدرێت.

ئەتاتورکیش یەکێک لەو کەسانەیە و لە نزیکەوە کاریگەریی لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە. لە نزیکەوە باندۆری بەسەر

مێـژووی نەتـەوەی تـورک، نەتـەوەی کـورد، دەوڵەتـی تـورک، دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەک ئێـران، عێـراق و سـووریاوە هەبـووە. بـە تێپەڕبوونـی کات کاریگـەری بەسـەر مێـژووی جیهانـەوە هەبـووە. بێگومـان لـە کاتـی هەڵسـەنگاندنی ئەتاتورکـدا ناکرێـت تەنیـا بیرکردنـەوە و نووسـین و وتارەکانـی لەبەرچـاو بگیرێـت. ئەمـە بـەس نییـە. چەنـدە بـەس نییـە، ئەوەنـدەش هەڵەیـە.

هەروەها تێگەیشتنێکی لەو شـێوەیە دوورە لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و پەیوەنـدی نێـوان ڕاسـتییەکان. گرنـگ ئەوەیـە لـە ناوەڕۆکـی کارەکانـی ئەتاتـورک بکۆڵدرێتـەوە. لـەو حاڵەتـەدا پێویسـتە نووسـین و قسـەکانی ئەتاتـورک، واتـە بیرکردنەوەکانـی، پێکـەوە لەگـەڵ کردارەکانیـدا لەبەرچـاو بگیرێـن. پێویسـتە پێکـەوەش هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بکرێـت.

گرنگترین چالاکیی ئەتاتـورک شـەڕی ساڵانی 1922-1919 بوو، ئـەو پارتەیە کـە دایمەزرانـد (فیرقـەی کۆماریـی گـەل) و هەروەهـا دەوڵەتـی کۆمـاری تورکیایـە کـە بەشـدارییەکی زۆری لـە دامەزراندنیـدا کـردووە. کـردەوە و بیرکردنەوەکانـی ئەتاتـورک پێویسـتە بەگشـتی لەبەرچـاو بگیرێـن. ئێمـە لەم بابەتـەدا بەتایبەتـی ئـاوڕ لـە پرسـی کوردسـتان دەدەینـەوە. بـە واتایەکـی دیکـە، لـە کڵاوڕۆژنـەی پرسـی کوردسـتانەوە هـزر و کردارەکانـی ئەتاتـورک هەڵدەسـەنگێنین. لـە کاتـی شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی ناوەڕۆکـی بیـر و کردەوەکانیـدا، ڕاسـتیی نەتـەوەی کـورد و ڕاسـتیی کوردسـتان وەک فاکتـەری بنەڕەتـی دەخەینـە پێـش چاومـان. بەکورتـی، بیروڕاکانـی ئەتاتورک لـە سـۆنگەی کردارەکانییـەوە دەرهـەق بـە کوردسـتان هەڵدەسـەنگێنین.

# ا. دابەشکردنی کوردستان

## تووشبوون بە دابەشکردنی ئیمپریالیستی

### جێبەجێکردنی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ ببە
### دژ بە نەتەوەی کورد و ئەتاتورک

ئەتاتورک لە مانگی ئاداری ساڵی 1933دا وا دەڵێت:

"... سـەیری ئـەو خـۆرە بکـەن کـە ئێسـتا لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەڵدێـت. وەک چـۆن ئەمـڕۆ هەڵاتنـی خـۆر لە ئاسـۆدا دەبینم، لـە دوور، هۆشـیاربوونەوەی هەمـوو نەتەوەکانـی ڕۆژهـەڵات دەبینـم. نەتەوەکانـی دیکـەی بـرا زۆرن کە سـەربەخۆیی و ئازادی بەدەسـت دەهێنـن. دووبارە لەدایکبوونـەوەی ئەوان ڕوو لــە پێشــکەوتن و خۆشــگوزەرانی دەبێــت. ئــەم نەتەوانــە ســەرەڕای هەمـوو سـەختی و ئاسـتەنگەکان سـەرکەوتوو دەبـن و بـەو سـەربەخۆییە دەگــەن کــە چاوەڕێیــان دەکات. کۆلۆنیالیــزم و ئیمپریالیــزم لەســەر ڕووی زەوی نامێنێـت و سـەردەمێکی نوێـی هاوئاهەنگـی و هـاوکاری جێگـەی دەگرێتـەوە کـە جیاوازییەکانـی ڕەنـگ و ئایینـی و ڕەگـەز لەبەرچـاو ناگرێـت."

کاتێـک تەماشـای ئـەو بیرکردنەوانە دەکرێـت، دەتوانرێت بەئاسـانی بگوترێت کـە ئەتاتـورک دژی ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیـزم بـووە. ئەتاتـورک جەخت لەوە دەکاتـەوە کـە هەمـوو نەتـەوە چەوسـاوەکان لـە ڕۆژهـەڵات، لـە جیهانـدا، نەتـەوە وابەسـتە و کۆیلـە و دیلـەکان بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی خۆیـان دەگـەن. جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کە لـە دڵەوە پشـتیوانی لـە چالاکییەکانی

ئـازادی و سـەربەخۆیی ئـەو نەتەوانـە دەکات و دەڵێـت: "ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیـزم لەنـاو دەبرێـن، جیـاوازی ئاییـن و ڕەگـەز و زمـان و ڕەنگـی نێوان مـرۆڤ و نەتـەوەکان نامێنێت."
ئـەم بیرکردنەوانـە بـەس نیـن بـۆ تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندنی ئەتاتـورک. ئەتاتـورک بەتەنیـا لـەم بیرکردنەوانـە پێـک نەهاتـووە. ئەو کرداریشـی هەیە. پێویسـت دەکات ناوەڕۆکـی ئـەو کـردارەش تێبگەیـن و هەڵیبسـەنگێنین. کەواتـە گرنگـە لـە کردارەکـەش تێبگەیـن و ڕوونـی بکەینـەوە.
لـە سـەردەمی جەنگـی جیهانیـی یەکەمـدا و لـە کۆتایـی جەنگـدا ڕووداوی زۆر گرنـگ کـە پەیوەندییـان بـە پرسـی کوردسـتانەوە هەبـوو، ڕوویـان دا. دابەشـکردن و پارچەکردنـی کوردسـتان یەکێـک لـەو ڕووداوە گرنگانەیـە کـە لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕووی دا و کاریگـەری بەسـەر ڕۆژگاری ئەمڕۆمانـەوە هەیـە. تەنانـەت ئەمـە سـەرتۆپی ڕووداوەکانـە. جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پـەرت بکـە و زاڵ ببـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد و دابەشـکردنی کوردسـتان لەلایـەن ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیزمـەوە قۆناغێکـی زۆر گرنگـە لە مێـژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. زەوتکردنـی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی نەتـەوەی کـورد و مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی ئـازاد و سـەربەخۆ، یەکێـک لـە راسـتییە سیاسـییە گرنگەکانـی مێـژووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە کـە بانـدۆری لەسـەر ڕۆژگاری ئەمڕۆمـان دانـاوە. هەوڵـی دابڕاندنـی نەتـەوەی کـورد بـە کێڵگـەی میـن و تەلـی دڕکاوی و بـورج و قوولـەی چاودێـری لـە یەکـدی، پاراسـتن و درێژەپێدانـی ئـەو سـتاتۆیە بـە سـوپای پـڕ چـەک یەکێـک لـە دیـارە هـەردە گرنگەکانـی ئـەم سـەردەمەیە.
جێبەجێکردنی دابەشبوونی ئیمپریالیستی کوردستان و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ ببـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد، بێگومـان کاری دەوڵەتە ئیمپریالیسـتی و کۆلۆنیالیسـتەکانی ئـەو سـەردەمەیە. ئامانـج لە پەیماننامەی سـایس-پیکۆ کـە سـاڵی 1915 لـە نێـوان ئینگلتـەرا و فەرەنسـا و ڕووسـیای قەیسـەریدا ئەنجـام درا و ڕێککەوتنەکانـی دیکـە، دابەشـکردنی خاکـی نـاو سـنووری

ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی بــوو. لــەو نێوەنــدەدا خاکــی کوردســتانیش دابـەش کـرا. لـەدوای شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1917، بەلشـەفییەکان لـەو پەیماننامـە نهێنییـە کشـانەوە. دەرەنجامێکی گرنگی دیکەی شۆڕشـی ئۆکتۆبــەر ئەوەیــە کــە لــە بنەڕەتــەوە گۆڕانــکاری بەســەر هاوســەنگی سیاســی لــە جیهــان و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا هــات. بیــری سیاســی سۆسیالیسـتی دەسـەڵاتی گرتبووە دەسـت. ئەمانەش فاکتەرگەلێکی نوێ بـوون کـە کاریگەرییـان لەسـەر پەیوەندییـە سیاسـییەکان لـە جیهانـدا دانـا. لەلایەکـی دیکـەوە، پرۆسـەی کارلێکی نێوان ئیمپریالیزمـی ڕۆژئاوا و جیهانی سۆسیالیسـتی ئەنجامێکی بەرهەمهێنا کە بوونی دەوڵەتێکـی تورکی وەک درێژەپێـدەری ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانی لـە ئەنادۆڵـدا بـە پێویسـت زانـرا. ئەمـەش پـەرەی زیاتـری بـە چالاکییـە سیاسـییە تازەکـە دا. بـەم شـێوەیە، ئـەم پێکهاتـە سیاسـییە کـە درێژەپێـدەری ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانی بـوو، لـە ڕەخسـاندنی دەرفەتـی مانـۆڕی بەرچـاو لە نێـوان ڕۆژئاوای ئیمپریالیسـت (ئینگلتـەرا، فەرەنسـا، ئیتالیـا و هتـد) و بەلشـەفییەکاندا سـەرکەوتوو بوو. دابەشــکردن و پارچەکردنــی کوردســتان و تووشــبوونی کوردســتان بــە دابەشـکردن لەلایـەن ئیمپریالیسـتەوە و جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پـەرت بکـە و زاڵ ببـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد گرنگتریـن ڕووداوە لـەو پرۆسـەیەدا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کــە دەتوانیــن چاودێــری بکەیــن. کێشــەیەکی دیکـەی گرنـگ، کەمبوونـەوەی ژمـارەی دانیشـتوانی ئەرمەنـە لـە ڕێگـەی کوشـتنی بەکۆمـەڵ و دیپۆرتکردنـەوە.

ململانێی دابەشـبوونی ئیمپریالیسـتی لەسـەر کوردسـتان لە سـاڵانی 1915 تـا 1925 رووی دا. بێگومـان ڕەگ و ریشـەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نۆزدەیـەم و تەنانـەت سـەتەکانی پێشـووتر، بـەڵام بەتایبەتـی پێویسـتە لـە سـاڵانی 1923-1919 بکۆڵدرێتەوە. هاوکارانی ئیمپریالیسـتە رۆژئاواییەکانی وەک ئینگلتـەرا و فەرەنسـا لـەو بـوارەدا کەمالیسـتەکانن. وەک دەزانرێـت خاکــە عەرەبییەکانــی وەک عێــراق، ســووریا، ســعودیە، یەمــەن، لوبنــان، فەلەسـتین، میسـر، لیبیـا، تونـس و جەزائیـر پێـش جەنگـی جیهانیـی یەکـەم

لـە سـنووری ئیمپراتۆریی عوسـمانیدا بـوون. خاکی بالکانیـش، وەک ئەلبانیا، بوولگاریـا، یۆنـان، بۆسـنە-هەرزەگۆڤینا، ئەفلاک-بۆگـدان [3] لـە سـنووری ئیمپراتـۆریـی عوسـمانیدا بـوون. کەمالیسـتەکان لـە دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم داوای هیـچ مافێکیـان لـەو زەوییانـە نەکـرد. نەیانگـوت: "ئـەم خاکـە موڵکـی باوباپیرانمانـە"، «باوباپیرانمـان لەسـەر ئـەم خاکـە ئەسـپیان تـاو داوە"، "ئـەم خاکـە بـە خوێنـی باوباپیرانمـان ئـاو دراوە" و شـتی لـەو بابەتـە. تەنانـەت ئەدەبیاتـی "ئـەم گەلانـە کـە چەندیـن سـەدە برایانـە لەگەڵیـان ژیاویـن، خوشـک و بـرای ئاییـنیمانن"یشـیان نەهێنایە گـۆڕێ. ئەوان بەئاسـانی لەسـەر خاکـی عـەرەب لەگـەڵ ئیمپریالیسـتە رۆژئاواییەکانـی وەک بەریتانیا و فەرەنسـا رێـک کەوتـن. لـە باڵکانیـش، خەبـات بـۆ سـەربەخۆیی و ئـازادی لـە دژی ئیمپراتۆریـی عوسـمانی، پێشـتر سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنابـوو. نەتەوەکانـی باڵـکان بـە بەزاندنـی دەسـەڵاتی عوسـمانی و شـکاندنی کـۆت و بەنـدەکان لـە خەباتـی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی خۆیانـدا سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنابـوو. کەمالیسـتەکانیش ئـەم دۆخـە دیفاکتۆیەیـان پەسـەند کرد. کەمالیسـتەکان لە بابەتێکی دیکەدا لەگەڵ ئینگلتەرا لە رێککەوتنێکی چڕتـردا بـوون سـەبارەت بـە خەلافـەت. ئینگلتـەرا دەیویسـت خەلافـەت لـە تورکـەکان وەربگرێـت و بیداتـە عـەرەب. لـە بەرامبـەردا مسـتەفا کەمـال بیـری لـەوە دەکـردەوە خەلیفـە دوور بخاتـەوە بـۆ دەرەوەی وڵات . ئـەو بیـری لـەوە دەکـردەوە دامـەزراوەی خەلافـەت لـە ژیانـی سیاسـی تورکیـا دوور بخاتـەوە. جگـە لـەوەش، کۆمەڵێـک بۆچوونـی هاوبـەش سـەبارەت بـە ئەنـوەر پاشـا[4] و کۆمەڵـەی یەکێتـی و پێشـکەوتن[5] لـە ئـارادا هەبوون. پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، بەشـێکی زۆری خاکـی کوردسـتان و هەروەها

(3) - ئەفـلاک لـەم سـەردەمەدا دەڤەرێکـی سـەر بـە بوخارێسـتی پایتەختـی رۆمانیایـە. بۆگدانیـش دەڤەرێکـە لە باکـووری ئەفـلاک (وەرگێڕ).

(4) - ئیسـماعیل ئەنـوەر پاشـا (1922-1881) فەرماندەیەکـی سـەربازی و سیاسـەتمەدارێکی کاریگـەری دەورانی کۆتایـی ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانی و یەکێـک لـە سـەرکردە دیارەکانـی کۆمەڵـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی بوو.

(5) - بـە تورکـی (إتحـاد وترقـی جمعیتـی)، بزووتنـەوە و پارتێکـی سیاسـی بوو لـە 21ی گوڵانـی 1889 دامەزرێندرا و لـە دەورانـی کۆتایـی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا، بەتایبەتـی لـە سـاڵانی 1918-1908دا لـە بواری سیاسـەتدا چالاک بوو.

بەشێکی زۆری خاکی ئەرمینیا لە سنووری ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بەڵام کەمالیستەکان لە کاتێکدا بانگەشەی هیچ مافێکیان لە نیمچە دوورگەی بالکان و خاکی عەرەبدا نەدەکرد، لەسەر خاکی کوردستان و ئەرمەنستان سازشیان نەدەکرد و دەیانگوت: "ئەم خاکە موڵکی باوباپیرانمانە"، «باوباپیرانمان لەسەر ئەم خاکە ئەسپیان تاو داوە"، "ئەم خاکە بە خوێنی باوباپیرانمان ئاو دراوە"." بە میرات لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە". ئەدەبیاتی "ئەم گەلانە کە چەندین سەدە برایانە لەگەڵیان ژیاوین، خوشک و برای ئایینیمانن"یان دەهێنایە گۆڕێ. بەریتانیا و فەرەنسا لە نزیکەوە ئاگاداری سامانی نەوتی کوردستان بوون و نەیاندەویست کەمالیستەکان دەست بەسەر ئەو سامانەدا بگرن. بەو جۆرە کەمالیستەکان لەژێر پەردەی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسیدا خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی پشکێکی گرنگ لە کوردستان دەست پێ کرد، دژایەتیی داخوازییە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی نەتەوەی کوردیان دەکرد، ئەوانیان پشتگوێ خست و بۆ لەباردبردنی ئەو داخوازانە هاوکارییان کرد.
بەڵام لە کۆتایی ساڵی 1918ەوە، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی زۆر گرنگ بەڕێوەدەچوو. کورد لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەییدا بوو، بەڵام چالاکییە بە ناوەڕۆک نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی کورد لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نوقمی خوێن کرا. لە باشووری کوردستان، کورد دەیویست بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود قەوارەیەکی ناوەندی و سەربەخۆ پێک بهێنێت. لە بەرامبەردا بەریتانیا بەتووندی دژی خواستی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و مافی دامەزراندنی دەوڵەت وەستایەوە و هەوڵیدەدا زۆرینەی نەتەوەی کورد بە شانشینی تازە دامەزرێندراوی عێراقەوە، کە منداتی بەریتانیا بوو، ببەستێتەوە. کەمالیستەکانیش بە پێداگرتنەوە کوردستان و دەڤەرە نەوتییەکانی کەرکووک و موسڵیان دەویست.
لە ساڵانی شەڕدا کەمالیستەکان دەیانگوت کورد و تورک بران.

دەیانگــوت دوای ســەرکەوتنی خەبــات، کوردیــش مافــە نەتەوەییەکانــی خــۆی بەدەســت دەهێنێــت. ئــەوان بــە لێزانــی ناکۆکیــی نێــوان موســڵمان و مەســیحییان بەکاردەهێنــا و بــە گوتنــی "ئــەوان کوردســتان دەکەنــە ئەرمەنســتان" هەڕەشــەیان لــە کــورد دەکــرد. ئــەوان بــەو قســەیە لەلایەک ئیمپریالیســتەکانی ڕۆژئاوایــان تاوانبــار دەکرد و لەلایەکی دیکە، دەیانویســت ناکۆکــی لــە نێوان ئەرمەن و کورد دا بخوڵقێنــن و قووڵتری بکەن. لەلایەکی دیکــەش، هەوڵیــان دەدا کــورد بــەلای خۆیانــدا ڕابکێشــن. ئــەوان دەقاودەق سیاســەتی ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی و سیاســەتی پێشــووی عوســمانییان پەیــڕەو دەکــرد. دژی خواســتی کــورد بــوون بــۆ ئــازادی و ســەربەخۆیی و، خراپــەکار و بەحیســاب بــوون. داواکارییەکانــی کوردیــان پشــتگوێ خســت و هەوڵیــان دەدا دوای بەدەســتهێنانی ماوەیەکــی دیاریکــراو، لەباریــان ببــەن. شــایانی ســەرنجە کەمالیســتەکان لــە کاتێکــدا بانگەشــەی هەبوونــی هیــچ مافێکیــان لــە خاکــی عــەرەب و بالکانــدا نەدەکــرد، پەیوەســت بــوون بــە خاکــی کوردســتان و ئەرمەنســتانەوە. هەوڵــی کەمالیســتەکان بــۆ مــل پــێ کەچکردنــی نەتــەوەی کــورد و کوردســتان، یەکێــک لــە پرۆســە سیاســییە گرنگەکانــە کــە دەتوانرێت لە مــاوەی ســاڵانی 1923-1919دا بەدواداچوونی بــۆ بکرێــت و چاودێــری بکرێــت.

بــراوەی ئــەو ململانێیــەی کــە لــە نێــوان ئیمپریالیســتەکانی ڕۆژئــاوا و کەمالیســتەکاندا بــۆ مــل پــێ کەچکردنــی کوردســتان دەســتی پــێ کــرد، بێگومــان ئەوانــی یەکــەم بــوون، بــەڵام ئەمــە جۆرێــک لــە سازانیشــی لەنێــوان کەمالیســتەکان و ئیمپریالیســت و کۆلۆنیالیســتەکاندا هێنایــە ئــاراوە. ئــەم ســازانە ســەبارەت بــە دابەشــکردنی کوردســتان، زەوتکردنــی مافــی نەتــەوەی کــورد بــۆ دامەزراندنــی دەوڵــەت، نقوومکردنــی مافــە نەتەوەیــی و دیموکراســییەکانی کــورد لــە خوێنــدا، تووشــبوونی کوردســتان بە دابەشــکردنی ئیمپریالیســتییانە، جێبەجێکردنی سیاســەتی پەرتکە و زاڵبە و هەروەهــا ســەبارەت بــە  لەنێوبردنــی تایبەتمەندییەکانــی نەتــەوەی کــورد بــوو.

نەتـەوەی کـورد خوازیـار بـوو ئـازاد و سـەربەخۆ بێـت. نەیدەویسـت بەنـد بکرێت و لـە دیلیـدا بـژی و ببێتـە کۆیلە. لـەو پێناوەشـدا هەمـوو جۆرەکانی خەباتـی تاقـی کـردەوە، بـەڵام ئیمپریالیسـتی رۆژئاوایـی و هاوکارەکانیـان لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کۆلۆنیالیسـتە سـتەمکارەکان بەشـی بـە کۆیلەکردنـی نەتـەوەی کـورد دەسـەڵاتیان هەبـوو. لـەو سـەردەمەدا و لـە هەلومەرجـی سـاڵی 1920دا ئیمپریالیسـت و کۆلۆنیالیسـتەکان خاوەنـی ئـەو هێـز و توانایـە بـوون. دوای بیسـتەکانی سـەدەی رابـردوو، سیاسـەتی ئیمپریالیسـتی و کۆلۆنیالیسـتی قاڵبـی بەدامەزراوەییکردنـی وەرگـرت و تاوەکـو ئەمـڕۆش درێـژەی هەیـە.

سیاسـەتی دابەشـکاریی ئیمپریالیسـتی و کۆلۆنیالیسـتی، پەیکەرەئێسـکی کوردسـتانی شـکاندووە و مێشـکی پژانـدووە. ئامانـج لـە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە تێکدانـی یەکڕیزیـی نێـوان کـورد و باندۆردانـان لەسـەری و لەنێوبردنیەتـی. کـورد بـە تەلـی دڕکاوی و کێڵگـەی مین و قوولـەی چاودێری لـە یەکـدی دابڕێنـدران و، ویسـترا ئـەوان پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکـدی دانەنێن و بەیەکـدی نامـۆ بـن. بەپێـی ئـەو سیاسـەتی دابەشـکردنە، لـە دوای سـاڵانی 1920 باشـووری کوردسـتان کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی ئینگلیزەکانەوە و باشـووری رۆژئاوایـش خرایـە ژێـر دەسـەڵاتی فەرەنسـییەکانەوە. کەمالیسـتەکانیش بەشـەکانی باکووریـان خسـتبووە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیان. بەشـەکانی رۆژهەڵاتیـش لـە نێوەڕاسـتی سـەتەی حەڤدەیەمـەوە لەژێـر دەسـەڵاتی شانشـینی ئێرانـدا بـوون. بـەم جـۆرە کوردسـتان لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا بەسـەر چـوار پارچـەدا دابـەش کـرا و لـەو کاتـە بـەدواوە هـەر بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی و دیموکراسـی لـە هـەر شـوێنێکی کوردسـتاندا گەشـەی کردبێـت، بـە هاوکاریـی ئـەو زلهێـزە ئیمپریالیسـتی و کۆلۆنیالیسـتییانە سـەرکوت کـراوە.

هـاوکات لەگـەڵ دابەشـکردنی نەتـەوەی کـورد و پەرتەوازەکردنـی هێزەکانـی، زۆرجـار کـرداری سـەرکوتکردن و لەنێوبـردن لـە رۆژەڤـدا بـووە. کوردسـتانی ژێر دەسـەڵاتی شانشـینی ئێرانیش بەسـەر دوو بەشـدا دابەش

کرابـوو. یەکێـک لـەو بەشـانە لـەو کاتـەدا لـە چوارچێـوەی خاکـی رووسـیای قەیسـەریدا بـوو و ئێسـتا دەکەوێتـە سـنووری کۆمـاری ئەرمەنسـتانەوە لە چوارچێـوەی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا.

زلهێـزە ئیمپریالیسـتەکانی رۆژئـاوا و تورکیـا لـە سـاڵی 1923 پەیماننامـەی لۆزانیـان واژۆ کـرد. گرنگتریـن تایبەتمەنـدی ئـەم پەیماننامەیـە ئەوەیـە کـە پەیماننامەیەکـی دابەشـکردنی ئیمپریالیسـتییە. سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە بەسـەر کوردسـتان و نەتـەوەی کـورددا سـەپێندرا و لـە رێـی ئـەم پەیماننامەیـەوە بـە کـردەوە خرایـە قاڵبـی یاسـاییبوونەوە و لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی گەرانتـی کـرا.

دوای دامەزراندنـی کۆمـار، بەدڵنیاییـەوە داواکارییەکانـی نەتـەوەی کـورد بۆ ئـازادی سـەرکوت کـران و بوونـی نەتەوەیـی کـورد رەت کرایـەوە. لە کاتێکدا مسـتەفا کەمـال لـە نێـوان سـاڵانی 1922-1919دا دەیگـوت: "کـورد و تورک بـران"، "دوای سـەرکەوتن، کوردیـش دەبێتـە خـاوەن مافی نەتەوەیـی خۆی"، کەمالیسـتەکانی دیکـە کەوتنـە نکۆڵیکـردن لـە بوونـی نەتەوەیـی کـورد و حیسـابی نەبـووی بـۆ دەکـەن و دەڵێـن: "نەتەوەیـەک نییـە بـە نـاوی کـورد. زمانێـک نییـە بـە نـاوی کـوردی"، "کـوردەکان تورکی دانیشـتووی چیـان و ئەو زمانەشـی پێـی دەگوترێـت کـوردی، زاراوەیەکـی تورکییـە". کەمالیسـتەکان هەوڵـدەدەن ئـەو بانگەشـانە بسـەلمێنن. هەمـوو جـۆرە رێکارێـک دەگرنەبـەر و جێبەجێـی دەکـەن بـۆ لەنێوبردنی زمـان و کولتـووری کوردی و نەهێشـتنی تایبەتمەندییـە نەتەوەییەکانی کـورد: پاکتاوکـردن و لەنێوبردن لـە ڕێـی کوشـتنی بەکۆمـەڵ، لـە سـێدارەدان، نـاردن بـۆ تاراوگـەی ناوخۆیی، تاراوگـەی دەرەکـی، ئاسـمیلەکردن و هتـد.

دەوڵـەت؛ چاپەمەنـی، رادیـۆ، پەروەردە-فێرکـردن، کارگێڕیـی گشـتی، ئاییـن و هەمـوو جـۆرە ئامرازێکـی گوشـاری ئایدیۆلـۆژی بـۆ لەنێوبردنـی تایبەتمەندییەکانـی نەتـەوەی کـورد و بەدیهێنانـی ئاسـمیلەکردن بەکاردەهێنێـت. دەوڵـەت هەمـوو جـۆرە گوشـارێکی تۆپـزی و ناچارکـەر لـە دژی ئـەو کەسـانە بەکاردەهێنێـت کـە بەرگـری لـە تایبەتمەندییەکانـی

بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد دەکـەن و خوازیـارن ئازادییەکانـی نەتـەوەی کـورد بپارێـزن. بنکـەی پۆلیـس، ژاندرمـە، سـوپا، دادگا، زینـدان و سـێدارە بـە کاریگەرتریـن شـێوە بەکاردەهێندرێـن. ئـەم رێوشـوێن و کردەوانـەش جگـە لـە کۆیلەکردنـی نەتـەوەی کـورد و کـۆت و زنجیرکردنـی و مـل پـێ کەچکردنـی، هیـچ واتایەکـی دیکـەی نییـە. ئەمـە چڕکردنـەوەی ئـەوە سیاسـەتە کۆلۆنیالیسـتییەیە کە لە سـەردەمی عوسـمانییەکانەوە لە دژی نەتـەوەی کـورد جێبەجـێ دەکرێت. ئەمـە رەفتـاری لەنێوبردنی هەمـوو نرخ و بەهـا مـادی و ماکییەکانی نەتـەوەی کوردە. کردەی داماڵینی کەسـایەتیی کـوردە. رەفتـاری ئەوەیـە کـورد بخرێتـە دۆخـی نەتەوەیەکـەوە کـە شـکۆ و کەرامەتـی لـە دەسـت چووبێـت و وابەسـتە و چەوسـاوە و دیـل و کۆیلـە کرابێـت. رەفتـاری لەبـەرەوە لەنێوبردنـی نەتـەوەی کـورد و سـڕینەوەیەتی لەسـەر لـە زمـان و لـە مێـژوودا.

لێـرەدا مەبەسـت ئـەوە نییـە بەکورتـی یان بـە سـەردێر مێژووی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد بنووسـرێتەوە. مەبەسـت باسـکردنی دابەشـبوونی ئیمپریالیسـتییانەی کوردسـتان و کـردەی پەرتکـە و زاڵبـە و هـۆکار و ئەنجامەکانیشـی نییـە. بەڵکـو ئامانـج هەڵسـەنگاندنی هـزر و کردارەکانـی ئەتاتورکـە پێکـەوە. بـۆ خسـتنەڕووی لایەنێکـی گرنگـی کارەکـە، بـاش دەبێـت هێڵـە سـەرەکییەکانی راسـتییەکان لەبـارەی کوردسـتانەوە بەبیـر بهێندرێنـەوە. ئامـاژە بـەو راسـتییانەی لای سـەرەوە و ئـەم راسـتییانە کـراوە. ئەگـەر وایـە، ئـەوا ئـەو پرسـیارە بنەڕەتیانەی لێـرەدا دەکرێـن، دەبێت بریتـی بـن لـە:

ئەتاتـورک چـۆن دەتوانێـت باسـی ئـازادی و سـەربەخۆیی گەلانـی سـتەملێکراو بـکات لەکاتێکـدا خـۆی توندتریـن رێوشـوێنی سـەرکوتکردنی لەبەرامبـەر راسـتیی نەتـەوەی کـورددا گرتووەتەبـەر و جێبەجێـی کـردووە؟ چـۆن دەتوانرێـت بگوترێـت بـە جـۆش و خرۆشـەوە پشـتیوانی لـە ئـازادی و سـەربەخۆیی ئـەوان کـردووە؟ چـۆن دەتوانرێـت بـاس لـە لەنێوبردنـی کۆلۆنیالیـزم و ئیمپریالیـزم لـە جیهانـدا بکرێـت لـە کاتێکـدا سیاسـەتی

پەرتکـە و زاڵبـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد جێبەجـێ دەکرێـت و لە کوردسـتان سـتەمکارانەترین و کوشـندەترین رەفتـار درێـژەی هەیـە؟ ئەتاتـورک کـە لەپێنـاو دابەشـکردن و پارچەکردنـی کوردسـتان و جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەدا لـە دژی نەتـەوەی کـورد هەمـوو جـۆرە هاوکارییەکـی لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی رۆژئـاوادا کـرد، ئایا دەتوانێـت بڵێـت دژی ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیزمـە؟ ئەتاتـورک کـە هەمـوو جـۆرە ئامرازێکـی دەوڵـەت بـۆ لەنێوبردنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی نەتـەوەی کـورد بەکاردەهێنێـت، چـۆن دەتوانێـت بانگەشـەی ئەوە بکات کە یەکسـانی لەنێوان گـەل و نەتەوەکاندا جێگیـر دەبێـت؟ چـۆن دەتوانێـت جەخـت لـەوە بکاتـەوە کە ئامانجـی ئەویش بەدەسـتهێنانی ئـەو یەکسـانییەیە؟ چـۆن دەتوانێـت دڵنیابێـت لـەوەی کـە جیاوازیـی رەنـگ و زمـان و ئاییـن و رەگەز لەنێودەچێت؟ چـۆن دەتوانێت باس لـە ئازادیـی نەتـەوە سـتەملێکراوەکان بـکات لـە کاتێکـدا خۆی هەمـوو توانا ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی و ئابـووری و سـەربازییەکانی دەوڵەتـی بۆ لەنێوبردنی تایبەتمەندییەکانیانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد بەکارهێنـاوە؟ لـە کاتێکـدا توونـدترین سیاسـەتی سـەرکوتکردن لـە دژی هۆشـیاربوونەوەی نەتـەوەی کورد و دژی خواسـتە نەتەوەیی و دیموکراسـییەکانی پەیڕەو دەکرێت، چۆن دەسـتەواژەی "... وەک چـۆن ئەمـڕۆ هەڵاتنـی خـۆر لـە ئاسـۆدا دەبینـم، لـە دوور، هۆشـیاربوونەوەی هەمـوو نەتەوەکانـی رۆژهەڵات دەبینـم" بە زاریدا دێـت؟ ئەتاتـورک کـە بچووککردنـەوە و پەرتکـردن و بڵاوەپێکردنـی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی کـوردی کـردووە بـە یەکێـک لـە ئامانجـە هـەرە سـەرەکییەکانی خـۆی، چـۆن دەتوانێـت بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە لـە دڵـەوە پشـتیوانی لـە خەباتـی رزگاریخوازیـی نەتـەوە سـتەملێکراوەکان دەکات؟ مسـتەفا کەمـال کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک لەگـەڵ ئیمپریالیـزم هـاوکار بـووە بـۆ لەنێوبردنـی هەبوونـی نەتەوەیـی نەتـەوەی کـورد، چـۆن دەتوانێـت جەخـت لـەوە بکاتـەوە کـە رێگـەی خەباتی نەتـەوە چەوسـاوەکان دژی ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیـزم روونـاک دەکاتـەوە؟

بـا بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە سـاڵی 1933یـش کاتێـک مسـتەفا کەمـال ئـەم

قسـانەی کـردووە، گوشـارێکی زۆر لـە دژی کـورد هەبـوو. کوردسـتان لەلایـەن پشـکێنەرانی گشـتی، واتـە والییەکانـەوە بەڕێـوە دەبـرا. لەلایـەک بانگەشـەی ئـەوە دەکـرا کـە کـورد تورکـە، "تورکـی شـاخ". لەلایەکـی دیکـەش بـە کـردەوە چالاکیـی چـڕی تۆقانـدن و لەنێوبـردن بـەردەوام بـوو. لەژێـر نـاوی "نیشـتەجێکردنی ناچـاری - مەجبـووری ئیسـکان"دا، یاسـای ڕاگواسـتن دانـرا و جێبەجـێ کـرا. کـورد بـە خێـزان و منـداڵ و ژن و پیـاو و گەنـج و پیـرەوە بـۆ دەڤەرەکانـی ڕۆژئـاوای تورکیـا دوورخرانـەوە. گونـد و شـارۆچکەکان چۆڵکـران و چەندیـن عەشـیرەت بەتـەواوی دەربـەدەر کـران. ناوچـەی قەدەخەکـراو پێـک هێنـدران. دەسـەڵاتێکی بـێ کۆنتـرۆڵ لـە کوردسـتان هەبـوو. یاسـای تونجەلی کە سـاڵی 1935 دەرکـرا و خرایە بواری جێبەجێکردنـەوە، باشـترین پێشـاندەری دەسـەڵاتی بـێ کۆنترۆڵـە. بڕگەکانی ئەو یاسـایە سـاڵانی 1937 و 1938 لـە خەباتی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیی کورد لـە دێرسـم جێبەجـێ کـران. هەروەهـا یاسـای "نیشـتەجێکردنی ناچـاری"ی سـاڵی 1934، ژمـارە 2510 دەتوانێـت تایبەتمەندییەکانـی ئـەو قۆناخە دیاری بـکات.

لـەو دۆخـەدا پێویسـتە گرنگـی بـەو بۆچوونانـە بدرێـت کـە ئەتاتـورک لـە وتارەکەیـدا لـە مانگـی ئاداری سـاڵی 1933دا خسـتوونییەتەڕوو. ئێمـە بـە وردی لـە ئاسـت ئـەو بۆچوونانـەدا هەڵوەسـتە دەکەیـن و دەڵێیـن ئـەو پێشـنیازانەی لـەو وتـارەدا خراونەتـەڕوو، زانسـتی نیـن، بەڵکـو ئایدیۆلۆژیـن. هەڵوەسـتەکردن لەسـەر بناخـە و پێکهاتنـی ئـەم ئایدۆلۆژیایـە بـە هێڵـە سـەرەکییەکانییەوە کارێکـی بەسـوود دەبێـت.

## II. خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی کۆماری تورکیا و ئایدۆلۆژیای کەمالیزم

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، لە سنوورەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، تورک، عەرەب، کورد، چەرکەس، ئەلبانی، بوولگاری، یۆنانی، سربی، رۆمانی، لاز، ئەرمەنی و هتد، پێکەوە دەژیان. لەم رووەوە ئیمپراتۆریی عوسمانی پێکهاتەیەکی سیاسی کۆزمۆپۆلیتی هەبوو. لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەلانی دانیشتووی بالکان لە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەستیان کرد بە تێکۆشان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و لە ئاکامدا بە سەرکەوتن کۆتاییان بە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی خۆیان هێنا و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراندن. یۆنانی، بوولگاری، سربی، رۆمانییەکان و ئەوانی دیکە لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەریەکەیان قەوارەی سیاسیی سەربەخۆی بەدەست هێنا. عەرەبەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەم دا لە ئیمپراتۆرییەکە جیا بوونەوە. ئەلبانەکانیش پێش ئەو شەڕە لە ئیمپراتۆرییەکە جیا ببوونەوە. عەرەبەکان چەند دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیزمییان لە ژێر ناوی "منداتی بەریتانی" و "منداتی فەرەنسی"دا دامەزراندن. لەو سەروبەندەدا کوردیش دەستی بە خەباتی ئازادیی کرد، بەڵام خواستی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی و هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لەلایەن ئیمپریالیزمی رۆژئاواوە لە خوێندا نوقم کرا. حکومەتی کەمالیستەکان گرنگترین هاوکاری ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بوو لەو پرۆسەیەدا. بەو شێوەیە، کوردستان دابەش و پارچە پارچە کرا و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە لە دژی نەتەوەی کورد جێبەجێ کرا. لە ئاکامدا زۆرینەی کوردستان و نەتەوەی کورد کەوتنە ناو سنوورەکانی کۆماری تورکیاوە و دەوڵەتی نوێی تورک پشکێکی زۆری لە کوردستان بەرکەوت. ئەم دەوڵەتە لە ئەنجامی شەڕەکانی تورکیا-یۆنان و تورکیا-ئەرمەنی کە لە ساڵانی 1919-1922 روویان دا و لە ئاکامی سەرکوتکردنی

خواستەکانی کورد دا بۆ ئازادی، سەرلەنوێ رێک خرایەوە. دەوڵەتی نوێ وەک درێژەپێدەری ئیمپراتۆریی عوسمانی رێک خرایەوە، بەڵام ئەو رێکخستنەوەیە لەسەر بنەمای "ناسیۆنالیزمی تورک" بوو. لەوە بەدواوە دەگوترا دەوڵەتی تورک دەوڵەتێکی "نەتەوەیی"یە و هەرکەسێک لە سنوورەکانی کۆماری تورکیادا دەژی، تورکە.

لە رۆژانی کۆتایی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، یەکێک لەو بۆچوونانەی بۆ رزگارکردنی ئیمپراتۆری خرایەڕوو، "تورکایەتی" بوو. دوو رەوتەکەی دیکە، واتە ئیسلامیزم و عوسمانیزم، سەرکەوتوو نەبوون. بزووتنەوەی تورکیزم پێشنیازی دەکرد ئیمپراتۆرییەکە بە سەرکردایەتی نەتەوەی تورک و بە دەوروبەری تورکدا رێک بخرێتەوە. لە بارودۆخی ساڵانی 1920ی سەدەی رابردووشدا تێگەیشتن لە تورکیزم لە رووی جوگرافییەوە بە "میساقی میللی" سنووردار کرابوو.

جا خاڵی سەرەکی بابەتەکەمان بە ئێرەوە گرێدراوە. ژمارەیەکی زۆر نەتەوە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا دەژیان. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو دەگوترا ئیمپراتۆرییەت پێکهاتەیەکی سیاسیی کۆزمۆپۆلیتی هەیە. لە دەوڵەتی کۆماری تورکیاشدا کە بە درێژەپێدەری ئیمپراتۆریی عوسمانی دادەنرا، بەلایەنی کەمەوە دوو نەتەوە دەژیان: تورک و کورد. سەرەڕای ئەمەش، بانگەشەی ئەوە دەکرا کە "دەوڵەتی نوێی تورکیا دەوڵەتێکی نەتەوەییە. جگە لە تورک، هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە". بێگومان جگە لە کورد، نەتەوەی دیکەش هەبوون. ئەرمەنی هەبوون، هەرچەندە ساڵی 1915 لەلایەن ئیتحاد و تەرەقییەوە بە کوشتن و دەربەدەرکردن ژمارەیان کەم کرابووەوە. لاز هەبوون. چەرکەس هەبوون کە هەرێمێکی دەستنیشانکراویان نەبوو، بەڵام بە پەرش و بڵاوی لە ئەنادۆڵ و کوردستان دەژیان. گرنگترینی ئەوانە بێگومان کورد بوون. کورد دانیشتووانی زۆر بوو و هەروەها لە زێدی خۆی، لە هەرێمێکی دیاریکراو، واتە لە کوردستان دەژیا. جگە لەوە، درێژکراوەی ئەو هەرێمە لە ئێران و عێراق و سووریایش هەر کوردستان

بـوو. کەواتـە، ئێمـە لێـرەدا لەگـەڵ واقیعێکـی کۆمەڵناسـیدا رووبەڕوویـن. ئـەم راسـتییە کۆمەڵناسـییە راسـتیی نەتـەوەی کـوردە. ئەتاتورکیـش لەگـەڵ چارەسـەری دیموکراسـیانەی ئـەم پرسـەدا نەبـوو. بەڵکـو لەگـەڵ ئـەوەدا بـوو لـە رێگـەی گوشـار و هێـز و توونـدوتیـژی و سـتەم و زیندانـەوە چارەسـەر بکرێـت و لایەنگـری ئـەوە بـوو ئـەو چالاکییانـە بـە ئایدۆلۆژیایەکـی شـەرعیەت پێـدراو چارەسـەر بکرێـن. لـە هەمـوو دۆخێکـدا عەقڵییەتێـک لەگـەڵ ئیمپریالیزمـی رۆژئـاوادا کوردسـتانی دابـەش کردبێـت و لـە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەدا لـە دژی نەتـەوەی کـورد بەشـدار بووبێـت، ناکرێـت رێگـەی دیموکراسـی تاقـی بکاتـەوە.

یەکـەم جـار لـە دەسـتووری سـاڵی 1924دا دەبینیـن راسـتیی نەتـەوەی کـورد وەک پرسـێکی کۆمەڵناسـی و سیاسـی بـە رێگـەی ئایدۆلـۆژی چارەسـەر دەکرێـت. بێگومـان بـە رێگـەی سـەربازی پشـتیوانی لـەو چارەسـەرە ئایدۆلۆژییـە دەکرێـت. بەپێـی دەسـتووری سـاڵی 1924، هەرکەسـێک لـە سـنووری کۆمـاری تورکیـادا دەژی، تورکـە و بـە تورکبوونی بەختـەوەرە. هـەر لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بڕگەیـەدا "دەوڵەتـی تورکیا بـە وڵات و نەتەوەکەیـەوە، کۆیەکـی دابـەش نەکـراوە."[6] بەوشـێوەیە هەوڵدەدرێت پرسـێکی کۆمەڵناسـی و سیاسـی بـە بڕگـە دەسـتوورییەکان چارەسـەر بکرێـت. ئامانـج ئەوەیـە بـەو بڕگانـە دۆخـی راسـتەقینە، واتـە ژیانـی مـادی بگۆڕدرێـت. دەسـت دەکرێـت بـە هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە. بەپێـی هەمـووان تورکـن، کەواتـە دەبێـت کوردەکانیـش تـورک بـن. بـەو پێیـەی دەسـتوور بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە هەمـووان تورکـن، چەمکـی "کـوردەکان تورکن"یـش یەکلایـی دەبێتـەوە. بـۆ ئەمـەش پێویسـت دەکات کـورد نکۆڵـی لـە ناسـنامە و کەسـایەتیی نەتەوەیـی خـۆی بـکات و قبووڵـی بـکات کـە تورکـە و هـاوار بـکات: "مـن تورکـم، بەختـەوەرم"، "چەنـد بەختـەوەرم کـە تورکـم". لەبەرامبـەر ئـەو دۆخـەدا، ئەوانـەی بانگەشـەی

(6) - مادەی 3 لە دەستووری کۆماری تورکیا.

کوردبـوون دەکـەن و داوای مافـی نەتەوەیـی کـورد دەکـەن، وەک تاوانبـاری دەسـتوور و ناپاکـی نیشـتمان رادەگەیێندرێـن و بانگەشـەی ئـەوە دەکرێـت کـە لەنێوبردنـی ئـەو جـۆرە کەسـانە پێداویسـتیی دەسـتوورە. بـە پێویسـت دەزانرێـت ئەوانـە لـە کۆمەڵگـە داببڕدرێـن و بەهـەر جۆرێـک بـووە، کاریگەریـی بۆچـوون و بیرکردنەوەکانیـان تێـک بشـکێندرێت. پاکتاوکـردن لـە رێـی کوشـتنی بەکۆمـەڵ، لەسـێدارەدان ، راگواسـتن و چڕکردنـەوەی کردارەکانـی خێراکردنـی ئاسیملاسـیۆنەوە کۆمەڵێـک کـردارن کـە لـە ئەنجامـی ئـەو بیرکردنـەوە و رەفتارانـەوە دێنـە ئـاراوە.

لـە دوای سـاڵی 1923وە هەوڵـی زۆر درا بـۆ گونجاندنـی دۆخـی راسـتەقینە لەگـەڵ بارودۆخـی دەسـتووری. نکۆڵـی لـە هەبوونـی نەتەوەیـی کـورد کـرا و رەتکرایـەوە. ئەوانـەی نکۆڵییـان لـە کەسـایەتی کـورد و کەسـایەتی کوردسـتان نەدەکـرد، ڕووبەڕووی گوشـاری توونـد دەکرانـەوە. راگواسـتن شـێوازێک بـوو کـە زۆر بەچـڕی پەیـڕەو دەکـرا. کـورد بەکۆمـەڵ رەوانـەی تاراوگـە کـران. گونـد و شـارۆچکەکان چۆڵکـران و خەڵـک دەربـەدەر کـران. عەشـیرەت هەبـووە بەتـەواوی و بەکۆمەڵ لـە زێدی خـۆی دوورخراوەتەوە. ناوچـەی قەدەخەکـراو پێـک هێنـدران. ئامانجیـش تواندنـەوەی کـورد لەنێـو نەتـەوەی تـورک و کولتـووری تورکیـدا و لەنێوبردنـی تایبەتمەندییەکانـی نەتـەوەی کـورد بـوو. ناوچەکانـی ئیجـە و دەریـای نێوەڕاسـت، ئەنادۆڵـی نێوەڕاسـت و تراکیـا وەک تاراوگـە بەکارهێندران. هاوکات هەوڵێکـی زۆر درا بـۆ نیشـتەجێکردنی دانیشـتووانی تـورک لـە کوردسـتان.

هەوڵێکـی زۆر درا ئـەو تورکانـەی بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر لـە یوگۆسـلاڤیا، رۆمانیا، یۆنـان، بوولگاریـا و یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە هاتبـوون، لە کوردسـتان و لـەو شـوێنانەی لـە کـورد چۆڵکرابـوون، نیشـتەجێ بکرێـن. لەکاتێکـدا کۆمـاری تورکیـا بـە سـەرکردایەتیی ئەتاتـورک لـە گەرمـەی ئەنجامدانـی ئـەو کارانـەدا بـوو، ئینگلیزەکانیـش لـە باشـووری کوردسـتان درێژەیـان بـە کاری هاوشـێوە دەدا. فەرەنسـا لـە باشـووری رۆژئـاوای کوردسـتان و ئێرانیـش لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـەم تاوەکـو زۆر هەمـان رەفتاریـان

پەیـڕەو دەکـرد. هەرچەنـدە فۆرمەکانـی جێبەجێکردنـی ئـەو کردارانـە جیـاواز بـوون، بـەڵام لـە نێوەڕۆکـدا هاوشـێوە بـوون. لێـرەدا یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکانی دەوڵەتـی تـورک و ئایدۆلۆژیـای فەرمـی بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە ئەویـش سرووشـتی دژە کوردانـەی دەوڵەتـە. سـڕینەوەی نـاوی کـورد و کوردسـتان لەسـەر زمـان و لـە مێـژوودا و بەتـەواوی لەنێوبردنـی تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد ئامانجێکـی بنەڕەتییـە و بۆ گەیشـتن بـەو ئامانجەش دروشـمی "یەکپارچەیی لـە دابەشـکردن نەهاتـووی دەوڵـەت بـە خـاک و نەتەوەکەیـەوە" زۆر بەشـێوەیەکی چڕ کرایە بابەتـی پڕوپاگەنـدە. دووەم تایبەتمەنـدی بنەڕەتیـی دەوڵەتـی تـورک ئەوەیـە کـە دژە کۆمۆنیسـتە. بێگومـان تایبەتمەنـدی دیکەشـی هەیـە. ئەمانـە ئـەو بنەمایانـەن کـە دەوڵـەت پەیڕەویـان دەکات؛ وەک عەلمانییـەت، بـەڵام ئەوانـە لە چوارچێـوەی ئەو دوو بنەمـا بنەڕەتییەدا لەبەرچـاو دەگیرێـن. وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەمـان پـێ دا، ئێمە زیاتر سـەرنج دەخەینـە سـەر سرووشـتی دژە کوردانـەی دەوڵـەت، واتـە لـە ئاسـت سرووشـتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتی هەڵوەسـتە دەکەیـن.

لـەو دۆخـەدا یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی پێکهاتنـی ئایدۆلۆژیـای فەرمـی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕاسـتیی نەتـەوەی کـورددا سـەرهەڵدەدات. ئـەم هـۆکارە، لەبەرئـەوەی نکۆڵـی لـە حەقیقەتـی بەرجەسـتەش دەکات و پشـتگوێی دەخـات، لەسـەر بنەمـای درۆ گەشـە دەکات. لـەم سـۆنگەیەوە ئێمـە بـە ئایدۆلۆژیـای فەرمیـی بنیاتنـراو لەسـەر بنەمـای درۆ نـاوی دەبەیـن، چونکـە درۆ وەک بنەڕەتیتریـن تووخـم دەخاتـەڕوو. ئـەم درۆیـە خاڵـی دەسـتپێک پێـک دەهێنێـت. ئـەو ئایدۆلۆژیایـە بەرگـری لەخۆکردنـی لـە دەوری ئـەم درۆیـە بنیـات دەنێـت و هەوڵدەدات "ڕاسـتیی ئایدۆلـۆژی" بخاتە شـوێنی ڕاسـتیی بەرجەسـتە و مـادی و زینـدوو. خوازیاریشـە هەمـووان ئیعتبـار بـۆ ئـەو "حەقیقەتـە ئایدۆلۆژی"یـە دابنێـن. ئـەو دەخوازێـت نکۆڵـی لـە ڕاسـتیی بەرجەسـتە و مـادی و زینـدوو بـکات.

دەتوانیـن پەیوەنـدی نێـوان ئایدۆلۆژیـای فەرمـی تورکیـا و درۆ بـەم جـۆرە

روون بکەینـەوە: بـۆ نموونـە، بـا کەسـێک وەربگریـن کـە فیـل بـە "دار" دادەنێـت و پێیوایـە فیـل دارە. ئـەو قسـانەی کـە ئـەو کەسـە سـەبارەت فیـل کردوونـی و دەیانـکات، چەنـد راسـتن؟ دوای پێوابوونێکـی هەڵـەی لـەو جـۆرە بیرکردنـەوەی لۆژیکـی لـە فیـل تاوەکـو چ رادەیـەک راسـتە؟ بێگومان ئـەوە تێگەیشـتنێکی هەڵەیـە، چونکـە بەهەڵـە تێگەیشـتن لـە فیـل هەیە و حسـابی داری بـۆ کـراوە. دوای قبووڵکردنێکـی لـەو جـۆرە، ئـەو بۆچوونانـەی دەخرێنـەڕوو، ئیـدی لەبـارەی دارەوە دەبـن و پەیوەندییـان بـە فیلـەوە نییـە. جـا ئـەو عەقڵییەتـەی ئایدۆلۆژیـای دانـەری کـورد بـە تورکـی داهێنـاوە، هەر بەهەمـان ئەنـدازە دروسـتە. وەک لەو نموونەیەی سـەرەوەدا هاتـووە، ئەو هـزر و بۆچوونانـەی کـە لـە دوای قبووڵکردنێکـی لـەو جـۆرە دەخرێنـەڕوو، بێگومـان سـەبارەت بـە تورکـەکان دەبێـت.
دەگوترێـت: "... هەرچەنـدە ئەتاتـورک ناسیۆنالیسـتە، بـەڵام بنەمـای ناسـیۆنالیزمی ئەتاتـورک هەڵگـری واتـای رەگەزپەرسـتانە نییـە. هـەر کەسـێک لـە وڵاتـی تورکـدا بـژی و خـۆی بـە تـورک بزانێـت، ئـەو حیسـابی تورکـی بـۆ دەکات. ئـەو بـاوەڕەش بـە دەسـتەواژەی (چەنـد بەختـەوەرە ئەو کەسـەی کـە دەڵێـت تورکـم) دەردەبڕێـت. وەک دەبیندرێـت، دەگوترێـت: "هـەر کەسـێک لـە وڵاتـی تورکـدا بـژی و خـۆی بـە تـورک بزانێـت، کەمالیـزم بـە تورکـی دەزانێـت". سـەرەتا بەشـەکانی باکـووری کوردسـتان دەخرێنـە ژێـر چەپۆکـی تورکـەوە. سیاسـەتێکی چـڕ و پـڕی کۆلۆنیالیـزم و سیاسـەتی رەگەزپەرسـتانە جێبەجـێ دەکرێـت و کێشـەکە وەک ئایدیۆلۆژیـا چارەسـەر دەکرێـت. خاکـی کـورد وەک نیشـتمانی تـورک نێودەبرێـت و پاشـان دەگوترێت: "هەرکەسـێک لـە تورکیـا دەژی، تورکـە. هـەر کەسـێک خـۆی بە تـورک بزانێـت، تورکـە".
پێویسـتە بپرسـین: ئایـا دەتوانرێـت راسـتییە کۆمەڵناسـییەکان بـە مـادە دەسـتوورییەکان و بڕیارەکانـی دادگا و لێکدانەوەکانـی دادگای بـاڵا لەنێوببرێـن؟ ئەگـەر ئەمـە کاری لـە کردن هاتـوو بێت، بۆچـی دەوڵەتی تورک ئـەم سیاسـەتە بـۆ قوبـرس جێبەجێ نـاکات؟ بۆ نموونـە، قوبرس بەتـەواوی

داگیـر بکرێـت، دوای ئـەوە یەکسـەر دەسـتوورێک دابڕێژرێـت و بڕگـەی وەک "هەرکەسـێک لـە قوبـرس دەژی تورکـە" و "دەوڵەتـی قوبـرس بـە وڵات و نەتەوەکەیـەوە، کۆیەکـی دابـەش نەکـراوە"ی تێـدا جێگیـر بکرێـت. بـەو جـۆرە یۆنانییـەکان دەکرێنـە تـورک و یۆنانـی نامێنـن و کێشـەی قوبرسـیش چارەسـەر دەبێـت. وەک چـۆن کوردسـتان بـە چارەسـەری ئایدۆلـۆژی کـرا بـە نیشـتمانی تـورک و کـورد کرانـە تـورک و نکۆڵـی لـە مافـە نەتەوەیـی و سیاسـییەکانی نەتـەوەی کـورد کـرا، دەتوانرێـت زێـدی یۆنانییەکانیـش بـە خاکـی تـورک هەژمـار بکرێـت. بـەو جـۆرە، یۆنانییەکانیـش دەبنـە تـورک.
لـەو پرۆسـەیەدا ئەوانـەی بەرگـری لە مافـە نەتەوەیی و دیموکراسـییەکانی یۆنانییـەکان دەکـەن، بـە "جوداخـواز" و "دابەشـکار" ناودەبرێـن. ئەوانەی نابنە تـورک، بـە "ناپاکـی نیشـتمان" نـاوزەد دەکرێـن. دەگوترێـت: "قوبـرس کـە بـە وڵات و نەتەوەکەیـەوە کۆیەکـی لـە دابەشـکردن نەهاتـووە، دووژمنانـی ناوەخۆیـی و دەرەکـی خوازیـارن دابـەش و پارچـەی بکـەن". ئەوانـەی پابەنـد نابـن بـەو مـادە دەسـتوورییە "پیرۆزانـە"وە، ئەوانـەی بەرگـری لـە مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی یۆنانییـەکان دەکـەن، رووبـەڕووی لێپرسـینەوە و لێکۆڵینـەوە دەبن، دادگایی دەکرێـن و فڕێدەدرێنە زیندانەوە. بێگومـان ئەوانـەی سـەرەوە بریتیـن لـە خەیاڵ و بـۆ جێبەجێکـردن دەسـت نـادەن، چونکـە نەتـەوەی یۆنـان نەتەوەیەکـی چەوسـاوەی هاوشـێوەی نەتـەوەی کـورد نییـە. رێک لێرەدا رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی وەک نەتەوە یەکگرتـووەکان دەبینیـن. کاریگەریـی ئـەم پەیوەندییانە دەبینین. بەرپرسـانی دەوڵـەت و حکوومەتـی تـورک زۆر بـاش ئـاگاداری چالاکییەکانـی نەتـەوەی یۆنانـی قوبرسـن لـە ئەوروپا و جیهـان و لـە رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی وەک نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا. ئـەوان زۆر بـاش ئـاگاداری رۆڵـی سیاسـیی ئەوانـن لـە دەوڵـەت و رێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـدا. هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش ناوێـرن بـە بڕگە دەسـتوورییەکان، بڕیـاری دادگا، بڕیاری سیاسـی و کارگێـڕی پەنـا بـۆ کـردەوەی وەک لەنێوبـردن، نکۆڵیکـردن و لەنێوبردنـی راسـتیی نەتەوەیـی یۆنـان بکـەن.

بـەڵام بەرپرسـانی دەوڵەتـی تـورک زۆر بـاش دەزانـن کـە نەتـەوەی کـورد نەتەوەیەکـی چەوسـاوەیە. نەتـەوەی کـورد لـە سـاڵانی دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم و تاوەکـو سـاڵی 1923 دابـەش و لـەت کـرا و خرایـە دۆخـی کۆلۆنیـی نێودەوڵەتییـەوە. سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیـزم، ئێسـکەپەیکەری کوردسـتانی شـکاندووە و مێشـکی پژانـدووە. ئـەم سیاسـەتە رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییە خـووی بـە دابڕانـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی و دیموکراتیکـی کـورد لـە بیـروڕای گشـتیی شۆڕشـگێڕ و دیموکراسـی جیهانییـەوە گرتـووە. ئامانجـی ئەوەیـە لـەڕووی مـادی و ماکییـەوە بەبـێ پشـتیوانی بیهێڵێتـەوە.

بزووتنـەوەی نەتەوەیـی و دیموکراسـیی کـورد وەک پۆتانسـێل هەمیشـە لـە ئارادایـە. گومانـی تێـدا نییـە ئـەو دەوڵەتانـەی کـە کوردسـتان وەک کۆلۆنییەکـی هاوبـەش بەکاردەهێنـن و کۆنترۆڵـی دەکـەن، هەوڵـی لەنێوبردنی ئەو پۆتانسـێلە و نەگەیشتنی بە سـەرکەوتن دەدەن. لە راستیدا ئـەو سیاسـەتە 55 سـاڵە [7] جێبەجـێ دەکرێت. بۆ نموونە، لە سـاڵانی 1923 تاوەکـو 1938 ئیمپریالیزمـی بەریتانیـا زۆرجـار هێـزی ئاسـمانی شـاهانەی بەریتانیـا (RAF)ی لـە دژی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بەکارهێنـا. رێگـری کـرد لـە بـە نەتەوەبـوون و پەیڕەوکردنـی مافـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـورد. لـە باکـووری کوردسـتانیش، گوشـاری رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی حکومەتـی کەمالیسـت رۆژ بـە رۆژ روو لە زیادبـوون بـوو، وەک لەنێوبـردن بـە کۆمەڵکـوژی و راگواسـتنی ناوخۆیـی و ئاسـمیلەکردن. گشـت ئەمانـە بە چڕی و خێرایـی ئەنجام دەدران. دەسـەڵاتی ئیمپریالیزمـی فەرەنسـی لـە سـووریا و دەسـەڵاتی رژێمـی پاشـایەتی شاهنشـا رەزاشـا لـە ئێـران بـە کـردەی هاوشـێوە درێژەیـان بـە سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی خۆیـان دەدا.

دەوڵەتـی تورکـی رەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیسـت زۆر بـاش دەزانێـت کـە

---

(7) - واتە لە ساڵی 1926 بەدواوە، چونکە بێشکچی ئەم کتێبەی لە ساڵی 1981دا نووسیوە (وەرگێڕ).

نەتــەوەی کــورد نەتەوەیەکــی ســتەملێکراوە. دەزانێــت لــە پشــتیوانیی نێودەوڵەتــی بێبەشــە. دەزانێــت دووژمنــی زۆر و دۆســتی کەمــی هەیــە. بۆیــە کاتێــک ســتەمکاری و گوشــاری رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیســتیی خــۆی لــە کوردســتان چڕتــر دەکاتــەوە، هیــچ دەوڵەتێــک نامێنێــت دژایەتــی ئــەو دۆخــە بــکات. کێشــەکە نابڕێتــە رێکخــراوە نێودەوڵەتییــە جیــاوازەکان و ســکاڵا لــە تورکیــا ناکرێــت. رێکخراوەکانــی وەک نەتــەوە یەکگرتــووەکان و یونســکۆ و ئەنجوومەنــی ئەوروپا چاوپۆشــی لــەو گوشــارە رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیســتییە دەکــەن کــە دەوڵەتــی تــورک لــە دژی نەتــەوەی کــورد پەیــڕەوی دەکات. ئــەو رێکخراوانــەی کــە لــە بوارەکانــی "مافــی مــرۆڤ"، "مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان"، "جەنگــی دژ بــە رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیســتی"دا چالاکــی دەنوێنــن، ناخــوازن لــە خەباتــی نەتەوەیــی و دیموکراتیــی نەتــەوەی کــورد تێبگــەن و پشــتگوێی دەخــەن. ســەرباری گشــت ئەمانــە، میدیــای تــورک و نووســەرانی تــورک کــە لــە خاڵی ســەرەکیی رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیزمدان، لەبەرامبەر ئەو رەفتارانــەدا کاردانەوەیان نییــە. بازنەکانــی زانکــۆ و پرۆفیســۆران و نووســەرانی هۆگــری چەمکــە ســەرەکییەکانی وەک مافــی مــرۆڤ، ئازادییــە بنەڕەتییــەکان، دیموکراســی و یەکســانی، بێدەنــگ دەبــن. ئــەوان رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیــزم ناکەنــە کێشــە. تەنانــەت بزووتنــەوەی سۆسیالیســتی تورکیــش هەوڵــدەدات بــە بەکارهێنانــی وشــەی تیــژ خــۆی وەک ئینتەرناســیۆنال پێشــان بــدات و رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیزم بشــارێتەوە. ســەرەڕای هەموو ئەو راستییانە، بــەردەوام و بــێ پســانەوە دروشــمەکانی "کەمالیــزم دژە ئیمپریالیزمــە، دژە کۆلۆنیالیزمــە، هاوشــانی گەلانــی ســتەملێکراوە" دەڵێنــەوە.

بــۆ نموونــە، لــەم رووەوە جیاوازییەکــی زۆر گرنــگ و ئێگجــار زۆر لەنێــوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی فەلەســتین و بزووتنــەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیــی کــورددا هەیــە. فەلەســتینییەکان لــە نــاو هێــزە دۆســتەکاندا تێدەکۆشــن. تەنیــا دووژمنێکیــان هەیــە، ئەویــش ئیســرائیلە. دۆســتانی فەلەستینیش دووژمنــی ئیســرائیلن. بۆ نموونــە، ئەگــەر هەلومەرجی ژیانی

فەلەستینییەکان لە ئوردن قورس بێت، دەتوانن بچنە لوبنان. ئەگەر لە لوبنان دووچاری دژواری بن، دەتوانن بچنە سووریا. ئەگەر لەوێش سەختی بێتە ئاراوە، دەتوانن بچنە عێراق، کوێت، لیبیا، سعودیە، جەزائیر و هتد. ئەوان زۆر ئاسوودەن و هاوکاریی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە هەموو وڵاتانی عەرەبییەوە وەردەگرن. هەموو وڵاتانی عەرەبی، لە کوێتەوە تاوەکو لیبیا، لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبەوە تاوەکو سووریا، لە سعودیەوە تاوەکو جەزائیر، لە میسرەوە بۆ عێراق، لە باشووری یەمەنەوە تاوەکو مەغریب لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پشتیوانی لەو بزووتنەوەیە دەکەن. لە هەمان کاتدا هەموو وڵاتانی ئیسلامیش لەڕووی ئابووری و هەروەها لەڕووی سیاسییەوە پشتیوانی لەو بزووتنەوەیە دەکەن و هانی دەدەن. تاوەکو دێت رای گشتی شۆڕشگێڕ و دیموکراسی جیهانی و وڵاتانی جیهانی سێیەم لەڕووی مادی و ماکییەوە پشتیوانی لەو بزووتنەوەیە دەکەن. بۆ نموونە، یەکێتی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەت و کۆماری چینی میللی کە لە زۆر کێشەی نێودەوڵەتیدا لە جەمسەری دژ بە یەکتردان، لەم بابەتەدا هەمان هەڵوێست و رەفتار دەنوێنن. بێگومان ئەوەی کە عەرەب لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خاوەن پەیوەندییە، لێرەدا رۆڵی هەیە. نەوت کە بنەمای مادیی ئەم چالاکییەیە، رۆڵی هەیە، چونکە کێشەی فەلەستین، بە واتایەکی دیکە، کێشەیەکی عەرەبییە.

هەرچی کوردە، خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی خۆی لەنێوان هێزە دووژمنەکان و لە دژی ئەو دووژمنانە بەڕێوەدەبات. کورد بە نزیکی هیچ دۆستێکی نییە. ئەوەش دەرهاویشتەی دابەشکردن و پارچەکردنی کوردستانە. ئەو دەوڵەتانەی کوردستان وەک کۆلۆنییەکی هاوبەش بەکاردەهێنن و کۆنترۆڵیان کردووە، لەپێناوی پاراستنی ئەو پێگەیەدا سەرقاڵی دووژمنایەتییەکی سەختن بەرامبەر بە کورد. دەوڵەتانی دژ بە کوردیش لەنێوان خۆیاندا هاوکاری یەکدی دەکەن. کورد کاتێک لە خەباتی ئۆتۆنۆمی و ئازادیدا لە دژی هەر دەوڵەتێک دووچاری تەنگانە

دەبێـت، هیـچ دەوڵەتێـک نییـە پەنـای بۆ ببـات. بەپێچەوانـەوە، سـنوورەکانی داخــراون. رزگاریخـوازانــی نەتەوەیــی لــە ســنوور دەســتگیر دەکرێــن و رادەســتی لایەنــی بەرامبــەر دەکرێنــەوە و ســێدارەکان بــە هاوئاهەنگــی دادەنرێـن. کـورد ناتوانێـت هاوکاریی سیاسـی و ئابـووری وەربگرێـت، چونکە ناتوانـن بەئاسـانی و بەکاوەخـۆ ئـەو بەربەسـتە تێبپەڕێنـن کـە دەوڵەتانـی چەوسـێنەر و رەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیزمــی فەرمانــڕەوای کوردســتان پێکیـان هێنـاوە. لـەم بابەتانـەدا کـورد خاوەنـی هیـچ کام لـەو ئاسـانکارییانە نییـە کـە لەبەردەسـتی فەلەسـتینییەکاندایە.

بیـر و بۆچوونـی دووفاقـەی تـورک لەم بابەتـەدا بەوپەڕی روونی و ئاشـکرایی لەبەرچاوانــە. دەوڵەتــی تــورک کــە نەتــەوەی کــوردی خســتووەتە ژێــر چەوسـاندنەوەی رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییەوە، داکۆکـی لـە هەموو جـۆرە مافێکـی نەتەوەیی و دیموکراسـی فەلەسـتینییەکان دەکات بە مافی دامەزراندنــی دەوڵەتــی سەربەخۆیشــەوە. هەروەهــا دیموکراســیخوازانی تـورک، چاپەمەنیـی تـورک، دەروروبەرەکانی زانکۆ و بەکورتـی، بیری تورکیش بەهەمـان شـێوەیە. کوردیـش لەبەرئـەوەی دەڵێت: "لە تورکیا کـورد هەیە. منیـش کـوردم"، زیندانـی دەکرێـت و دووچـاری لێپرسـینەوە و لێکۆڵینـەوە دەبێـت. وەلـێ ئـەو تورکانـەی زۆرجـار بـاس لـە "رەگەزپەرسـتی زایۆنیسـتی" دەکـەن، ناتوانـن بـەو شـێوەیە رەگەزپەرسـتیی خۆیـان بشـارنەوە.

ئـەوە نموونەیەکـی پەندئامێـزە کاتێـک دوو هەڵوێسـتی دژبـەر لەبەرامبـەر دوو بزووتنـەوەی رزگاریخـوازیـی نەتەوەیـی کە لە دوو سـەرزەوینی زۆر نزیک لـە یەکـدی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت سـەریان هەڵـداوە، دەنوێندرێـت.

دەوڵەتـی تورکـی رەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیسـت لەبەرئـەوەی لـە نزیکـەوە ئاگاداری پرۆسـەی تایبەت کوردسـتانە، بەئاسـانی درێژە بە گوشـار و سـتەم لــە دژی نەتــەوەی کــورد دەدات. دەزانێــت رووبــەڕووی رەخنــە نابێتــەوە لەپای ئەو سیاسـەتە رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییەی کە لە کوردسـتان پەیــڕەوی دەکات. لەلایــەک بــاس لــە یەکســانی، ئــازادی و دیموکراســی دەکات و دەزانێـت دووچـاری پرۆتێسـتۆ نابێـت. لەلایەکـی دیکـە، بەچـڕی و

بەئاسـانی درێـژە بـە گوشـارە ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییەکانی دژی نەتـەوەی کـورد دەدات.

## III. "دیموکراسیی تورک" و پرسی کورد

ئـەو بیرۆکەیـەی کـە لـە شـێوەی "کـورد تورکـن"دا گـوزارەی لـێ دەکرێـت، بەدرێژایـی مێـژووی کۆمـار و زۆر بـە وردی بەرگـری لـێ کـراوە و وەک تێڕوانینێکـی "فەرمـی" خراوەتـەڕوو. پێداگیـری لەسـەر ئـەوە کـراوە کـە ئەمـە "زانسـتیترین" تێڕوانینـە و گومـان لـە راسـتبوونی ناکرێـت و رەخنـەی لـێ ناگیرێـت و دەسـتی بـۆ نابرێـت. ئـەم تێڕوانینـە هەرچەنـدە زۆر پێچەوانـەی کەتـوار (واقـع)ی بەرجەسـتە و راسـتیی نەتـەوەی کـوردە، بـەڵام بەپێداگیـری و بەئاگاییـەوە بەرگـری لـێ کـراوە. بەرگریکـردن لێـی، بـە دەسـتوور و یاسـاکانی سـزا گـەرەنتـی کراوە. هـەر کردەوەیەکـی پێچەوانەی ئـەم تێڕوانینـە سـزای لەسـەرە. هەوڵـدراوە ئـەو گوشـار و هێـز و سـتەم و زینـدان ئـەو تێڕوانینـە بەسـەر کۆمەڵگـەدا زاڵ بکرێـت.
ئـەم تێڕوانینـە کـە دەڵێـت: "دەوڵەتـی تورکیـا بـە وڵات و نەتەوەکەیـەوە کۆیەکـی لـە دابەشـکردن نەهاتـووە"، لـە دەسـتووری سـاڵی 1961دا کتومـت وەک خـۆی دووبـارە کراوەتـەوە. لـە یاسـای پارتـە سیاسـییەکانی تورکیایشـدا کـە سـاڵی 1966 بـە ژمـارەی 648 دەرچـووە، زۆر بەڕوونـی ئـەو بنەمایـە دەبینیـن. مـادەی 89ی ئـەم یاسـایە سـەبارەت بـە "داخسـتنی پارتـە سیاسـییەکان" دەقـاودەق بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:
"پارتـە سیاسـییەکان ناتوانـن بانگەشـەی ئـەوە بکـەن کـە لـە وڵاتـی کۆماری تورکیـادا کەمینـە هـەن لەسـەر بنەمـای جیاوازیـی نەتەوەیـی یـان ئایینـی و کولتـووری یـان جیاوازیـی زمـان. حیزبـە سیاسـییەکان رێگـە پێـدراو نیـن بـەدوای ئامانجـی تێکدانـی یەکێتیـی نەتـەوەوە بـن لەسـەر ئاسـتی وڵاتـی کۆمـاری تورکیـا لـە رێـی پاراسـتن یان گەشـەپێدان یـان بڵاوکردنـەوەی زمان

و کولتووری بەدەر لە زمان و کولتووری تورکی". دەتوانرێت لەو مادانە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە دەربهێنرێت: لە سنووری کۆماری تورکیادا بەکردەوە زمانێکی جیاواز لە زمانی تورکی و کولتوورێکی جیاواز لە کولتووری تورکی هەیە، بەڵام بانگەشەکردن بۆ هەبوونیان قەدەخەیە. پاراستنی ئەو زمان و کولتوورانە قەدەخەیە. خواستی پەرەپێدان یان بڵاوکردنەوەیان قەدەخەیە. وەک دەبیندرێت، راستییەکی کۆمەڵناسی و بەرجەستە بە یاسا حیسابی نەبووی بۆ کراوە. پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرێت کە نەتەوەی تورک و نەتەوەی کورد کۆیەک پێکدەهێنن و ئەو کۆیەش نەتەوەی تورکە. هەوڵ دەدرێت بە سزا پێشگیری لە بانگەشەی هەبوونی نەتەوەی کورد بکرێت. ئەمەش بەو واتایەیە کە ناتوانرێت چارەسەری زانستی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پارتە سیاسییەکانی تورکیا دابین بکرێت.

لەم پێوەندییەدا دەستەواژەی یاسایی "هاووڵاتیبوونی تورک" لەگەڵ راستیی نەتەوەی کورد، کە راستییەکی کۆمەڵناسییە، تێکەڵ کراوە و هەوڵێکی تایبەتیش دەدرێت بۆ تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە. بۆ نموونە، چ لە دەستووری ساڵی 1924 و چ لە دەستووری ساڵی 1961ی تورکدا دا هاتووە:

"... هەرکەسێک بڵێ من تورکم، تورکە. هەرکەسێک بەدڵسۆزی خۆی بە تورک بزانێت، بەبێ گوێدانە خوێنەکەی، تورکە. ئەوەندە بەسە لە دڵ و مێشکیدا هەست بە بەختەوەریی تورکبوون بکات".

لەمەوە ئەنجامێکی وەک ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی ئەتاتورک، واتە ناسیۆنالیزمی تورک، سیمایەکی "ناسیۆنالیستی" هەیە نەک رەگەزپەرستی، هەڵدەهێنجێندرێت. دەگوترێت "هەر کەسێک بەدڵسۆزی خۆی بە تورک بزانێت، تورکە". جەخت لەوە دەکرێتەوە کە دەستوور و یاسا پەیوەندیدارەکان مادەی زۆرەملێیانە ناسەپێنن. باس لەوە دەکرێت گوایە کێشەکە لە کەشێکی لێبووردەییدا چارەسەر کراوە، بەڵام کێشەکە ئەوەندە سادە نییە کە بە یەک یان دوو رێسای یاسایی

چارەسـەر بکرێـت. بـە واتایەکـی دیکـە، پـرس یـان کێشـەیەکی کۆمەڵناسـی بـە ڕێسـای یاسـایی چارەسـەر ناکرێـت. پێویسـتە پرسـیار بکرێـت: چـی دەکرێـت لـە دژی ئەوانـەی خۆیـان بـە تـورک نازانـن، ئەوانـەی دەیانەوێـت وەک کـورد بمێننـەوە و تایبەتمەنـدی پێکهاتـەی کوردیـی خۆیـان بپارێـزن؟ یاسـاکان دەڵێـن: "...هـەر کەسـێک بەدڵسـۆزی خـۆی بـە تـورک بزانێـت، تورکـە". کێشـەکە لێـرەوە سـەرچاوە دەگرێـت. لـەو خاڵـەوە سـەرچاوە دەگرێـت ئایـا چـۆن ڕەفتـار کـراوە و دەکرێـت بەرامبـەر بـەو کەسـانەی کـە بانگەشـەی کوردبوونـی خۆیـان دەکـەن؟ لـە ژیانـی مـادی و تێـدا ژیـاودا ئەمانـە دەبینیـن: تاکـە شـتێک کـە بەرامبـەر بـەو جـۆرە کەسـانە دەکرێـت، گوشـار و سـتەم و زیندانیکردنـە، چونکـە باسـکردن لـە هەبوونـی زمانێکـی جیـاواز لـە زمانـی تورکـی و کولتوورێکـی جیـاواز لـە کولتـووری تورکـی لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی کۆمـاری تورکیـادا، قەدەخەیـە. گوتنـی هەبوونی ئەوانـە بـە تـاوان دادەنرێـت. دەسـتوور و هەروەهـا یاسـاکانی سـزا، سـزایان بـۆ ئـەو تاوانانـە دانـاوە. کـە وابێـت، پێویسـت نـاکات لـە مـادەی "هەرکەسـێک بەدڵسـۆزی خـۆی بـە تـورک بزانێـت، تورکـە"دا بەدواداچـوون بـۆ دۆزینـەوەی هیـچ لێبووردەیـی و نێوەڕۆکێکـی دیموکراسـی بکرێـت. ئەم جـۆرە بڕگانـە کرۆکـی تیـرۆری دەوڵەتـن لـە کوردسـتاندا، چونکـە دەوڵـەت خوازیـارە هەمـووان تـورک بـن. جەخـت لـەوە دەکرێتـەوە کـە ئەوانـەی ناڵێـن: "چەنـد بەختـەوەرە ئـەو کەسـەی دەڵێـت مـن تورکـم" ناتوانـن سـوود لـە خزمەتگوزارییـە گشـتییەکان وەربگـرن. هەمـوو ڕێوشـوێنێک دەگیرێتەبـەر بـۆ ئـەوەی خەڵکانـی بـە تـورک نەبـوو، ئەوانـەی بانگەشـەی کوردبـوون دەکـەن و خوازیـاری پاراسـتنی تایبەتمەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی کـوردن، بکرێنـە تـورک. سـەرەڕای ئەمـەش، ئەگەر هێشـتا کەسـانی ناتورک و بـە تـورک نەبـوو هەبـن، پێویسـتە لەنێوببرێـن. ئـەوەش ڕێـک ئەوەیـە کـە دەکرێـت.

ئەمـڕۆ کوردسـتان کۆلۆنییەکـی نێودەوڵەتییـە لـە نێوەڕاسـتی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا. کۆلۆنیی هاوبەشـی تورکیا، عێراق، ئێران و سـووریایە. تەنانەت

پێگـەی نەتـەوەی کـورد زۆر کەمتـرە لـە پێگـەی کۆلۆنییـەکان. بـۆ نموونـە، لـە تورکیـا کـورد تەنانـەت بوونیشـی قبـووڵ ناکرێـت. هەمـوو هەوڵێـک دەدرێـت بـۆ تێکشـکاندن و بڵاوەپێکـردن و لەنێوبردنـی کەسـایەتیی کـورد و کەسـایەتیی کوردسـتان. مامەڵەکردنـی کـورد وەک تـورک بەیەکسـانی، پەیوەسـتە بەمەرجـی بـە تورکبوونییـەوە. ئەمـەش ڕەگەزپەرسـتییەکە کـە لـە جیهانـدا هاوشـێوەی نییـە. کۆلۆنیالیستیشـە، چونکـە هیـچ کاتێـک کەسـایەتیی نەتەوەیـی و مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی هیـچ نەتەوەیـەک لـە جیهانـدا بـە پشتگوێخسـتنی ئـەو نەتەوەیـە و نکۆڵیکـردن لێـی، زەوت نەکـراوە. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، دەوڵەتـی تـورک خـۆی وەک دەوڵەتێکـی دیموکراسـی پێشـان دەدات. تەنانـەت بەپێـی ئـەم تێگەیشـتنە، دەوڵەتـی تـورک یەکێـک لـەو دەوڵەتـە دەگمەنانـەی جیهانـە کـە ڕێـز لـە مافەکانـی مـرۆڤ دەگرێـت. لەلایەک، لە کوردسـتان سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتی پەیـڕەو دەکات و لەلایەکـی دیکـە، یەکێـک لـەو دەوڵەتـە دەگمەنانەیـە کە ڕێز لە مافەکانی مـرۆڤ دەگرن. دەوڵەتێکە تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد لەنێودەبـات و تێکدەشـکێنێت و پـەرش و بـڵاوی دەکاتـەوە و دیموکراسیشـە. لەلایـەک کۆیلەکـردن و زنجیرکردنـی کـورد، لەلایەکـی دیکـە، هەڵوێسـت وەرگرتـن لەپێنـاو نەتـەوە سـتەملێکراوەکاندا. هەڵوێسـت وەرگرتـن لەپێنـاو خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی نەتـەوە سـتەملێکراوەکاندا. ئەنجامدانـی گشـت ئـەم کردارانـە، ئەم کـردارە بەیـەک ناکۆکانـە پێکـەوە و لـە هەمـان کاتـدا. ئەمانـە هـۆکاری زۆر گرنگـن کـە ڕۆڵیـان لـە پێکهێنـان و پەرەپێدانـی ئایدۆلۆژیـای فەرمـی دەوڵەتـی تورکـدا هەیـە و گرنگتریـن تووخمەکانـی ئایدۆلۆژیـای فەرمیـن. ئایدۆلۆژیای فەرمـی کـە لەسـەر بنەمـای درۆ داڕێـژراوە، بـە کارگێڕیـی گشـتی، زانکـۆ، ئۆرگانەکانـی دادوەری، هەمـوو جـۆرە دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی، پارتـە سیاسـییەکان، سـەندیکاکانی کرێـکاری، کۆمەڵـەکان و هتد، بـە قبووڵکردن دراوە. ئـەم دامەزراوانـەش بێ مشـتومڕ قبووڵیان کـردووە کە ئایدیۆلۆژیای فەرمیـی بنیاتنـراو لەسـەر بنەمـای درۆ "تاکە ڕاسـتییە". گرنگـە توێژینەوە بۆ

کاریگەرییەکانی ئایدۆلۆژیای فەرمیی درۆیینە لەسەر بیری تورکیا بکەین. هاوکات پێویستیشە.

بیری تورکی بە دوو ستاندارد گەشە دەکات. بە دوو ستاندارد و فرەستاندارد سەیری رووداوەکان دەکات. بەو شێوەیە هەڵیان دەسەنگێنێت. هۆکاری سەرەکی سەیرکردنی رووداوەکان بە دوو ستاندارد و فرەستاندارد و هەڵسەنگاندنیان بەو شێوەیە، پرسی کوردستانە. ئەم جیاکارییە لە بیرکردنەوە و هەڵوێست و رەفتاردا لە چۆنیەتیی نزیکبوونەوە لە پرسی کوردستانەوە سەرهەڵدەدات. دەتوانرێت ئەو پرۆسەیە بەم نموونانەی لای خوارەوە روون بکرێتەوە:

بەپێی هزری تورکی، ئیمپراتۆریی عوسمانی و کۆماری تورکیای درێژەپێدەری، لە دوای راگەیاندنی فەرمانی تەنزیماتەوە[8] (1839)، هەموو کەسێک "بێ گوێدان بە جیاوازیی ئایین و زمان و رەگەز و مەزهەب، مامەڵەی یەکسانی لەگەڵ دەکرێت..."، لێرەدا مەبەست لە دەستەواژەی "جیاوازی نەکردن لە رووی زمان یان مەزهەبەوە" ئەمەیە: ئیمپراتۆریی عوسمانی هیچ کاتێک دەستی نەخستووەتە ئایین و خواپەرستیی ئەو نەتەوە مەسیحی و جووانەی کە حوکمڕانی دەکردن. لە بابەتی ئایین و پەرستندا ئازادی کردبوون. هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ ئەوەی بەزۆرەملێ بیانکاتە موسڵمان. ئەمە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیاشە. دەوڵەتی تورک هیچ مەسیحی و جوویەکی بەزۆرەملێ نەکردووە بە موسڵمان. هیچ نیاز و رەفتارێکی لەو شێوەیەی نییە. ئایا ئەم روونکردنەوەیە لەگەڵ راستییەکان و پرۆسەی رووداوەکاندا دەگونجێت یان نا؟ لێکدانەوەکە بەو جۆرەیە. لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا روونکردنەوەکە بۆ ژیانی مادی گونجاوە یان نا، بابەتێکی دیکەیە.

بەڵام لێکدانەوەیەکی لەو شێوەیە بۆ دەستەواژەی "نەکردنی هیچ

---

(8) - فەرمانی "تەنزیمات" لە ڕۆژی 11ی تشرینی دووەمی ساڵی 1839 لەل سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیددا لەلایەن وەزیری دەرەوە کۆجا مستەفا رەشید پاشاوە راگەیێندرا و بە یەکەم هەوڵی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت بەرەو بە رۆژئاواییبوون. ئەم فەرمانە

جیاوازییەک لە رووی زمان و رەگەزەوە" نییە. هیچ لێکدانەوەیەکی بە نێوەڕۆک دیموکرات لە ئارادا نییە. بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە، پێویستە دان بە تایبەتمەندییە نەتەوەیییەکانی نەتەوە ناتورکەکانیشدا بنرێت. وەک چۆن دان بە تایبەتمەندیی مەسیحیبوونی مەسیحی و جووبوونی جوودا دەنرێت، پێویستە تایبەتمەندیی ئەوەی کە کوردیش کۆمەڵگەیە، دانی پێدا بنرێت. کەچی مافی نەتەوەکانی ناتورک، بۆ نموونە کورد، مافی بەکۆمەڵگەبوونی کورد بەتەواوی نکۆڵی لێ دەکرێت و راستیی نەتەوەی کورد رەت دەکرێتەوە. ئامانج لەم دەربڕینە، واتە دەستەواژەی "جیاوازی نەکردن لەڕووی زمان و رەگەزەوە"، بە تورککردنی کوردە. کورد تەنیا دوای تێپەڕبوون بە پرۆسەیەکی لەو جۆرەدا، واتە دوای بە تورککردن، بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ تورک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەم "یەکسانییە" کە پەیوەستە بەمەرجی نکۆڵیکردن لە خود و کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی، بێگومان لە رادەبەدەر دژە دیموکراسییە، دژ بە شکۆی مرۆڤ و کرۆکی مرۆڤبوون و چەمکی مافەکانی مرۆڤە و چەمک و بەها سەرەکییەکانی ئەم سەردەمەیە. ئەگەر ئەو کەسە نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی خۆی بکات، واتای وایە دەچێتە ناو پرۆسەی کۆیلەبوونەوە. واتە بووە بە کۆیلە. هەر مرۆڤێک نکۆڵی لە کەسایەتیی خۆی بکات و کەسایەتییەکی دیکە قبووڵ بکات، واتای وایە لە پرۆسەی کۆیلەبوون و دیلبووندا گەیشتووەتە رەهەندەکانی هەرە پێشەوە. هیچ واتایەک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێین ئەو جۆرە مرۆڤانەی کەسایەتیی کوردیی خۆیان رەت دەکەنەوە و کەسایەتیی تورکی وەردەگرن، لە هەموو جۆرە مافێکی گشتی بەهرەمەندن. چ شتێک بۆ مرۆڤێک دەمێنێتەوە کە نکۆڵی لە خۆی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کردبێت؟ بوونی کەسێکی لەوجۆرە بە جێگر، سیناتۆر، وەزیر، پارێزگار، دیپلۆماتکار، بەڕێوەبەری گشتی، پرۆفیسۆر، گشتی و هتد، ناتوانێت پرۆسەی بنەڕەتی بەتەواوی بشارێتەوە.

بیرکردنـەوە بـە دووو سـتاندارد تایبەتمەندیـی سـەرەکیی هـزری تورکییـە. بیرمەندانـی تـورک بـە جـۆش و خرۆشـەوە پشـتیوانی لـە بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی لـە هەمـوو شـوێنێکی جیهـان دەکـەن و بەپێـی شـوێن و کات چەپڵـەی بـۆ دەکوتـن، ستایشـی سـەرکەوتنەکانی دەکـەن و بـۆ شکسـتەکانی خەمگیـن دەبـن، بـەڵام هەمـان ئـەو تـاک و داوودەزگایانـە لـە هەمـوو شـوێنێکی کوردسـتاندا هەڵوێسـتێکی دووژمنکارانـە دژی بزاڤـی رزگاریخوازیـی نەتەوەیـی دەگرنـە بـەر و بـە گوتنـی ئـەوە بـە "هاندانی ئیمپریالیزمـە"، بزووتنەوەکـە بچـووک دەکەنـەوە.

زانکۆکانـی تورکیـا، چاپەمەنی تورکـی، دامەزراوەکانی پـەروەردە و فێرکردن، دەزگاکانـی دادوەری و هتـد، بەنەفرەتـەوە پەیماننامـەی سـیڤەری سـاڵی 1920 دەخوێننـەوە. ئـەوان ئـەو پەیماننامەیـە وەک پیلانـی ئیمپریالیزمـی رۆژئـاوا بـۆ دابەشـکردنی زێـدی تورکیـا لێک دەدەنـەوە. پەیماننامـەی لۆزانی سـاڵی 1923یـش وەک سـەرکەوتن لێـک دەدەنـەوە. لـە لـۆزان سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە بەسـەر نەتـەوەی کـورددا سـەپێندرا و زێـدی کـورد، واتـە کوردسـتان دابـەش کـرا. هەروەهـا خەریکـە نـاوی کـورد و کوردسـتان لـە زمـان و مێـژوودا دەسـڕدرێتەوە. لـۆزان پـڕ بـە واتـا پەیماننامـەی دابەشـکاریی ئیمپریالیسـتییە. کەچـی هـزری تـورک کـە راسـتیی نەتـەوەی کـورد نابینێـت و نکۆڵی لێ دەکات، سـەپاندنی دابەشـکردنێکی لەو شـێوەیە بەسـەر کوردسـتاندا بە "شۆڕشـگێڕی" و "رزگاریخـوازی نەتەوەیـی" ناودەبات و چەپڵـەی بـۆ لـێ دەدات و ستایشـی دەکات، بـەڵام راسـتییەکان و ژیـان بەڕوونـی ئـەم ئەنجامـە دەردەخـەن: لـە سـاڵی 1920دا، پەیمانـی سـیڤەر هـەر لـەو رۆژەدا هەڵوەشـایەوە کـە تێیـدا واژۆ کـرا. شـیانی جێبەجێکردنـی نەبـوو. هیـچ هێزێکیـش نەبـوو بخوازێـت بـەڕژدی جێبەجێـی بکات. بـەدەر لە گشـت ئەمانـەش، سـیڤەر نیشـتمانی تـورک لـە نێوەڕاسـتی ئەنادۆڵ بەجێ دەهێڵێـت. ئامانـج لـە دابەشـکردنی کوردسـتان و جێبەجێکردنی سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد، لەنێوبردنـی یەکجارەکیـی تایبەتمەندییـە نەتەوەییەکانـی کـورد بـوو.

بیرمەندانی تورک کە دەڵێن: "سیڤەر نیشتمانی تورکی دابەش دەکرد، ئەم پڕۆژەیەی ئیمپریالیزممان دڕاند و یەکەم شەڕی ڕزگاریخوازیمان لە دژی ئیمپریالیزم بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاند و دەوڵەتی نوێی تورکیامان دامەزراند" و هتد، بۆچوونیان چییە سەبارەت بە ڕووداوەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی کوردستان؟ نووسەرانی تورک لەبەرامبەر بیرخستنەوەکانی سەبارەت بە کوردستان یان بێدەنگ دەبن و بەشێوەیەک مامەڵە دەکەن وەک ئەوەی پرسیارێکی لەو جۆرە نەکرابێت، یان بە گوتنی "هیچ میللەتێک نییە ناسراوبێت بە کورد" ڕێگری لە خوڵقاندنی کەشوهەوای گفتوگۆ دەکەن و خۆیان لە مشتومڕ دەپارێزن. یان لەبەرئەوەی گوایە دەوڵەتی تورک دابەش دەکەن، لای هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەت سکاڵاتان لێ دەکەن.

عەقڵیەتی دوو ستاندارد بەسەر بیری تورکیدا زاڵە. دەکرێت لە هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک دا چەندین نموونەی ئەم بابەتە ببیندرێن. بۆ نموونە، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر کرێکاری تورک لە ئەوروپا و بەتایبەت لە ئەڵمانیا کار دەکەن. ئەمانە بە کەسوکارەوە ژمارەیان نزیکەی 1 ملیۆن و 500 هەزار کەسە. دەوڵەتی تورک بایەخ بە هەموو جۆرە کێشەیەکی ئەو دانیشتووانە دەدات. لەم نێوەندەدا، پرسە کولتوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. ڕێوشوێنی گەورە دەگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵی کرێکارانی تورک لە ئەڵمانیا بە کولتووری تورکی پەروەردە دەکرێن. هەموو ڕێوشوێنێک دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی زمانی دایکی خۆیان، واتە تورکی لەبیر نەکەن. بیرمەندانی تورک زۆر بەگەرمی پشتیوانی لەم ڕێوشوێنانەی حکومەتی تورکی دەکەن، چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و هانی دەدەن. هەمان حکومەتی تورکی هەموو ڕێوشوێنێک دەگرێتەبەر بۆ ئاسمیلەکردنی منداڵانی کورد و لەنێوبردنی کەسایەتیی کوردییان. حکومەتی تورکیا کە ڕێوشوێن دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی منداڵانی تورک لە ئەڵمانیا بە زمانی تورکی، واتە بە زمانی دایک بخوێنن، لە تورکیا هەرکەسێک بڵێت: "پێویستە خوێندنی سەرەتایی هەموو کەسێک

بـه زمانــی دایــک بێــت"، دەیخاتــە زیندانــەوە، دەیداتــە دادگا و دادگایــی دەکرێت. ئـەو پارتـە سیاسـییانە دادەخـات کـە ئەم پێشـنیازانە دەخەنـەڕوو. ئاخـر چەمکـی "هەرکەسـێک" کوردیـش دەگرێتـەوە و ئەنجامـی ئـەوەی لـێ دەکەوێتـەوە کـە پێویسـتە کـورد و منداڵـی کوردیـش بـە زمانـی دایـک، واتـە بـە زمانـی کـوردی بخوێنـن، بـەڵام ئامانجـی سـەرەکی حکومەتـی تورک ئەوەیـە کـە خەڵـک زمانـی کـوردی فەرامـۆش بـکات و خەسـڵەتەکانی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد لەنێوببـات و بـەو جـۆرە پرۆسـەی ئاسـمیلەکردن پەیـڕەو دەکات.

ڕاگەیاندنــی تــورک و نووســەرانی تورکیــش چەپڵــە بــۆ ئــەم کارەی حکومەتەکانــی تــورک دەکوتــن و دەڵێــن: "ئەمــە دیموکراســیترین کارە"، "ئەمــە مرۆڤدۆســتانەترین شــتە". منداڵانــی کــورد لەگــەڵ لەبیرکردنــی زمانـی دایـک، واتـە کـوردی و دوورکەوتنـەوە لـە کولتـووری کـوردی، دەبنـە "دیموکراتتریـن"، "مرۆڤتریـن" و "باشـترین مـرۆڤ". ڕاگەیاندن، سـەندیکاکان، کۆمەڵـەکان، زانکـۆکان و پارتـە سیاسـییەکان لـەو پرۆسـەیەدان. لەبیرمـان نەچێـت کە دەوڵەتی تورک هەمیشـە هەوڵدەدات گوشـاری ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی خـۆی وەک "خزمەتگـوزاری" بخاتـەڕوو. نووسـەرانی تـورک، چاپەمەنـی، ڕاگەیانـدن، تەلەڤزیـۆن و هتـد، ئـەو پرۆسـەیە بـڵاو دەکەنەوە و هەروەهـا هانـی دەدەن.

بیرکردنـەوە بـە دوو سـتاندارد و ناچارکـردن بە بیرکردنەوە بە دوو سـتاندارد یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە هـەرە بنەڕەتییەکانـی ئایدۆلۆژیای فەرمـی تورکە. زانکـۆ تورکییەکانیـش کـە ئەرکـی سـەرەکییان بەرهەمهێنانـی زانسـتە، لەسـەر هەمـان هێڵـن، بـەڵام بیرکردنـەوە بـە دوو سـتاندارد بێگومـان ڕەفتارێکـی پێچەوانـەی زانسـتە.

زانکۆکانــی تورکیــا، ڕاگەیاندنــی تــورک، ئۆرگانەکانــی دادوەری، پارتــە سیاســییەکان، ســەندیکا و کۆمەڵــەکان نکۆڵــی لــە ڕاســتیی نەتــەوەی کـورد دەکـەن. ئـەم جـۆرە داوودەزگا و ڕێکخراوانـە دەڵێـن: "هەرکەسـێک لـە تورکیـا دەژی، تورکـە"، بـەڵام ئەمـە گەڵاڵەیەکـی زانسـتی نییـە، چونکـە

زانسـت و راسـتییە و لـە راسـتییەکانەوە سـەرچاوە دەگرێـت. زانسـت و زانـاکان دەسـەڵاتی نکۆڵیکـردن لـە راسـتیی نەتـەوەی کوردیـان نییـە و ناتوانـن. زانسـت هـەوڵ دەدات لـە هەمـوو جـۆرە راسـتییەیەک تێبـگات. زانکـۆ وەک دامەزراوەیـەک کـە زانسـت بەرهـەم دەهێنێـت، دەسـەڵات و بـژاردەی نکۆڵیکـردن لـە راسـتییەکانی نییـە. تێگەیشـتن و روونکردنـەوەی راسـتییەک پرۆسـەیەکی زانسـتییە. بـە نەبـوو ئەژمارکردنـی راسـتییەک و نکۆڵیکـردن لیـێ، پرۆسـەیەکی ئایدیۆلۆژییـە. لـەم رووەوە، ئۆرگانەکانـی دادوەری تـورک، پارتـە سیاسـییەکان بـە نکۆڵیکـردن لـە راسـتییەک هـەر لەسـەرەتاوە لەسـەر پرۆسـەی بیرکردنـەوەی زانسـتی سازشـیان کـردووە. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە راسـتی خاڵێکـی دەسـتپێکردنی زانسـت و رێبـازی زانسـتییە. بـێ ئـەو، خاڵـی دەسـتپێکردن مەحاڵـە. رەفتارێـک نکۆڵـی لـە راسـتی بـکات و بـە نەبووی دابنێـت، ئەرکـی بەرهەمهێنـان و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیـای فەرمیـی لەسـەر بنەمـای درۆ بنیاتنـراو دەخاتـە ئەسـتۆی ئـەو دامەزراوانـە.

لـە زانسـتدا، راسـتییەکان بەپێـی رێـژەی قورسـاییان لـە دەستنیشـانکردنی پرۆسـە راسـتییەکاندا مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت. ئـەوە رەفتارێکـی پێچەوانـەی رێبـازی زانسـتییە ئەگـەر بـە زیادەڕۆییـەوە جەخـت لـە راسـتییە دڵخۆشـکەرەکان بکرێتـەوە و هیـچ بایـەخ بە راسـتییە ناخۆشـەکان نەدرێت. ئـەوە رەفتارێکـە کـە رێبازی زانسـتی ناتوانێـت قبووڵی بکات. جگـە لەوەش، لەوانەیـە راسـتییەکی دڵخۆشـکەر کـە بـە زیادەڕۆییـەوە دەخرێتـەڕوو، لـە پرۆسـەی پەیوەندییـە راسـتییەکاندا رۆڵێکـی یەکلاکـەرەوەی نەبێـت. راسـتییەکیش کـە بەهـۆی ناخۆشـبوونییەوە پشـتگوێ دەخرێـت، دەتوانێت رۆڵێکـی گرنـگ و یەکلاکـەرەوەی لـە دەستنیشـانکردنی گۆڕانکارییەکانـدا هەبێـت. لەبەرچاوگرتنـی راسـتییەک یـان پشتگوێخسـتنی، دەتوانێـت ئاسـوودەییەکی دیاریکـراو لـە پرۆسـەی بیرکردنـەوەدا دابیـن بـکات. ئـەو راسـتییانەی کـە پرۆسـەیەک دیـاری دەکـەن، تاوەکـو کەمتـر بـن، شـیکردنەوەی پەیوەندییەکانـی نێوانیـان ئاسـانتر دەبێـت، بـەڵام بێگومـان

ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکان دروسـت دەرناچـن، بەڵکـو بـە کەموکـورت و هەڵـە دەبـن. ئاخر راسـتییەکان پێکەوە و بەسـەریەکەوە دەگیرێنە دەسـت. راسـتییەکان کاریگەرییـان لەسـەر هەندێـک راسـتی هەیـە و هەندێـک راسـتی باندۆریـان لەسـەر دادەنێـت. بـۆ تێگەیشـتن لـە هـەر راسـتییەک، پێویسـتە پەیوەندییـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان لەبەرچـاو بگیرێـن. مەرجـی بنەڕەتـی بـۆ هەمـوو ئەمانـە قبووڵکردنـی راسـتییەکەیە. پێویسـتە هـەر راسـتییەک قورسـایی پێویسـت بـە خـۆی پـێ بدرێـت. لەلایەکـی دیکـە، زانسـت لایەنگـرە. زانسـت لایەنـی "راسـتی" و دروسـتی دەگرێـت. لایەنگرتـن یـان "بێلایەنـی" لـە زانسـتدا، گۆڕینـی واقیعـی بابەتـی یـان بـە نەبـوو ئەژمارکردنـی نییـە. لـە بەرهەمهێنـان و بەکارهێنانـی زانیاریـی زانسـتیدا، هەڵوێسـتی سیاسـی بوونـی نییە. ئـەم هەڵوێسـتە نابێت کاریگەری لەسـەر پرۆسـەی بەدەسـتهێنانی زانیاریـی زانسـتی هەبێـت. واتـە ئەم هەڵوێسـتانە هەرگیـز نابنـە پاسـاو بـۆ گۆڕیـن یان بـە نەبـوو ئەژمارکردنی واقیعـی بابەتی، چونکـە زانیاریـی زانسـتی بابەتییـە و زانینـی هەمـوو شـتێکە. کەچـی زانکـۆ و راگەیاندنـی تـورک لەجیاتـی ئـەوەی هەوڵـی بەڕاسـتیکردن و تێگەیشـتن و روونکردنـەوەی راسـتیی نەتـەوەی کـورد بـدەن، دێـن و بـە رەتکردنـەوە و بـە نەبـوو ئەژمارکردنـی، کارێکـی ئاسـان دەکـەن و خۆیـان لـە ئەرکـی تێگەیشـتن رزگار دەکـەن. لەجیاتـی ئـەوە پروپاگەنـدە بـۆ ئـەو ئایدۆلۆژیـا فەرمییـە دەکـەن کـە دەوڵـەت پێشکەشـی دەکات و لەسـەر بنەمـای درۆ بنیـات نـراوە و لـە هەلومەرجـی کات و شـوێنی جۆراوجـۆردا جیـاواز بیـر دەکەنـەوە و رەفتارێکـی جیـاواز دەنوێنـن. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە زانسـت متمانەپێکراوتریـن رێبـازی بەرهەمهێنانـی زانیارییـە و لـە هەلومەرجـی کات و شـوێنی جیاوازیشـدا بـە رێچکـەی هەمـان پرۆسـەدا دەڕوات. زانکـۆی تـورک ناچێتـە نـاو پرۆسـەی تێگەیشـتن و روونکردنـەوەی راسـتیی نەتـەوەی کـوردەوە و بەتوونـدی لێـی هەڵدێـت. بـە هۆشـیارییەوە لێـی هەڵدێـت، بـەڵام حوکـم لەسـەر راسـتیی نەتـەوەی کـورد دەدات، لـەو کەسـانە دەپێچێتـەوە کـە بایـەخ بـە پرسـی کوردسـتان دەدەن و روونکردنـەوەی

زانستی سەبارەت بە کۆمەڵگەی کورد دەخەنەڕوو و تاوانباریان دەکەن. بێگومان ئەمە ناتوانێت پرۆسەیەکی زانستی بێت، بەڵکو ئایدیۆلۆژییە. ئاشکرایە ئەم پرۆسەیە ئاسانکارییەکی دیاریکراویشی تێدایە، چونکە تێگەیشتن و روونکردنەوە کارێکی دژوارە. هەوڵێکی زۆری دەوێت. بەڵام تاوانبارکردن و حوکمدان کارێکی ئاسانە.

زانکۆ و زانا و راگەیاندن و نووسەرانی تورک کە بە دوو ستاندار بیر دەکەنەوە، لەگەڵ کۆیلەکردنی نەتەوەی کورد و لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەییدان، بەڵام ئەو خواستە کەسی و بەها سوبژێکتیڤانە بەشێوەیەک دەخەنەڕوو وەک ئەوەی راستی بن و لە هەمان کاتدا وەک پێویستییەکی شۆڕشگێڕی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەرگری لێ دەکەن.

بڕیارەکانی دادگاکانی تورک، وەک دادگای دەستووری و دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە و دادگای باڵای کارگێڕی سەبارەت بە پرسی کوردستان، سیاسین نەک یاسایی. ئۆرگانەکانی دادوەری تورکیا، بە گوتنی: "دەوڵەتی تورکیا بە وڵات و نەتەوەکەیەوە کۆیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە"، نکۆڵی لە راستیی نەتەوەی کورد، واتە لە واقیعی بەرجەستە دەکەن. لەسەر ئەم پرسە هیچ جیاوازییەک لە نێوان بۆچوونی کارگێڕیی گشتیی تورک و پارتە سیاسییەکانی خاوەن نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکدا و بۆچوونی دادگاکاندا نییە. بەو جۆرە "دامەزراوەکانی دادگەری" هەوڵ دەدەن بە بڕیارەکانیان رەوایی بە زەوتکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد ببەخشن. دادگاکان، دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە و دادگای باڵای کارگێڕی و دادگای دەستووری و هتد، لەو دۆخەیاندا لەوە دەردەچن کە "دامەزراوەی دادگەری" بن و هەریەکەیان دەبێت بە یەکێک لەو ئۆرگانە جێبەجێکارانەی کە کۆلۆنیالیزمی تورک لە دژی کوردستان و نەتەوەی کورد پەیڕەو دەکات، وەک حکومەت، ژاندرمە، پۆلیس، قەرەقوڵ و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی. دامەزراوەیەکی لەوجۆرە بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە

سەرپەرشتی دەکرێت. بەم جۆرە دادگاکان کە "دامەزراوەی دابەشکەری دادوەری" و "دامەزراوەی گەڕان بەدوای راستییەکان"دان، هەوڵ دەدەن راستییەکان سەرکوت بکەن و ئایدۆلۆژیای فەرمی کە لەسەر بنەمای درۆ بنیات نراوە، زاڵ بکەن. دادگاکان کە وەک "دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ" پێشان دەدرێن، بوونەتە گرنگترین بەرگریکاری ئایدۆلۆژیای رەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستی و لەژێر ناوی "دادپەروەری سەربەخۆ"، "دادوەری سەربەخۆ" دا کارە کارگێڕییەکان رادەپەڕێنن. سەرەڕای ئەو بیرکردنەوە و کردارە رەگەزپەرست و کۆلۆنیالیستییانە، دەوڵەتی تورک دەتوانێت خۆی وەک وڵاتێکی "ئازادیخواز" و "دیموکراسی" پیشان بدات. زانکۆ و زانایانی تورک دەتوانن جەخت لەوە بکەنەوە کە بیرکردنەوە و کردارەکان "لیبراڵ" و "دیموکراسی"ن و ئەو کەسانەی داوای مافی نەتەوەیی کورد دەکەن و داکۆکی لێ دەکەن، بە تێکدانی پەرەسەندنی ئەو هەڵوێستە "لیبراڵ" و دیموکراسییە تاوانبار دەکەن، چونکە هزری تورکی گوشاری رەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستیی پەیڕەوکراو لە کوردستان هەمیشە وەک "خزمەتگوزاری" دەخاتەڕوو.

دادگاکان؛ دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە، دادگای باڵای کارگێڕی و دادگای دەستووری سزای بەرهەمهێنانی هەر هزرێک دەدەن کە جیاوازبێت لەو هزرەی دەوڵەت. پارتی کرێکارانی تورکیا لە ساڵی 1971 لەبەر ئەو هۆکارە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە داخرا. پارتی زەحمەتکێشانی تورکیاش لەبەرئەوەی لە بڕیارێکی جڤاتی گشتیدا ئاماژەی کردووە بۆ هەبوونی کورد لە هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا و گوتبووی کورد مافی خۆیانە بە زمانی دایک بخوێنن و مادەیەکی هاوشێوەی خستبووە بەرنامەی خۆیەوە، ساڵی 1980 بە هەمان پاساو لەلایەن دادگای دەستوورییەوە داخرا.

لای سەرەوە ئەو مادەیەی یاسای پارتە سیاسییەکانی تورکیامان خستەڕوو کە تایبەتە بە داخستنی پارتەکان. لەو مادەیەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە مۆڵەت نادرێت باس لە هەبوونی زمانێکی جیاواز لە

زمانی تورکی و کولتوورێکی جیاواز لە کولتووری تورکی لە چوارچێوەی سنوورەکانی کۆماری تورکیادا بکرێت. پێداگیری لەسەر ئەوە کراوە کە ناخوازرێت بەرگری لە زمانێکی جیاواز لە زمانی تورکی، کولتوورێکی جیاواز لە کولتووری تورکی بکرێت یان پەرەی پێ بدرێت. سەرەڕای ئەوە، لەوێدا بەرگری لە مادەی 12ی دەستووری ساڵی 1961یش دەکرێت. بەپێی ئەو مادەیە: "... هەمووان بەبێ گوێدانە جیاوازیی رەچەڵەک، رەگەز، بیروڕای سیاسی، بیروباوەڕی فەلسەفی، ئایین و مەزهەب لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. هیچ ئیمتیازێک نادرێتە هیچ کەسێک، خێزانێک، گرووپێک و چینێک."
لە کوردستان سیاسەتێکی رەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستی پەیڕەو دەکرێت و تەنانەت باسی بوونی کوردیش ناکرێت. کەچی لەو مادەیەدا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئیمتیاز بەهیچ گرووپێک نەدراوە. باس لەوە دەکەن کە زمانێکی جیاواز لە زمانی تورکی نییە و کولتوورێکی جیاواز لە کولتووری تورک نییە. تەنانەت باس لە هەبوونی ئەوانی دی هەر ناکرێت. دەگوترێت بەرگری لێ ناکرێت، باس لە یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی دەکرێت. دەگوترێت کە ناخوازرێت بەرگری لە زمانێکی جیاواز و کولتوورێکی جیاواز بکرێت و هەروەها باسی یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی دەکرێت.
هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە هزری تورکی لەڕووی تیۆرییەوە رێبازێکی دوو ستاندارد پەیڕەو دەکات. پراکتیزەکردنی هاوتەریبی هزر و بیرکردنەوە، واتە رەفتارەکان، جووتستاندردن. ئەم پرۆسەیە لە سیاسەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییە جێبەجێکراوەکاندا رێبازێکی گونجاو پەیڕەو دەکات. هۆکاری سەرەکی ئەم بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتە جیاوازە پرسی رزگارییە، پرسی کوردە.
کەمالیستەکان لەلایەک هەوڵی خنکاندن و لەنێوبردنی نەتەوەی کورد دەدەن و لەلایەکی دیکە، بایەخ بە خووڵقاندنی وێنەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی، شۆڕشگێڕ، دیموکراسی، دژە ئیمپریالیزم و دژە کۆلۆنیالیزم

دەدەن. کەمالیسـتەکان بـە دەسـتی "چـەپ" هەوڵی خنکانـدن و لەنێوبردنی نەتـەوەی کـورد دەدەن و ناهێڵـن دەنگـی دەربچێـت. قۆڵەکـەی دیکەشـیان هەڵدەبـڕن و دەڵێـن: "... یەکەمیـن شـەڕی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی لـە جیهانـدا دژی ئیمپریالیـزم و کۆلۆنیالیـزم ئێمـە کردمـان. بووینـە رابـەری هەمـوو نەتـەوە سـتەملێکراوەکان. ڕۆشـناییمان خسـتە سـەر خەباتیـان بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی". ئـەوان لـە هاودژییەکـی قووڵـدان؛ نـە دەسـت لـە چەوسـاندنەوە و لەناوبردنـی نەتـەوەی کـورد هەڵدەگـرن و نـە لـە ڕابەرایەتیکردنی نەتەوە سـتەملێکراو و چەوسـاوەکان. لە روانگەی ئەوانەوە تەنیـا رێبازێـک هەیـە بـۆ چارەسـەکردنی ئەو هزر و سیاسـەتە کەمالیسـتییە و ئـەو هاودژییـە؛ ئەویـش قەدەخەکردنـی هـەر هزرێکـە کـە رەخنـەی لـێ دەگرێـت و قایمکردنـی خـاوەن ئـەو رەخنەیەیـە لـە گۆشـەی زینـدان دا، بـەڵام ئـەو وێنـە دیموکراسـییە شۆرشـگێڕانەیەی دژ بـە ئیمپریالیسـت و کۆلۆنیالیـزم کـە ئەتاتـورک و کەمالیسـتەکانی دوای ئـەو هەوڵیـان دەدا بیخوڵقێنـن، لەبەرامبـەر پرسـی کوردسـتاندا نوقمـی تاریکییـە. ئـەو وێنەیـە کـە هەوڵـی خوڵقاندنـی دەدرێـت، لەبەرامبـەر ئـەو سیاسـەتانەدا کـە دژی نەتـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکرێـن، پـەردەی لەسـەر هەڵدراوەتـەوە و بـێ کاریگـەری ماوەتـەوە. لێـرەدا ئاماژەکـردن بـۆ چەنـد خاڵێـک سـەبارەت بـە بیـر و کردارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەسـوود دەبێـت.

## IV. نەتەوە یەکگرتووەکان، تورکیا و کورد

یونسـکۆ ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتیـی پەروەردەیـی و زانسـتی و ڕۆشـنبیرییە. یارمەتـی گەشـەپێدانی زانسـت و ڕۆشـنبیری دەدات، هانـدەری تێگەیشـتن و ڕوونکردنـەوەی جیهـان و کۆمەڵگـە و مرۆڤەکانـە لـە ڕێگـەی زانسـتەوە. هـاوکاری ئـەو چەمکـە دەکات دەدات لـە گەشـەکردن و ڕەگداکوتانـدا، بـەڵام یونسـکۆ لـە بڕیارەکەیدا بۆ یـادی 100 لەدایکبوونی ساڵەی ئەتاتورک هـاوکاری پەرەپێدانـی زانسـتی نەکـرد. بەپێچەوانـەوە، بـووە لایەنگـری ئایدۆلۆژیایـەک کـە گەشەسـەندنی زانسـتی سڕ دەکات و هـرز پـەک دەخات و وابەسـتەی ئایدۆلۆژیـای فەرمـی دەکات.
پەسـەندکردنی ئـەوەی کـە کەمالیـزم دژە ئیمپریالیـزم و دژە کۆلۆنیالیزمـە، پەژراندنێکـی بـاوی ڕاگەیانـدن و نووسـەران و زانایان و دەسـەڵاتی دادوەریی تورکـە، بەکورتـی پەسـەندکردنێکی هاوبەشـە لەلایـەن هـزری تورکییـەوە. کارگێڕیـی گشـتیی تـورک، دامـەزراوە پەروەردەییـەکان، پارتە سیاسـییەکان، سـەندیکاکان، کۆمەڵـەکان، دامــەزراوە ئایینییـەکان، زانکـۆکان و هتـد، بـێ هیـچ قەیـد و مەرجێـک هەمـان پەسـەندکردنیان پەژرانـدووە. ئەگـەر ئەمـڕۆ ڕاپرسـییەک لـە ڕاگەیانـدن و زانکـۆ و ئۆرگانەکانـی دادوەری و پارتـە سیاسـییەکان و کارگێڕیـی گشـتی و دامـەزراوە پەروەردەییەکانـدا ئەنجـام بدرێـت، نزیکـەی 100%ی بەشـداربووان دەڵێـن کەمالیـزم دژە ئیمپریالیـزم و دژە کۆلۆنیالیزمـە. تەنانـەت ئەگـەر بگوترێـت "بنەمـا هـەرە لە پێشـەکانی کەمالیـزم بنووسـن"، دەنووسـرێت کە دژە ئیمپریالیـزم و دژە کۆلۆنیالیزمە. بـەڵام ئـەم ئەنجامـە کـە پشـتی بـە ژمـارە بەسـتووە و بـە ڕێـژەی سـەدی گـوزارەی لـێ دەکرێـت و لـە ئەنجامـی پرسـیارکردنەوە هاتووەتـە ئـاراوە،

بەڵگـە نییـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو گەڵاڵانـە زانسـتین، چونکـە لـە زانسـتدا ژمـارە و چەندایەتـی پێـوەری راسـتی نیـن. پەژراندنـی بۆچوونێـک لەلایـەن زۆرینـەی رەهـای خەڵـک و دامەزراوەکانـی نێـو کۆمەڵگـەوە واتـای زانسـتیبوونی ئـەو بۆچوونـە ناگەیێنێـت. یـان ئەگـەر هـەر بۆچوونێـک لـە کۆمەڵگـەدا لەلایـەن ژمارەیەکـی کـەم کـەس یـان دامـەزراوەوە بەرگـری لـێ بکرێـت، ئـەوا مـەرج نییـە زانسـتی بێـت و بـە زانسـتی ناوببرێـت. لـە زانسـتدا تەنیـا پێوەرێـک بـۆ ڕاسـتی هەیـە، ئەویـش فاکـت و راسـتییەکانە. ئـەو بیرۆکانـەی دەخرێنـەڕوو، ئەگـەر لەگـەڵ راسـتییەکاندا گونجاو بـن، ئەوا ئـەو بۆچوونـە زانسـتییە، چونکـە بنەمـای سـەرەکی لـە پرۆسـەی زانسـتیدا بەدواداچوون و چاودێریکردنی راسـتییەکانە بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیکی. دوای ئـەوە چەمکسـازی ئەنجـام دەدرێـت و لـە رێـی چەمکەکانـەوە گریمانە دادەڕێژرێـت. ئـەو گریمانانـەش جارێکـی دیکـە بـە راسـتییەکان تاقـی دەکرێنـەوە و راسـتبوون یـان ناڕاسـتبوونیان ئاشـکرا دەکرێـت. مەرجێکـی بنەڕەتیـی زانسـت ئەوەیـە ئەنجامـەکان بـە راسـتگۆیی و بوێرانە بـاس بکرێن و رابگەیێندرێـن و بخرێنـەڕوو. ئاشـکرا نەکردنـی هـەر زانیارییەکـی زانسـتی، لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی پێـی خـۆش نییـە، رەفتارێکـی نەگونجـاوە لەگـەڵ رێبـازی زانسـتیدا. شـێواندنی هـەر زانیارییەکیـش بـۆ دڵخۆشـکردنی دەسـەڵاتی سیاسـی، بەهەمـان شـێوە رەفتارێکـی پێچەوانـەی رێبـازی زانسـتییە.

ئایـا ئـەو دەرئەنجامـە ئەگەرییـەی کـە لە سـەرەوە هەوڵـدراوە گـوزارەی لێ بکرێـت، هیـچ واتایەکـی نییـە؟ بێگومـان هەیەتـی. ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە ئایدۆلۆژیـای کەمالیسـتی وەک زرێیـەک کراوەتـە بـەر کۆمەڵگـەی تـورک. هەورەهـا ئـەوە دەردەخـات کـە هەمـوو تـاک و دامـەزراوەکان ئـەم ئایدۆلۆژیـا فەرمییـە درۆیینەیەیـان وەک خاڵـی جووڵـەی بنەڕەتیـی خۆیـان وەرگرتـووە.

بەکارهێنانـی ئـەو جـۆرە زانسـتە نازانسـتییانە دەکەوێتـە خانـەی رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییەوە. رەفتارەرەکانیـش بەهەمـان شـێوە.

ئـەم هەڵوێسـت و رەفتارانـەش لـە بنەڕەتـدا دژی پرەنسـیپەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و یونسـکۆن. مافـی نەتـەوەکان بـۆ ژیانـی ئازادانـە و بـۆ پەرەپێدانـی کەسـایەتیی خۆیـان، مافـی بنەڕەتیـی هەمـوو نەتەوەکانـە. هـەر مافـی ئـەم یان ئـەو نەتەوەیە نا، بەڵکـو مافـی هەمـوو نەتەوەکانـە. دەکرێت هەمـان شـت لەبـارەی مافـی چـارەی خۆنووسـینی گەلانیشـەوە بگوترێت. لـە جیهانـدا تەنیـا کاتێک ئاشـتی و دادپـەروەری و گەشەسـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی بـەدی دێـت کـە یەکسـانیی نێودەوڵەتـی دابیـن بکرێـت. کـۆت و زنجیرکردنـی بەشـێک لـە گـەلان لەلایـەن نەتـەوە ئـازاد و سـەربەخۆکانەوە ناتوانێـت سـوودی بـۆ دابینکردنـی ئاشـتی و سـەقامگیری هەبێـت.

کوردسـتان کۆلۆنییەکـی نێودەوڵەتییـە لـە نێوەڕاسـتی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا. دابـەش و لەتکـراوە و هەمـوو مافـە نەتەوەییـەکان و بەهـا مـادی و ماکییەکانـی زەوت کـراون. کـورد بە تەلـی دڕکاوی و کێڵگـەی مین و قوولـەی چاودێـری و قەرەقـۆڵ دابـەش کـراون. هەموو جۆرە رێوشـوێنێک گیراوەتەبـەر بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ یـەک دانەنێـن. هەمـوو پارچەیەکـی کوردسـتان لەژێـر داگیـرکاری و کۆنترۆڵی سـوپای ئەوتـۆدان کە لـە تەوقـی سـەرەوە تاوەکـو نووکـی پـێ پڕچـەک کـراون. هەمـوو رێکارێـک دەگیرێتەبـەر بـۆ تێکدانـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و لەنێوبردنـی کولتـووری کـوردی و ئەمـەش بـە کارێکـی سرووشـتی دادەنرێـت. کـورد لـە تورکیـا تەنانـەت هەبوونیشـی قبـووڵ ناکرێـت.

ئـەو دەوڵەتانـەی کـە بـە هاوبەشـی کوردسـتانیان کۆنتـرۆڵ کـردووە، وەک تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـووریا، هەوڵـی تایبـەت دەدەن بـۆ هێشـتنەوەی نەتـەوەی کـورد لەژێـر گوشـاردا و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هـاوکاری یەکـدی دەکـەن. ئـەم دەوڵەتانـە دەیانەوێـت نەتـەوەی کـورد کۆیلایەتـی قبـووڵ بـکات و بـاس لـە مافـی نەتەوەییەکانـی خـۆی نـەکات. بـە بـڕوای ئـەوان، کـورد نابێـت وەک کۆمەڵگـەی کـوردی بەرگـری لـە تایبەتمەندییەکانـی خۆی بـکات. ئەگـەر بەرگـری لـێ بکـەن، دەبنـە "ناپاکـی نیشـتمان". ئەگـەر بەرگری

لـێ نەکـەن و کۆیلایەتـی قبـووڵ بکـەن، ئـەوا دەبنـە "مرۆڤێکـی بـاش، هاووڵاتـی بـاش، کەسـانی مۆدێـرن". لـە تورکیـادا، ئامانـج لـە گوشـارەکانی سـەر خەسـڵەتەکانی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد ئەوەیـە زمـان و کولتـووری کـوردی بەتـەواوی لەبیـر بکرێـن و لەبیـر ببرێنـەوە. بێگومـان ئەوانـە لـە رێـی گوشـار و سـتەم و زیندانـەوە لـە دژی نەتـەوەی کـورد جێبەجـێ دەکرێـن. کاتێـک دەسـەڵاتی سـەربازی و ژاندرمـە و پۆلیـس بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـاد دەکات، ئـەوان دەڵێـن: "ئاشـتی و سـەقامگیری لـە کۆمەڵگـەدا جێگیـر دەبێت". هەرکاتێکیش کاریگەریی ئۆپەراسیۆنەکانی تۆقاندن دەکەوێتەڕوو، دەڵێـن: "کۆمەڵگـە گەیشـتە ئاشـتی، سـەقامگیری بـەدی هات". لـە کاتێکدا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ئـاوات و خواسـتە نەتەوەییەکانـی نەتـەوەی کـورد لـە خوێنـدا نوقـم دەکرێـن، ئـەوان لێـدوان دەدەن و دەڵێـن: "ئاشـتی و ئارامـی بـەدی هاتـووە، وڵات سـەقامگیر بـووە". داواکاری نەتـەوەی کـورد بـۆ مافـە نەتەوەییـەکان و هەوڵەکانـی بـۆ پاراسـتنی تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد، بـە بیـر و کـردار لـە دژی ئاشـتی و سـەقامگیری دادەنرێـت. تیـرۆری دەوڵەتیـش لـە کوردسـتان وەک پێشـاندەری ئاشـتی و سـەقامگیری دەخرێتـەڕوو. دەگوترێـت "خزمەتکردنـی خەڵـک" ئەرکـی ئێمەیە.

لێـرەدا دیسـانەوە جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێـوان نزیکبوونـەوە لـە پرسـی کوردسـتان و نزیکبوونـەوە لـە کێشـەی فەلەسـتیندا دەبینیـن. مانـەوەی زەوییەکانـی عـەرەب لەژێـر داگیـرکاری ئیسـرائیلدا بـە گرنگتریـن هـۆکاری ناسـەقامگیری لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا دادەنرێـت. خەباتـی کوردیـش بـۆ ئۆتۆنۆمـی و ئـازادی و هەوڵەکانـی بـۆ شـکاندنی دۆخـی کۆلۆنیالیزمـی نێودەوڵەتـی، وەک هـۆکاری ناسـەقامگیری گـوزارەی لـێ دەکرێـت. رزگارکردنـی خاکـی فەلەسـتین و عـەرەب لـە داگیـرکاری و، مانـەوەی خاکـی کوردسـتان بە داگیرکراوی بە تووخمێکـی سـەرەکیی سـەقامگیری سیاسـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دادەنرێـت. لێـرەدا بیرکردنـەوە و رەفتـاری جووتسـتاندارد بەوپـەڕی روونییـەوە لـە ئارادایـە.

بەڵام ئەوە لە ڕەگ و ریشەوە پێچەوانەی ئەو سیستەمەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی دامەزراندنی دەدات و دژبەری ئەو تێگەیشتنەیە کە یونسکۆ هەوڵی پاراستنی دەدات. نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت بە چوونە پاڵی ئەو سیستەمە ڕەگەزپەرست و کۆلۆنیالیستییانە ئاشتی و دادپەروەری دابین بکات و ناتوانێت دامەزراندنی سیستەمێک لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێو نەتەوەکاندا مسۆگەر بکات. بەپێچەوانەوە، دەبێت بە هاوکار بۆ پاراستنی سیستەمە ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستییەکان. لەو دۆخەدا نابێت رازیبوون لەسەر ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی دەوڵەت هەبێت کە تێیاندا باس لە ئاشتی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی دەکەن. پێویستە گومان لەو لێدوان و بۆچوون و زانیارییانە بکرێت و لێکۆڵینەوە بکرێت لەوەی ئایا لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێن یان نا! لە بابەتی کەمالیزمیشدا پێویستە بە وردی هەڵوەستە لە ئاست ئەو وێنەیەی دژ بە ڕەگەزپەرستی، ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم بکرێت کە بەرپرسانی تورک هەوڵی خوڵقاندنی دەدەن. لەم رووەوە، بەرپرسانی تورک نا، بەڵکو پێویستە نێوەڕۆکی ئەو سیاسەتە شیبکرێتەوە کە دەوڵەتی تورک لە کوردستان پەیڕەوی دەکات.

ساڵی 1981 لە تورکیا وەک "ساڵی ئەتاتورک" ناسێندرا و لە 5ی کانوونی دووەمی 1981 بە وتاری سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی و سەرۆکی ئەرکانی گشتیی ژەنەراڵ ئەڤرێن دەستی پێ کرد. ژەنەراڵ ئەڤرێن لە وتارەکەیدا ئەم قسانەی لای خوارەوەی کرد:

"... ئەتاتورک دەستپێشخەری خەباتەکانی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمە. ئەو تیشکی خستە سەر خەباتی گەلانی چەوساوەی جیهان. دەوڵەتی تورک ئەم سیاسەتەی پەژراندووە و وەک خۆی جێبەجێی دەکات".

ئەو لە کاتێکدا دەستپێشخەری ئەو شەڕی ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستییە کە لە دژی کۆمەڵگەی کوردی پەیڕەو دەکرێت، بانگەشەی ئەوە دەکرێت گوایە لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکانی

جیهـان هاوهەڵوێسـتە. دەتوانرێـت جەخـت لـەوە بکرێتەوە کـە بیرکردنەوە و کـردار لـە سیاسـەتی ناوخـۆ و دەرەوەی تورکیـادا بـەو ئاراسـتەیەدا پەرەی سـەندووە.

دەتوانرێـت چـی بکرێـت بەرامبـەر بـەو کەسـانەی کـە دەڵێـن ئـەو هـزرە راسـت نییـە؟ ئەوانـەی رەخنـە لـەم بۆچوونـە دەگـرن، رووبـەڕووی چ جـۆرە رووداوێـک دەبنـەوە؟ لـەم رووەوە تەنیـا شـێوازێک پەیـڕەو دەکرێـت: گوشـاری توونـد، سـتەم، زینـدان، دادگا، سـزا. کەواتـە ئەوانـە بۆچوونێـک نیـن بـۆ گفتوگـۆ خرابێتنـە روو. بۆچوونێـک نیـن بـۆ مشـتومڕ بشـێن، بەڵکـو رێ نادرێـت رەخنەیـان لـێ بگیرێـت و دەسـتیان بـۆ ببرێـت. بـەلای ئەوانـەوە، ئەوانـە بۆچوونێکـن کـە گومـان لـە راسـتییان ناکرێت و پێویسـتە پەسـەند و سـتایش بکرێـن و چەپڵەیـان بۆ بکوترێت. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانە، بایەخی تایبـەت بـە گوتنـی ئەمانـەی خـوارەوە دەدەن: لـە تورکیـا شـتێک نییـە بـە نـاوی کـورد. هەمـوو کەسـێک تورکـە و بەختـەوەرە بـەوەی کـە تورکـە. ئەوانـەی دەڵێـن لـە تورکیـا نەتـەوە، زمـان و کولتوورێکـی جیاواز لـە نەتەوە و زمـان و کولتـووری تـورک هەیـە، ناپاکـی نیشـتمان و دووژمنـی نەتـەوەن. ژەنـەراڵ کەنـان ئەڤرێـن لـە یەکێـک لـە وتارەکانیـدا سـەبارەت بـە کەمالیزم ئەمانـەی خـوارەوە دەڵێت:

"... ئەتاتـورک ناسیۆنالیسـت بـوو. تێگەیشـتنی ئەتاتـورک بـۆ ناسـیۆنالیزم خۆپەرسـتانە، ەەگەزپەرسـتانە و دابەشـکەرانە نییـە، بەڵکـو کۆکـەرەوە و یەکخەرە. ناسـیۆنالیزمەکەی ئەو؛ ناسـیۆنالیزمێکی تورکیی تەواو ریالیسـتی لەدایکبـووی بەختەوەریـی یەکگرتنـە لـە چارەنـووس و شـادی و خەمـدا".

لێـرەدا دەگوترێـت ناسـیۆنالیزمی ئەتاتـورک خۆپەرسـتانە و رەگەزپەرسـتانە نییـە. ئایـا چەمکێـک کـە مافـی ژیـان بـە کـورد نـادات، هەوڵـی لەنێوبردنـی خەسـڵەتەکانی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد و سـڕینەوەی نـاوی کـورد لـە زمـان و مێـژوودا دەادت، ئایـا دەکرێـت بـە "خۆپەرسـتانە نییـە" ناوببرێـت؟ عەقڵییەتێـک کـە میللەتـی کـورد لـە نـاو زمـان و کولتـووری تورکیـدا دەتوێنێتـەوە و دەڵێـت ئەگـەر نەبیتـە تـورک و هـاوار نەکەیـت: "ئێمـە

تورکین، بەختەوەرین"، مافی ژیانت نییە، ئایا دەکرێت بە "رەگەزپەرست نییە، باوەڕی بەیەکسانیی نێودەوڵەتی هەیە، خاوەن لێبووردەییە" ناوببرێت؟ بە تیرۆری کاریگەری دەوڵەت تایبەتمەندییە نەتەوەیییەکانی کورد خراونەتە ژێر گوشارەوە و بەوەش دەگوترێت ناسیۆنالیزمی "یەکخەر، کۆکەرەوە". یەکخستن و کۆکردنەوەیەک لە رێی توندوتیژی و تیرۆری دەوڵەتەوە بەدەست هاتبێت، ناکرێت بگوترێت نێوەرۆکێکی دیموکراسیی هەیە.

"هاوبەشی لە چارەنووس و شانازیدا"ش بەو شێوەیە هەڵدەسەنگێندرێت: "هاوبەشی لە شانازیی تورکدا"، "هاوبەشی لە خەمەکانی تورکدا". بۆ نموونە، لە سەروبەندی داگیرکردنی قوبرسدا لەلایەن سوپای تورکەوە، بەچڕی دەست کرا بە ورووژاندنی دروشمی "هاوبەشی لە چارەنووس و شانازی و خەمدا"، بەڵام لە هەر شوێنێکی کوردستان، بۆ نموونە؛ کاتێک باس دێتە سەر خەباتی کورد لە ئێران یان لە عێراق بۆ ئازادی و ئۆتۆنۆمی، دەستەواژەی "هاوبەشی لە خەمدا، هاوبەشی لە چارەنووسدا" ناکرێت بە بابەت. لەسەر سنوورەکان هەموو جۆرە رێکارێک دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی کورد تەنانەت کەرەستەی خۆراکی وەک دەرمان، ئارد، شەکر و خوێ نەگەیێنێتە براکانی خۆی. ئەو کەسانە بەتۆمەتی "تۆ یارمەتی بارزانیت داوە و شەکرت بردووە" لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و دەدرێنە دادگا. هەموو رێگەیەک تاقی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کورد پەیوەندی لەگەڵ یەکەدی دانەنێن. بۆیە ئەو دروشمەی کە بە "هاوبەشی لە چارەنووس و شانازی و خەمدا" گوزارەی لێ دەکرێت، هیچ نێوەرۆکێکی دیموکراسی نییە. کاتێک نەتەوەی تورک دەکەوێتە تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، داوای "هاوبەشی لە چارەنووس و شانازی و خەم"دا دەکرێت. ئەو مەترسیانەی رووبەڕووی کوردیش دەبنەوە، زیاتر گەورە دەکرێنەوە و لایەنگری لە دووژمنانی کورد دەکرێت. هەرکەسێک هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییانە بدات کە رووبەڕووی کورد دەبنەوە و لایەنی کورد بگرێت، ئەوا بە

دووژمنـی میللـەت و نیشـتمان رادەگەیێندرێـت و رووبـەڕووی ئامرازەکانـی گوشـاری زۆرەملێی وەک قەرەقۆڵ، پۆلیس، ژاندرمە، سـوپا، دادگا و زیندان دەکرێتـەوە. تورکـەکان کـە دەڵێـن "هاوبەشـی لـە چارەنـووس و شـانازی و خەم"دا، خۆیان بەو سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییەی پەیڕەوی دەکـەن، بنەڕەتیتریـن سـەرچاوەی "خـەم"ی نەتـەوەی کـوردن. ئـەوان خۆیان چارەنووسـی نەتـەوەی کـورد دیـاری دەکـەن و بـە شایسـتەی کۆیلایەتـی و دیلـی دەزانـن. نەتەوەیەکـی کۆیلـەی ژێـر چەوسـاندنەوەی رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتی دەتوانێـت چ جـۆرە "شـانازی"یەکی هەبێـت؟

سـەرۆکی دەوڵـەت و سـەرۆکی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتی ژەنـەراڵ کەنعـان ئەڤرێـن لـە وتـاری دەسـتپێکی سـاڵی ئەتاتورکـدا ئەمانـەی خـوارەوەی گـوت:

"گرنگتریـن تێڕوانیـن کـە خەسـڵەتی بـە جیهانیبـوون بـە ئەتاتـورک دەبەخشـێت، خۆشەویسـتیی ئـەوە بـۆ مـرۆڤ و ئایدیالـی مرۆڤایەتـی. ئەتاتـورک شـانازی بـە میللەتـی خۆیـەوە دەکات، بـە شـانازی و متمانـەوە بـۆی دەڕوانێـت. لەلایەکـی دیکـەوە دەڵێـت: 'رێـز و بایـەخ پێشـانی گشـت ئـەو نەتەوانـە دەدرێـت کـە هاوکارمانـن و دان بە هەموو پێداویسـتییەکانی ناسـیۆنالیزمیاندا دەنێین. ناسـیونالیزمی ئێمە ناسیۆنالیزمێکی خۆپەرست و لەخۆبایـی نییـە'."

لێـرەدا بانگەشـەی ئـەوە دەکرێـت کـە کەمالیـزم رێـز لـە نەتەوەکانـی دیکـە دەگرێـت و دان بـە هەمـوو پێداویسـتییەکانی ناسـیۆنالیزمیاندا دەنێـت. ئەمـەش راسـت نییـە. ئـەو سیاسـەتەی دژ بـە نەتـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکرێـت، ئـەم بانگەشـانە بـە درۆ دەخاتـەوەو پووچەڵـی دەکاتـەوە. دەسـەڵاتێک بوونـی نەتـەوەی کـورد قبـووڵ نـەکات و هەمـوو رێکارێـک بگرێتەبـەر بـۆ لەنێوبردنـی تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد، هاودژییەکـی دراماتیکییە ئەگەر بانگەشـەی رێزگرتن لە نەتـەوە ناتورکەکان بـکات. ئەمـە یەکێـک لـە هاودژییـە بنەڕەتییەکانـی مرۆڤایەتییـە کاتێـک چەمکێـک لەلایـەک هەوڵـی سـڕینەوەی نـاوی کـورد و کوردسـتان لەسـەر

زمـان و مێـژوودا دەدات و لەلایەکـی دیکـەوە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە هەمـوو پێداویسـتییەکانی ناسـیۆنالیزمی نەتەوەکانی ناتـورک دابین دەکات. لـەم خاڵـەدا بەسـوودە یەکسـەر ئامـاژە بەمانەی لای خـوارەوە بکەیـن. ئەم بۆچوونانـە کـە ژەنـەراڵ کەنعـان ئەڤرێـن گـوزارەی لـێ کـردوون، بۆچوونـی هاوبەشـی بەرپرسـانی تورکیـان. ئەگـەر "سـاڵی ئەتاتـورک" لەلایـەن ژەنەراڵ ئەڤرێنـەوە نـا، بەڵکـو لەلایـەن سـەرۆکەکانی پێـش ئـەوەوە بکراباوە، کـەم و زۆر هـەر ئـەو شـتانەیان دەخسـتەڕوو. یـان ئەگـەر سـولەیمان دەمیرێـل یـان بولێنـت ئەجەویـد وتـاری کردنەوەیـان پێشـکەش کردبـا، بێگومـان هـەر هەمـان ئـەو شـتانەیان دەگـوت، چونکـە ئـەم بۆچوونانـە ئایدۆلۆژیای فەرمـی دەوڵەتـی تورکـن. راسـتییەکی حاشـا هەڵنەگـرە کـە کارگێڕیـی گشـتی، دامەزراوەکانـی پەروەردەیـی، زانکـۆکان، ئامرازەکانـی میدیـای گشـتی، سـەندیکاکان، کۆمەڵـە و پارتـە سیاسـییەکانی تورکیا ئایدۆلۆژیای فەرمییـان بـێ هیـچ قەیـد و مەرجێـک پەژرانـدووە. سـەرەڕای ئـەوەش، وەک هـۆکاری سـەرەکی دەسـتتێوەردانە سـەربازییەکان لـە تورکیـا بـاس لـەوە دەکرێـت کـە حکومەتـی کودەتـا بەسـەرداکراو لـە پرەنسـیپەکانی ئەتاتـورک دوورکەوتووەتەوە، پرەنسـیپەکانی کەمالیسـتی بەباشـی بۆ نەوە گەنجـەکان روون نەکردووەتـەوە و نەخراوەتـە مێشـکیانەوە و کەمالیـزم لەبیـر کـراوە و لەبیـر براوەتـەوە.

کەمالیسـتەکان بـۆ شـەڕی تورکیا-یۆنـان و تورکیا-ئەرمـەن لـە سـاڵانی 1919-1922دا ئـەم بیانووانەیـان هێنایەوە: "ئیمپریالیسـتەکان دەیانویسـت وڵاتەکەمـان دابـەش بکـەن و میللەتـی تـورک بکەنـە کۆیلـە. ئامانجیـان سـڕینەوەی نەتـەوەی تـورک لـە مێـژوودا و سـڕینەوەی تورکیـا بـوو لـە نەخشـەی جیهانـدا. ئـەوان دەیانویسـت نیشـتمانی تـورک لەتلـەت بکـەن و نەتـەوەی تـورک پـاروو بـە پـاروو قـووت بـدەن". ئەمـە نموونەیەکـی پەندئامێزیشـە بـۆ هاوکاریکردنـی کەمالیسـتەکان لەگـەڵ هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان لەپێنـاو دابەشـکردنی کوردسـتاندا. نموونەیەکـی پەندئامێـزە بـۆ سـەپاندنی سیاسـەتی پـەرت بکـە و زاڵ ببـە بەسـەر زێـدی

کوردانـدا و بـۆ ڕەفتارەکانـی چەوسـاندنەوە و لەنێوبردنـی نەتـەوەی کـورد. هەروەهـا پەندئامێـزە بـۆ هەوڵەکانیـان بـۆ پارچەپارچەکردنـی نیشـتمانی کـوردان و بـۆ "قوتدانـی پـارووە بـە پـارووە"ی نەتـەوەی کـورد و سـڕینەوەی لەسـەر زمـان و لـە مێـژوودا. ئەژمارکردنـی ئـەم هزرە کۆلۆنیالیسـتی و ئەم ڕەفتارانـە وەک پێداویسـتیی "شـۆڕشـگێڕی" و "دیموکراسـی" و "مرۆڤایەتـی" پێویسـتە بـە یەکێک لـە هاودژییە دراماتییەکانی سـەدەی بیسـتەم دابنرێت. وەک پێشـتر ئامارەمـان پێـدا کەمالیسـتەکان، هەمیشـە ئـەو کـردەوە ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییانەی کـە دژ بـە نەتـەوەی کـورد پەیـڕەوی دەکــەن، وەک "خزمەتگــوزاری" دەخەنــەڕوو.

تورکـە دیموکـرات و کەمالیسـتەکانی خاوەنـی بیـر و کـردەوەی ڕەگەزپەرسـتانە و کۆلۆنیالییسـتی لـەو شـێوەیەن، بـە گوتنـەوەی کـورد "ناسیۆنالیسـتە" و "شۆڤێنیسـتە"، سـووکایەتی بـە کـورد دەکـەن. کـورد بـە "ڕەگەزپەرسـتی" و بـە "ڕەگەزپەرسـتیی کەمینـە" تۆمەتبـار دەکـەن. بێ ڕێزی دەکـەن و زۆرجـار بیرکردنـەوە و هەڵوێسـتەکانیان ئاشـکرا دەکـەن. خەباتی دیموکراسـیخوازان و نیشـتمانپەروەران و شۆڕشـگێڕانی کـورد لـە دژی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی تـورک هەمیشـە ڕووبەڕووی ئـەو جـۆرە و سـووکایەتی و بـێ ڕێزییـە دەبێتـەوە. تەنانـەت ئەوانـە وەک تۆمەتیـش دەخرێنـەڕوو. سۆسیالیسـت و مارکسیسـت و هەمـوو کەسـێک تاوانبـار دەکرێـن. داخوازییەکانـی کـورد بـۆ مافە نەتەوەیییـەکان و خەباتـی لەپێناوی پاراسـتنی تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد و بەرخۆدانیـان لـە بەرامبـەر ئاسـمیلەکردن بـە "ناسـیۆنالیزم" وەسـف دەکرێت و سـووکایەتی پـێ دەکرێـت.

تورکـەکان کۆنەپەرسـتانەترین و کوشـندەترین سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی جیهـان جێبەجـێ دەکـەن. کوردیـش کە لە پێنـاو مافەکانی مـرۆڤ و دیموکراسـی و ئازادییەکاندا تێدەکۆشـێت، ڕووبەڕووی کۆیلایەتی بووەتـەوە و دیلێتـی ڕەت دەکاتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەش، تۆمەتبارکردنـی کـورد لەلایـەن تورکـەوە بـەوەی کـە "سـەرقاڵی ناسیۆنالیسـتی و

شۆڤێنیستین"، دیسان پەندئامێزە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوە خەباتی هەبوون و تێکۆشان لەپێناوی هەبوونی نەتەوەی کورددایە. خەباتە بۆ لەنێونەچوون و پاراستنی شکۆمەندییان. خەباتە لەپێناوی ئەوەی لەسەر زمان و لە مێژوودا نەسڕدرێنەوە. خەباتە بۆ ئەوەی لەسەر نەخشەی جیهان هەڵنەکۆڵدرێن. ڕەوا نییە بە چەمکی "ناسیۆنالیزم" گوزارە لەو خەباتانە بکرێت.

سەرباری گشت ئەمانە، کاتێک باس لە تایبەتمەندییەکانی بە کۆمەڵگەبوونی تورکەکانی یۆنان و تورکەکانی تراکیای ڕۆژئاوا دەکرێت، یەکسەر ڕوون دەبێتەوە کە تورکە دیموکراسیخوازەکان چەندە هەستیار و "ناسیۆنالیست"ن و دەست دەکەن بە گوتنی: "حکومەتی یۆنان دەست دەخاتە تایبەتمەندییەکانی بەکۆمەڵگەبوونی تورکەوە"، "دەخوازرێت لە تراکیای ڕۆژئاوا تورکایەتی لەنێوببرێت"، "بەدڵنیاییەوە پێویستە حکومەتی تورک لەم بارەیەوە دەستپێشخەری بکات" و هتد. بارودۆخەکە بۆ تورکەکانی قوبرس، کەرکووک و بوولگارستانیش هەر وایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە یۆنان، لە عێراق و لە شوێنەکانی دیکە حکومەتەکان دانیان بە تایبەتمەندییەکانی بەکۆمەڵگەبوونی تورک داناوە . ئایا ڕەوشەکە لە تورکیا بەو جۆرەیە؟ بۆچی هەوڵی زیاتر لە 10 ملیۆن کورد بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی بەکۆمەڵگەبوون و تێکۆشانیان لەو پێناوەدا و خەباتیان لە دژی ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیانیستی بە "ناسیۆنالیزم" و "شۆڤێنیزم" وەسف دەکرێت و بە چاوی بێ ڕێزییەوە تەماشا دەکرێت؟ بەئاشکرا دیارە کە کەمالیستەکان بەمەبەستی شاردنەوەی ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیستیی خۆیان، کورد بە "ناسیۆنالیست" و "شۆڤێنیست" تۆمەتبار دەکەن.

مافەکانی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و مافی مامەڵەی یەکسان، مافی هەموو نەتەوەکانە. بەتەنیا مافی ئەم نەتەوە یان ئەو نەتەوە نییە. ئەم بنەمایە چ لەلایەن کۆمەڵەی گەلان و چ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە. جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و

پەیماننامەی مافی مرۆڤی ئەوروپاش پاراستن و گەشەپێدانی ئەو بنەما و پرەنسیپەیان بۆ خۆیان کردووەتە ئامانج. هەروەها پەیماننامەی مافی مرۆڤ کە هاوتەریب لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدراوە، بەدیهێنانی ئەو پرەنسیپانەی کردووەتە ئامانجی بنەڕەتیی خۆی. پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە لە 3ی کانوونی دووەمی ساڵی 1976 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە مادەی 1ی بەشی پێشەکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان مافێکە پێویستە بێ هیچ قەید و مەرجێک بەرگری لێ بکرێت. جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دەستەبەرکردن و ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی ئەو مافە. پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە 23ی ئاداری ساڵی 1976 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهەمان شێوە لە مادەی 1ی پێشەکیدا گوزارە لە گرنگیی ئەم مافە و پێویستبوونی بەدیهێنانی دەکات.

بەڵام نە کۆمەڵەی گەلان و نە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ بایەخیان بە پرسی کوردستان نەداوە. پرسی سوود وەرگرتنی نەتەوەی کورد لە مافەکانی مرۆڤ هەرگیز مایەی بایەخ پێدانی ئەو رێکخراوانە نەبووە. هەوڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی و تێکۆشان لەپێناوی ئازادی و ئۆتۆنۆمیدا نەچووەتە کارنامەی ئەو رێکخراوانەوە. لە سەرەتای سەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا کە بە توندی بەرگری لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکرا، کوردستان دابەش کرا و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ ببە لە دژی نەتەوەی کورد پەیڕەو کرا و بەپێچەوانەی ویست و خۆڕاگریی نەتەوەی کوردەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەیماننامە بۆ گەرەنتیکردنی ئەو دابەشبوونە ئیمپریالیستییە رێکخرا. ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆمەڵەی گەلان بوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئینگلتەرا قورسایی زۆری لە کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو. عێراق کۆلۆنیی ئینگلیز بوو. باشووری کوردستانیش لە رێگەی ماندانی

عێراقــەوە لەژێــر کۆنترۆڵــی بەریتانیــادا بــوو. بــەو هۆیەشــەوە ئینگلتــەرا لــە باشــووری کوردســتان سیاســەتی کۆلۆنیالیزمــی جێبەجــێ دەکــرد. نقوومکردنــی مافــە نەتەوەیــی و دیموکراســییەکانی کــورد لــە خوێنــدا ئەرکــی ســەرەکیی ئیمپریالیزمــی ئینگلیــز بــوو. کۆمەڵــەی گــەلان لەبــەر هــۆکاری جۆراوجــۆر نەیتوانــی دامەزرانــدن و گەشــەپێدانی پەیوەندییەکــی نێودەوڵەتیــی هاوســەنگ مســۆگەر بــکات و نەیتوانــی ئەرکەکانــی خــۆی لــە دابینکردنــی ئاشــتی لــە جیهانــدا جێبەجــێ بــکات. هاودژیــی قــوڵ لەنێــوان دەقــە نووســراوەکان و بارودۆخــە راســتەقینەکاندا هاتــە ئــاراوە. زۆر جــار بــاس لــە چەمکەکانــی وەک ئاشــتی، دادپــەروەری، یەکســانیی نەتــەوەکان و مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان دەکــرا.

لــە دۆخــی دێفاکتــۆدا ژینگەیــەک هەبــوو کــە زۆر لــە نەتــەوەکان تێیــدا دەچەوســێندرانەوە و رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیســتی بەچــڕی بــەردەوام بــوو. ئــەو شکســتە جەنگــی جیهانیــی دووەمــی بــە دوای خۆیــدا هێنــا و لەگــەڵ شــەڕەکەدا کۆمەڵــەی گــەلان دارمــا.

ســاڵی 1945 و ســاڵانی دواتــر پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان بــە پێشــەنگیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان ســەرلەنوێ رێکخرانــەوە و دووبــارە دامەزرێندرانــەوە. بێگومــان مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان لــەو قۆناخــەش دا وەک بنەمایەکــی گرنــگ مایــەوە، بــەڵام گرنگتریــن چەمــک کــە لــەو قۆناخــەدا بەکارهێنــدرا، مافەکانــی مــرۆڤ بــوو. ئەمــە ئــەو چەمکــە گرنگــە بــوو کاراکتــەری ئەو ســەردەمەی نەتــەوە یەکگرتووەکانی نەخشــاند. ســەرەڕای دامەزراندنــی سیســتەمێکی نوێــی نێودەوڵەتــی، هەوڵــی زۆر درا بــۆ هێشــتنەوەی قــەوارەی دابەشــبوو و پارچەپارچەکــراوی کوردســتان وەک خــۆی. سیاســەتی پەرتکــە و زاڵ ببــەی پەیڕەوکــراو لــە دژی نەتــەوەی کــورد، رێــک وەک خــۆی پەژرێنــدرا. پاراســتن و پتەوکردنــی ســەقامگیری سیاســی لــە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا رێــک بەســترایەوە بەمەرجــی پاراســتنی ئــەو دۆخــە کۆلۆنیالیزمــە نێودەوڵەتییــەوە کــە لــە کوردســتاندا جێبەجــێ دەکــرا. مافــە نەتەوەیــی و دیموکراســییەکانی نەتــەوەی کــورد چ لــە عێــراق و چ

لـە ئێـران و چ لـە تورکیـا نوقمـی خوێـن کـران. گوشـاری قـورس خرایـە گـەڕ بـۆ پێشـگرتن لـە داخوازییـە سیاسـییەکان و داخـوازیـی ئۆتۆنۆمـی و ئـازادی. گوشـاری دژواریـش داهێنـرا بـۆ بەخێرایـی سـەرکوتکردن و بـڵاوە پێکـردن و هەرەسـپێهێنانی ئـەو داخـوازانـە لـە ئەگـەری سـەرهەڵدانیاندا. وەک دەبیندرێـت، سـەرەڕای هەوڵـەکان بـۆ دامەزراندنـی سیسـتەمێکی نـوێ لـە سـاڵی 1945 و سـاڵانی دواتـردا، دۆخـی سـتاتۆی کوردسـتان وەک خـۆی هێڵدرایـەوە. لـەو قۆناخەشـدا جیاوازییەکـی نەگونجـاو لـە نێـوان دەقـە نووسـراوەکان و بارودۆخـی دێفاکتـۆدا هەیـە. لـەو سـەردەمەدا ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بایەخێکـی زۆر بـە پرەنسـیپەکانی وەک مافەکانـی مـرۆڤ، یەکسـانیی نەتـەوەکان و مافی چارەی خۆنووسـی گەلان و جێبەجێکردنیـان دەدات، بـەڵام نەتـەوە یەکگرتـووەکان دژی بێبەشـکردنی کـورد لـە مافەکانـی مـرۆڤ و چەوسـاندنەوەی نەتـەوەی کـورد و بـێ ڕێـزی پێکردنـی و پێگـە ی کۆلۆنیالیزمـی نێودەوڵەتیـی کوردسـتان نییـە و نایکاتـە کێشـە. نەتـەوە یەکگرتـووەکان بایـەخ بـەوە دەدات کـە ئـەو بابەتـە نەخرێتە ڕۆژەڤـەوە، چونکـە لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان قسـەی کـورد نـا، بەڵکـو قسـەی ئـەو دەوڵەتانـە دەڕوات کـە کوردسـتانیان لـە دۆخـی سـتاتۆی کۆلۆنیـی نێودەوڵەتیـدا هیشـتووەتەوە. ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتان وەک کۆلۆنییەکـی هاوبـەش بەکاردەهێنـن و کۆنترۆڵیـان کـردووە، هەمـوو ڕێکارێـک دەگرنەبـەر بـۆ ئـەوەی پرسـی کوردسـتان نەخرێتـە کارنامـەی ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە. لەسـەر ئـەم بابەتـە پێشـتر بەراوردێکـی کورتمـان لـە نێـوان پرسـی کوردسـتان و کێشـەی فەلەسـتیندا کـرد.

بـەڵام ئـەوەی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان لایەنگـری لـە دەوڵەتـە ڕەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیسـتییەکان دەکات نـەک میللەتـی سـتەملێکراوی کـورد، تاوەکـو دێـت زیاتـر لـە کاریگـەری و متمانەکـردن بـەو ڕێکخـراوە کـەم دەکاتـەوە و دەیکاتـە شـتێکی ناپێویسـت. نەتـەوە یەکگرتـووەکان نابێـت لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ کێشـەکانی نەتـەوە سـتەملێکراوەکان لـە

جیهانـدا سـتانداردی جیـاواز بەکاربێنێـت. پێویسـتە خـۆی لـە هەنـدێ هـزر و کـردار بـەدوور بگرێـت کـە ڕەوایـی بـە ئایدۆلۆژیـا و کردارەکانـی دەوڵەتانـی ڕەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیسـت دەدات. نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناتوانێت پرســی کوردســتان لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت دا ببینێــت و لــە پێگــەی کۆلۆنیالیزمیــی نێودەوڵەتیــی کوردســتان تێنــاگات و چاوپۆشــی دەکات لـە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵ ببـەی پەیڕەوکـراو لـە دژی نەتـەوەی کـورد، ناتوانێـت هـاوکار بێـت لـە دابینکردنـی ئاشـتی و پاراسـتن و گەشـەپێدانی شــکۆی مرۆڤایەتــی، بەڵکــو بەپێچەوانــەوە، ئایدۆلۆژیــای ڕەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیسـتی بەهێزتـر دەکات و دۆخـی بـە دامەزراوەییبـوون بـەو ئـەو ئایدۆلۆژییانە دەبەخشێت. بەتایبەتی پێشاندانی ئایدۆلۆژیایەک وەک "دۆستی نەتـەوە سـتەملێکراوەکان" لەکاتێکـدا ئـەو ئایدۆلۆژیایـە نەتـەوەی کـورد دەچەوسـێنێتەوە و هەوڵـدەدات هەمـوو تایبەتمەندییـە نەتەوەیییەکانـی لەنێوببـات، لەگـەڵ ئامانجەکانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا یـەک ناگرێتـەوە. هەوڵــدان بــۆ وێناکردنــی ئایدۆلۆژیایــەک وەک "دۆســتی نزیکــی نەتــەوە سـتەملێکراوەکان و ئـەو نەتەوانـەی کـە دووچـاری ناڕەوایـی گـەورە بـوون" لـە کاتێکـدا ئامانجـی سـەرەکیی ئـەو ئایدۆلۆژیایـە سـڕینەوەی نـاوی کـورد و نـاوی کوردسـتانە لەسـەر زمـان و لـە مێـژوودا، بەتـەواوی دژی ئایدیالـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە. پێشکەشـکردنی ئایدۆلۆژیایـەک، واتـە کەمالیـزم، وەک دژە ئیمپریالیسـت و دژە کۆلۆنیالیـزم لـە کاتێکـدا ئـەو ئایدۆلۆژیایـە بە هـاوکاری لەگـەڵ ئیمپریالیـزم کوردسـتانی دابـەش کـردووە و سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵ بـە لـە دژی نەتـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکات، گاڵتەکردنـە بـەو پرەنسـیپانەی کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان خـۆی داینـاون.

نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەچـڕی گرنگـی بـە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانـی جیهان دەدات. کێشـەکانی فەلەسـتین و قوبـرس، لـە چڕتریـن بوارەکانـی بایـەخ پێدانـی نەتـەوە یەکگرتووەکاندایـە. پرسـی نامیبیـا لـە ئەفریقیـا، بـەرەی ئازادیخـوازی پۆلیسـاریۆ، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی ئێریتریـا، لـە چوارچێـوەی بایـەخ پێدانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدان. بزووتنـەوەی ئیسـلامی لـە فلیپین

و پرسـی ئەفغانسـتانیش بەهەمـان شـێوەیە. نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە کاتـی دانانـی ئـەم بابەتانـە لـە ڕۆژەڤـی خۆیـدا و بەچـڕی مامەڵەکـردن لەگەڵیانـدا چ پێوەرێـک بەکاردەهێنێـت؟ چ پێوەرێکیـش هەیە بـۆ هیچ بایەخ نەدانـی بـە پرسـی کوردسـتان؟ بۆچـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە پەسـەند ناکرێـت؟ بۆچـی تێکۆشـانی کـورد لـە دژی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیـزم، خەباتـی ئـەوان بـۆ ئۆتۆنۆمـی و ئـازادی، بـێ پشـتیوانییە؟ لـە کاتێکـدا بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازە نەتەوەییەکانـی دیکـە پشـتیوانییەکی زۆریـان لـێ دەکرێـت، بۆچـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کورد پشـتگوێ دەخرێت؟ پرسـی خاکی داگیرکـراوی کـورد و پێگـەی کۆلۆنیالیزمیـی نێودەوڵەتـی لـە کوردسـتان چ سـوودێک بە دابینکردنی سـەقامگیریی سیاسـی لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا دەگەیێنێـت؟ چـۆن ئاشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، "ئایدیاڵـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان" دێتـە دی لەکاتێکـدا کوردسـتان لـە دۆخـی کۆلۆنییەکـی هاوبـەش بەکارهێنـدراو و کۆنترۆڵکراودایـە؟ سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی پەیڕەوکـراو لـە دژی نەتـەوەی کـورد چـۆن دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت بۆ دابینکردنی ئاشـتیی جیهانی و بەدیهێنانـی دادپەروەری؟

# ٧. یونسکۆ، توکیا و کورد

## ئیمپریالیزمی کولتووری لە کوردستان

ئامانجـی یونسـکۆ هەوڵدانـە بـۆ زاڵکردنـی زانسـت لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا، بـۆ پاراسـتن و پەرەپێدانـی کولتـووری مرۆڤایەتـی، بـۆ دابەزیـن بـۆ سـەرچاوە کولتوورییەکانـی مرۆڤایەتـی، بـۆ توێژینـەوە و بەدیارخسـتنی ئـەو کولتوورانـەی کە کۆمەڵگە مرۆییـەکان و کۆمەڵگەکان ئافراندوویانـن و کەڵەکەیـان کـردوون و گەیاندوویانـن بـە سـەردەمی ئەمـڕۆ. بۆیـە یەکێـک لـە گرنگترین بابەتـەکان کە یونسـکۆ گرنگـی پێـدەدات، کولتـوورە.

ئەمـڕۆ کەلتـوور بووەتـە ڕەهەندێکـی دانەبـڕاوی گەشەسـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و بـەو جـۆرە هەڵدەسـەنگێندرێت. پلانـی گرنـگ بـۆ دیموکراتیزەکردنـی کولتـوور دادەنرێـت و دەخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئامانـج لـە سیاسـەتە کولتوورییـەکان دەوڵەمەندکردنـی ژیانـی نـاوەوەی مرۆڤەکانـە. هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش، کار دەکرێـت بـۆ گەشـەپێدان و خسـتنەڕووی کولتـوورە هەرێمایەتییـەکان و زادەی نەریـت و کولتـوورە ڕەسـەن و تایبەتمەنـدەکان. ئێسـتا بەباشـی روون بووەتـەوە کـە پێشـهاتە ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان بە وەلانانی کولتوور و وشـککردنی سـەرچاوەکانی کولتـوور بـەدی نایێـت. بۆیـە بەشـداری پێکردنـی مرۆڤـەکان لـە چالاکییـە کولتوورییەکانـدا، خـۆی وەک بیرکردنـەوە و کردارێکـی گرنـگ دەنوێنێـت. ئەمـەش پرسـێکە کـە پەیوەنـدی بـە مافـی "بـوون بـە خاوەنـی کولتـوور"ی هاووڵاتیـان و هەمـوو دانیشـتووانی وڵاتـەوە هەیـە و پرسـێکە

پەیوەنـدی هەیـە بـە دابینکردنـی مافـی "بـوون بـە خاوەنـی کولتـوور"ەوە بە یەکسـانی بـۆ سـەرجەم هاووڵاتیـان.
لـە کۆتایـی سـاڵی 1980دا یەکـەم کۆبوونـەوەی یورۆکولـت لـە شـاری هێلسـنکی بەڕێوەچـوو. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـە لەلایـەن یونسـکۆوە ڕێـک خرابـوو، شـاندی دەوڵەتـان بەشـدارییان کـرد. سـەرۆکی فینلانـد ئـۆرۆ کیکـۆن لـە وتـاری دەسـتپێکی ئـەو کۆبوونەوەیـەدا گـوتـی:
"پێویسـتە ئامانجـی سـەرەکی هەمـوو سیاسـەتێکی کولتـووری دابینکردنـی بەشـداربوونی تـەواوی هاووڵاتیانـی ئـەو وڵاتـە بێـت لـە چالاکییـە کولتوورییەکانــدا".
ئەو وتانە کرانە دروشمی یەکەمین کۆبوونەوەی یۆرۆکولت.
دوای ئـەم کورتـە ڕوونکردنـەوە گشـتییانە، پێویسـتە ئـەم پرسـیارانە بکرێن: نەتەوەیـەک و ئەندامەکانـی چـۆن بەشـداری لـە چالاکییـە کولتوورییەکانـدا بکـەن لـە کاتێکـدا زمانـی دایکیـان لـێ قەدەخـە کـراوە و خراونەتـە ژێـر گوشـارێکی زۆر توونـدەوە؟ ئایـا کولتـوور دەتوانێـت بـێ زمانـی دایک گەشـە بـکات؟ ئایا کولتـوور یەکێـک لـە داتاشـراوەکانی زمانـی دایک نییـە؟ کولتوور چـۆن لـە بەرامبـەر سـتەمکاریی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیدا خـۆی دەپارێزێـت و گەشـە دەکات؟ لـە پرسـی کوردسـتاندا دۆخەکـە زۆر ڕوونـە: زمانـی کـوردی قەدەخـە کـراوە. هەمـوو ڕێکارێـک دەگیرێتەبـەر و پەیـڕەو دەکرێـت بـۆ ئـەوەی زمانـی کـوردی لەبیـر بکرێت و لەبیـر ببرێتـەوە. هاوکات لەگـەڵ زمانـی کوردیـدا، کولتـووری کوردیـش لەگـەڵ گوشـارێکی توونـد ڕووبـەڕووە. پێشـتر باسـمان لـەوە کرد کـە ئەم گوشـارانەی چەوسـاندنەوە ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتییانە چـۆن گەشـەیان کـردووە.
لـە بەرامبـەر گوشـاری ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیدا و لـە ژینگەیەکـدا کـە تێیـدا تەنانـەت دان بـە بوونـی کوردیشـدا نەنـراوە، چـۆن بەشـداربوونی کـورد لـە چالاکییـە کولتوورییەکانـدا مسـۆگەر دەکرێـت؟ لـە کاتێکـدا ئـەو کولتـوورەی کـە نەتـەوەی کـورد بەدرێژایـی مێـژوو کەڵەکـەی کـردووە، لەنێودەبرێـت و هەوڵـی سـڕینەوەی لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـدا دەدرێـت، چۆن

ژیانــی رووحیــی مرۆڤــەکان زامــن دەکرێــت؟ کولتــووری مرۆڤایەتــی چــۆن دەوڵەمەنــد دەبێــت لــە کاتێکــدا میراتــی کولتــووری کــورد لەنێودەبرێــت و دەخرێتــە ژێــر گوشــارەوە؟

سیاســەتی کەمالیســتی خوازیــارە کولتــوورەکان ئاســمیلە بکرێــن و زمانــی کــوردی لەبیــر بکرێــت و لەبیــر ببرێتــەوە. خوازیــارە کولتــووری کــوردی نەمێنێــت و ناهێڵێــت بــژی. هەوڵــی وشــککردنەوەی ســەرچاوە کولتوورییەکانــی کــورد دەدات. بەتایبەتیــش بایەخێکــی زۆر بــە تورککردنــی بەرهەمــی کولتــووری کــوردی دەدرێــت و ئەمانــە وەک بەرهەمی کولتووری تورکــی دەخاتــەڕوو. بــۆ نموونــە، بەرهەمــی فۆلکلــۆر و گۆڤەنــد و گۆرانی و داســتانە کوردییــەکان دەکرێنــە تورکــی و وەک فۆلکلۆری تورکی پێشــکەش دەکرێــن. خوێندنــی بەیــت و گۆرانیــی کــوردی، نووســین بــە کــوردی و خوێندنــەوەی شــیعری کــوردی بــە تاوانێکــی زۆر گــەورە ئەژمــار دەکرێــن. خاوەنــی ئــەم چالاکییانــە راودەنرێــن و دادگایــی دەکرێــن و فڕێدەدرێنــە زیندانــەوە. بەتایبــەت لــە راگەیاندنــی تورکیدا، لــە پەخشــەکانی دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنــی تورکــدا، بەکارهێنانــی هــەر وشــەیەکی کــوردی و ناوهێنانــی کــورد بــە "ناپاکیــی نەتەوەیــی" دادەنرێــت. ســەرەڕای ئەمــەش، گۆرانــی و بەســتە فۆلکلۆرییەکان و گۆڤەندەکان وەردەگێڕدرێنە ســەر زمانی تورکی. لــە کاتــی وەرگێڕانــی تێکســتی گۆرانــی یــان بەســتە فۆلکلۆرییــەکان بۆ ســەر زمانــی تورکــی، گرنگــی بــە تورکیکردنــی ئاوازەکانیــش دەدرێــت. هەمــان شــت بــۆ بــە تورککردنــی جلوبەرگیــش پەیــڕەو دەکرێــت. دوای تێکــدان و خراپکردنێکــی لــەو جــۆرە، دەوڵەتــی تــورک بــەو بەرهەمــە فۆلکلۆرییانــە لــە پێشــبڕکێ نێودەوڵەتییەکانــدا بەشــداری دەکات.

لێــرەدا زەوتکــردن و بــە تورکیکــردن و ئاســمیلەکردن و لەنێوبردنــی کولتــووری کــوردی ئاوێتــەی یەکــدی بــوون. ئەمــەش ئــەوە دەردەخــات کــە دەوڵەتــی تــورک سیاســەتێکی کولتــووری ئیمپریالیســتی لــە دژی نەتــەوەی کــورد پەیــڕەو دەکات. زمانــی کــوردی قەدەخــە کــراوە و زمانــی تورکــی دەخوێندرێــت. بەرهەمەکانــی ئەدەبــی کــوردی دەخرێنــە ژێــر هــەزار و

یـەک گوشـارەوە. تەنانـەت بەرگـەی هەبوونـی ئـەو کولتـووره لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی کـورددا ناگیرێـت. چـۆن دەکرێـت بانگەشـەی ئـەوە بکرێـت کـە تێگەیشـتنێکی لـەو شـێوەیە ڕێـز لـە مـرۆڤ دەگرێـت؟ چـۆن جەخـت لـەوە بکرێتـەوە کـە جیـاوازی لـە نێـوان زمـان و ڕەگـەزدا نـاکات؟ چـۆن دەتوانرێـت بگوترێـت چاوپۆشـی لـە جیاوازییـەکان دەکات؟ چـۆن دەکرێـت بگوترێـت ڕێـز لـە مافەکانـی مـرۆڤ دەگرێـت؟

بـەڵام دەوڵـەت هەمـوو جـۆرە دەرفەتێـک بـۆ ئـەو کەسـانە دەڕەخسـێنێت کـە کەسـایەتیی کـوردی خۆیـان ڕەت دەکەنـەوە و دەبنـە تـورک. ئەوانـەی نکۆڵـی لـە ناسـنامە و شـکۆی نەتەوەیـی خۆیـان دەکـەن، سـوود لـە هەمـوو جـۆرە ئاسـانکارییەکی دەوڵـەت وەردەگـرن. مامەڵەکردنـی کـورد بەیەکسـانی لەگـەڵ کـورددا لـە تورکیـا، پەیوەسـتە بەمەرجـی نکۆڵیکـردن لـە کەسـایەتیی کـوردی و شـکۆ و شـەرەفی نەتەوەییەوە. وەلێ ئاشـکرایە هەرکەسـێک نکۆڵی لە کەسـایەتیی نەتەوەیی و ناسـنامەی خۆی بکات، هیچ بەهایەکـی ماکـی و دەوڵەمەندییەکـی ناوەکـی بـۆ نامێنێتەوە. کەسـێکی بە کۆیلەکـراو و کەسـێک کۆیلەبوونـی قبـووڵ کردبێـت، چ بەهایەکـی هەیە بۆ پاراسـتن و گەشـەپێدان؟ ئەم پرۆسـەیە پێچەوانـەی ڕووحـی ئایدیالی نەتەوە یەکگرتـووەکان و سیاسـەتی کولتـووری یونسـکۆیە. یونسـکۆ خوازیـارە هەمـوو کولتوورێـک لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و پـەرەی پـێ بدرێـت و دەڵێـت کولتـووری مرۆڤایەتـی بـەو شـێوەیە دەوڵەمەنـد دەکرێـت. لەبەرامبـەردا دەوڵەتـی تـورک لەنێوبردنـی تەواوەتـی کولتـووری کـوردی وەک ئامانجـی سـەرەکیی خـۆی دەستنیشـان دەکات. ئەمـەش ڕەفتـاری ڕەگەزپەرسـتان و کۆلۆنیالیسـتەکانە.

بابەتێکـی دیکـە کـە لێـرەدا پێویسـتە جەختـی لـێ بکرێتـەوە، پرسـی پەروەردەیـە. لـە پـەروەردەدا، پـەروەردەی منداڵانـی بچـووک بابەتێکـی سـەرتۆپە. گومانـی تێـدا نییـە کـە خوێندنـی سـەرەتایی تەنیا کاتێـک ئامانج دەپێکێـت ئەگـەر بـە زمانـی دایـک ئەنجـام بدرێـت. قەدەخەکردنـی زمانـی دایـک لـە بنەڕەتـدا لەگـەڵ سیاسـەتی کولتووریـی یونسـکۆ ناتەبایـە.

لەنێوبردنــی ئــەو کولتــوورە ناوازەیــەی کــە لــە نەریتــە ڕەســەنەکانەوە ســەرچاوە دەگرێــت و هەوڵــدان بــۆ وشــککردنی ســەرچاوەکانی، بەهیــچ جۆرێـک لەگـەڵ ئـەو تێگەیشـتنە پەروەردەییـەدا ناگونجێـت کـە یونسـکۆ هەوڵــی پەرەپێــدان و گشــتگیرکردنی دەدات، چونکــە ئەمــە ناتوانێــت کەســایەتیی منــداڵان پێشــبخات. کۆمەڵگەیــەک کــە لــەم جــۆرە کەســانە پێکهاتبێــت، ناتوانێــت خــاوەن کەســایەتی بێــت.

ئـەو سیاسـەتەی کـە کەمالیـزم بەرامبـەر نەتـەوەی کـورد پەیـڕەوی دەکات، پــڕ بــە واتــای وشــە سیاســەتێکی ڕەگەزپەرســتانە و کۆلۆنیالیســتییانەیە. کۆنەپەرســتانەترین و بکوژتریــن فۆرمەکانــی ئیمپریالیزمــی کولتووریــی پەیڕەوکــراوە لــە جیهانــدا. لێــرەدا ئامانجێکــی زۆر دوورتــر هەیــە لــە شــێواندنی زمــان و کولتــووری کــوردی و بەکارهێنانــی لــە پێنــاو ئامانجــە ڕەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیســتییەکاندا؛ لەنێوبردنــی تایبەتمەندییەکانــی نەتــەوەی کــوردە بەتــەواوی، ســڕینەوەی لــە ژیانــی مادیــدا، ســڕینەوەی نــاوی کــورد و کوردســتانە لەســەر زمــان و لــە مێــژوودا، زاڵکردنــی دیلێتــی و کۆیلایەتــی و کۆمەڵگەیەکــی بــێ کەســایەتی و بــێ شــکۆ، بــە واتایەکــی دیکــە، کۆمەڵگەیەکــی کۆلۆنیکــراو.

کاتێـک لـە تورکیـا بـاس لـە سیاسـەتی کولتـووری کەمالیـزم دەکرێـت، باس لە شـتێکی وەک "شۆڕشـی زمان"، "شۆڕشـی شـەپقە"، "شۆڕشی جلوبەرگ"، "شۆڕشـی یاسـایی" و عەلمانییـەت دەکرێـت. سـەرەتا بـاس لـە دۆخـی ئـەو جــۆرە پرســانە لــە ئیمپراتۆریــی عوســمانیدا دەکرێــت. پاشــان بــاس لــەوە دەکرێـت ئـەو "شۆڕشـانە" گۆڕانـکاری چەند گـەورەیـان لە ژیانـی کۆمەڵگەدا و لــە بەرژەوەنــدی گــەل دروســت کــردووە. بــەم شــێوازانە جەخــت لــەوە دەکەنــەوە کــە تورکــەکان زیاتــر بەشــداری لــە چالاکییــە کولتوورییەکانــدا دەکــەن. ئەمــە لــە کاتێکدایــە کــە کەمالیــزم تەنیــا بریتــی نییــە لــەو شــتانە. کاتێـک بـاس لـە هەوڵە چاکسـازییەکانی کەمالیـزم و سیاسـەتی کولتووریی کەمالیـزم دەکرێـت، بێگومـان ڕوونکردنـەوەی ئـەو خاڵانـەش گرنگـە، بـەڵام ئـەو بابەتـە سـەرەکییانەی کـە پێویسـتە هەڵوەسـتە لـە ئاسـتیاندا بکرێـت،

فەرامـۆش دەكرێـن و هـەوڵ دەدرێـت بشـاردرێنەوە و بـە جێبەجێكردنـی سـزای تاوانـكاری رێگـری لـە ئاشـكراكردنیان دەكرێـت. ئەمەش ئەو سـتەمە رەگەزپەرسـتی و كۆلۆنیالیسـتییەیە كـە لـە كوردسـتان پەیـڕەو دەكرێـت و ئـەو ئیمپریالیزمـی كولتوورییەیـە كـە لـە دژی نەتـەوەی كـورد جێبەجـێ دەكرێـت.

پێشـتر لـەم نووسـینەدا جەختمـان لـەوە كـردەوە كـە پێگـەی سیاسـی كوردسـتان تەنانـەت كۆلۆنیالیزمیـش نییـە. روونمـان كـردەوە كـە پێگـەی سیاسـی نەتـەوەی كـورد لـە ئاسـتێكی زۆر لـە خوارتـرە. كۆلۆنییـە كلاسـیكییەكان نـاوی وڵاتیـان هەیـە. ئـەو نەتـەوە و گەلانەی تێیانـدا دەژین، ناویـان هەیـە. واتـە دەوڵەتـی كۆلۆنیالیـزم دانیـان پێـدا دەنێت و ئەم وشـانە بەكاردەهێنێـت. هەرچـی نەتـەوەی كوردیشـە، هـاوكات لەگـەڵ سـامانە مـادی و ماكییەكانی، شـكۆ و كەسایەتیشـی زەوت كـراوە. ئەو ئیمپریالیزمی كولتوورییـەی كـە لـە كوردسـتان پراكتیـزە دەكرێـت، پێویسـتە لە پرۆسـەی ئـەو پەیوەندییانـەدا هەڵبسـەنگێندرێت. لـە راسـتیدا ئـەو سیاسـەتەی دژ بـە زمـان و كولتـووری كـوردی جێبەجـێ دەكرێـت، زۆر كۆنەپەرسـتانەتر و كوشـندەترە لـەو پرۆسـەیەی كـە دەبێـت وەك "ئیمپریالیزمـی كولتـووری" وەسـف بكرێـت.

دەوڵەتـی دەسـەڵاتدار یـان زلهێـز لـە وڵاتـی دواكەوتـوودا قوتابخانـە و خوولـی فێركـردن دەكاتـەوە، بـورس دابەش دەكات، "خۆبەخشـانی ئاشـتی" دەنێرێـت، زمانـی خـۆی بـە فێركـردن دەدات، بنەمـا و پێوەرەكانـی بەهـای خـۆی دەسـەپێنێت و هەوڵـدەدات پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان بەپێـی یاسـاكانی ژیانـی خـۆی رێـك بخاتـەوە. لـە پرۆسـەیەكی وەهـادا كولتـووری خۆماڵـی دەشـێوێندرێت، كولتـووری نەریتـی و كولتـووری رەسـەن سـووك دەكرێـت. دەسـەڵاتی باڵادەسـت بـە دابەشـكردنی گۆڤار و كتێـب و نامیلكە بایـەخ بـە مەرجداركردنـی كۆمەڵگـە دەدات. بـەوەش لـە هەمـان كاتـدا كاریگەریـی سیاسـی و ئابووریـی خـۆی لەسـەر كۆمەڵگـە زیـاد و پتـەو دەكات. پاشـان هـەوڵ دەدات بـە پەیوەندییـە ئابوورییەكانـی خـۆی و بـە

سیاسەتی دەرەوە بازاڕ کۆنترۆڵ بکات. ئەم پرۆسەیە شێوازی کاری گشتیی دیاردەی ئیمپریالیزمی کولتووریی ئەم سەردەمەیە.
سیاسەتی دەوڵەتی تورک لەمەڕ کوردستان زۆر لەو پرۆسەیە تێدەپەڕێت. ناتوانرێت بە چەمکی "ئیمپریالیزمی کولتووری" گوزارە لەو راستییە بکرێت، چونکە ئامانج لێی لەنێوبردنی تەواوی کولتووری کوردییە نەک تەنیا شێواندنی. بێگومان ئەم دەستتێوەردانانە کولتوور دەشوێنن و تێکی دەدەن، بەڵام ئامانج تەنیا ئەمانە نین، بەڵکو ئامانج لەنێوبردنی تەواوەتیی کولتوورە. لێرەدا بابەت زیاتر لەوەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کوردیی لەبار بۆ گەشەکردن و رەگداکوتانی کۆلۆنیالیزمی تورک بێت، پرسی لەنێوبردنی هەموو شتێکە. بێگومان ئەم دەستێوەردانانە دۆخێکی لەبار بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیزم دەخولقێنن، بەڵام ئامانج تەنیا بەدیهێنانی ئەوانە نییە، بەڵکو ئامانج لەنێوبردنی هەموو شتێکە کە کورد بێت. هەموو سامانی مادی و ماکیی نەتەوەی کورد زەوت کراوە. بەدڵنیاییی ئامانج باشتر کۆنترۆڵکردن و زیاتر کۆلۆنیکردنی کوردستان و تاڵانکردنی سامانە سرووشتییەکانی کوردستانە. کوردستان سەرچاوەیەکی گرنگی کەرەستەی خاوە و بازاڕێکی باشە بۆ ئەو کاڵایانە کە بۆرژوای تورک بەرهەمی دەهێنێت. دەسەڵاتە ئابوورییە باڵادەستەکان بە پەیوەندییەکانی پارە و بانکی و پەیوەندی قەرد ئەمەیان چارەسەر کردووە. سوود لە رۆڵی چالاکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبینن. هەرچی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی وەک تورکیا، ئێران و عێراقیشە، دەتوانن تەنیا بە بەکارهێنانی شێوازی گوشاری توندوتیژانە ئەو جۆرە پەیوەندییە کۆلۆنیالیستییانە بپارێزن. لە تورکیاش پەرەسەندنی بنەماکانی کۆلۆنیالیزم تەنیا بە لەنێوچوونی تەواوەتی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد مەیسەر دەبێت.
سەرباری ئەو جۆرە هزر و کردارانە، یونسکۆ دەتوانێت کەمالیزم وەک "لایەنگری هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکان و دۆستی راستەقینەی نەتەوە کۆیلە و دیلەکان" بخاتەڕوو. دەتوانێت وەک هزر و کردارێک

وەسـفی بـکات کـە رۆشـنایی خسـتبێتە سـەر خەباتی ئـازادی و سـەربەخۆیی نەتـەوە سـتەملێکراو و بـە کۆلۆنیکـراوەکان. ئـەم هەڵوێسـتە بێگومـان پێچەوانـەی هــزر و کــرداری یونســکۆیە. دژی ئــەو تێگەیشــتنانەیە کــە هــەوڵ دەدات بـۆ بڵاوکردنـەوە و گشـتگیرکردن و رەگداکوتانـی و بایـەخ دەدات بـە زاڵکردنـی لـە ژیانـی نێودەوڵەتیـدا. رەفتارێکـە کـە لـە مـەودای درێژخایەنـدا یونسـکۆ لـە متمانـە دادەشـۆرێت و بـێ کاریگـەر و ناپێویسـتی دەکات. یونســکۆ بــە سازشــکردن بــۆ هەڵوێســتە رەگەزپەرســتی و کۆلۆنیالیسـتییەکان و بەخشـینی شـکۆ پێیـان، بەهـا بەدەسـت ناهێنێـت. یونسـکۆ ناتوانێـت بـە پشـتیوانیکردن و هاندانـی بـێ مەرجـی بابەتەکانـی ئیمپریالیزمـی کولتـووری بگاتـە ئامانجەکانـی خـۆی. لـە کاتێکـدا بەهـا پەیـدا دەکات ئەگـەر لایەنگـری لـەو نەتـەوە سـتەملێکراوانە بـکات کـە لەگـەڵ گوشـاری رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیدا رووبـەڕوون. کاتێـک بەهـا پەیدا دەکات ئەگـەر بـە هەڵوێسـت لایەنگـری لەو نەتەوانـە بکات کـە رووبەڕووی کۆنەپەرسـتانەترین و بکوژتریـن ئیمپریالیزمـی کولتووری بوونەتـەوە و زمان و کولتووریـان لەژێـر گوشـاری رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیدایە. تەنیـا دەتوانێـت بـەو شـێوەیە بـەو ئامانجانـە بـگات کـە خوازیـاری بەدیهێنانیانـە. بـەڵام لـەم بوارانـەدا بابەتــی زۆر گرنــگ هــەن کــە پێویســتە نەتــەوە یەکگرتــووەکان و رێکخــراوە جۆراوجۆرەکانــی ســەر بــە نەتــەوە یەکگرتـووەکان سـەرنجیان بدەنـێ و لێیـان بکۆڵنـەوە. هەندێـک بابەت هەن کـە پێویسـتە یونسـکۆ و یونیسـێف و کۆمیسـیۆنی مافـی مـرۆڤ بـە وردی لێیـان بکۆڵنـەوە. بـۆ نموونـە، نووسـەران لـە تورکیـا تەنانەت لە زیندانیشـدا سـتەمیان لـێ دەکرێـت و ئەشـکەنجە دەدرێـن. ئەگـەر ئاشـکرا بێـت ئـەو نووســەرە کەســێکە بایەخــی بــە پرســی کوردســتان داوە و لــەو رووەوە رەخنـە لـە کەمالیـزم دەگرێـت، ئـەوا گوشـار و ئەشـکەنجە زیاتـر دەبێـت. لـە زیندانەکانـی تورکیـا: بـەدەر لـە گوشـارە میکانیکییەکانـی وەک بۆکـس لێـدان، زلــلە وەشـاندن و شـەق لێـدان، بەشـێوەیەکی گشـتی سیسـتەمی فەلاقەکـردن باڵادەسـتە. بێگومـان ئەمانـە هـەن. گومانـی تێـدا نییـە کـە

دەستگیرکراوان یان سزادراوان بە بیانووی "جلوبەرگ و شتومەکەکانتان دەپشکنین" رووت دەکرێنەوە. بەڵام ڕێبازی هەرە سەرەکی فەلاقەکردنە. لەم سیستەمەدا کەسەکە لەسەر پشت دەخرێتە سەر زەوی. پێیەکانی بە چەند پەتێکەوە دەبەسترێنەوە کە لە بنمیچەکەوە شۆڕبوونەتەوە. پاشان بە تێڵا لە بن پێیەکانی دەدرێت تاوەکو لە هۆش خۆی دەچێت. بێگومان زۆرجار نووسەرانیش رووبەڕووی ئەو جۆرە گوشارانە دەبنەوە، بەڵام نووسەران زیاتر لە دەستیان دەدرێت؛ بە تێڵا و جۆپ.

- دەگوترێت: ئەمە نووسەرەکەمانە. با لەو دەستانەی بدەین کە وتاریان نووسیوە.

- با دەست و قۆڵەکانی بشکێنین بۆ ئەوەی لەمەودوا بزانێت نووسینی کتێب و نووسینی وتار چییە.

- هەرەشە دەکرێت و دەگوترێت: با پەنجەکانی بشکێنین و ببینێت. بۆ ئەوەی ببینێت لەمەودوا قەڵەم چۆن بە دەستەوە دەگیرێت!

- دەگوترێت: لە سەری بدە و مێشکی بتەقێنە بۆ ئەوەی بیر نەکاتەوە.

لێدان بەردەوام دەبێت تاوەکو ئاوسانی دەستەکان و تەقینی دەمارەکان و تاوەکو خوێن فیچقە دەکات. بە جۆش و تووڕەیی و دووژمنایەتییەکی گەورە و قین و نەفرەتەوە لە مرۆڤ دەدرێت.

با بیر بکەینەوە ئەمە ئەشکەنجەیە لە زیندان دا. گوشارە لە زیندان. ئەشکەنجەیەکە لە کەسێک دەکرێت کە بەهۆی نووسینی بابەتێک یان کتێبێکەوە دەستگیر کراوە و دادگایی کراوە و سزای بەسەردا سەپێندراوە و زیندانی کراوە. بۆ نموونە، ئەم جۆرە گوشار و ئەشکەنجانە زۆرجار لە کاتی گواستنەوەدا لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە دەبیندرێت.

ئەشکەنجەدانی نووسەرێک بەتۆمەتی نووسینی وتار و کتێب و بەردەوامبوونی ئەو کارە لە زیندان رەوشێکی شەرمبەخشە. بەتایبەتی لێدانی دەستەکان و خوێن هێنان لێیان بە بیانووی "با سەرچاوەی تاوانەکە وشک بکەین" و "با دەست و پەنجە تاوانبارەکانی بشکێنین" بەهیچ جۆرێک مایەی شکۆمەندی نییە بە ناوی مرۆڤایەتییەوە.

راپێچکردنی نووسەرێک لەلایەن پاسەوانانی زیندانەوە بۆ لێپرسینەوەوە:

- "بۆچی نووسیت؟

- جارێکی دیکە دەنووسیت؟

- نووسین تاوان نییە؟

- کەس نەبوو کتێب بنووسێت، تۆ نەبیت؟"

و لێدان بە شەق و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی، ئاوێنەیەکی روونی ئەو رژێمەیە. پەڵەیەکی ئەو رژێمەیە و ناتوانێت لەبەردەم مێژوو و کۆمەڵگەدا بیسڕێتەوە. ئەوەی کە ئەم پاسەوانانە تەنانەت بەشی وازۆکردنێکیش توانای خوێندنەوە و نووسینیان نییە، رەهەندێکی دیکەی پرۆسەکەیە، وەلێ رەهەندێکی دراماتیکی!

جیاوازییەکی زۆر گرنگ لە نێوان زانست و ئایدۆلۆژیادا هەیە. زانا لەکاتی شیکردنەوەی بابەتێک و گەیشتنە هەندێک دەرەنجام سەیری ئەوە ناکات چەند کەس لە پشتیەوەن. گرنگ نییە چەند کەس شوێنی کەوتوون و چەند کەس کۆکراونەتەوە. گرنگ شرۆڤەی زانستیی بابەتەکە و پەیوەندی نێوان راستییەکانە. زانست راستییە. ئاشکراکردنی بوێرانە و راستگۆیانەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیش دیسانەوە بنەمایەکی دەست لێ هەڵنەگیراوی پرۆسەی زانستییە. گرنگ نییە بەئاشکراکردنی بیرۆکەیەک چی بەدەست دێت، چ سوودێک بەدەست دێت و چی لەدەست دەچێت، بەڵام لە ئایدۆلۆژیاکاندا، بەتایبەت لە ئایدۆلۆژییە فەرمییەکاندا، حیساب بۆ ئەوە دەکرێت کە بیرکردنەوە و رەفتارەکان کاریگەرییان لەسەر چەند کەس داناوە. لێرەدا پرسی گرنگ سەلماندنی ئەوەیە کە بیرکردنەوە و رەفتارێک چەند کەس بەدوای خۆیدا رادەکێشیت. حیساب بۆ ئەوە دەکرێت ئەو بیرکردنەوە و رەفتارە بە بەدەستهێنانی شوێنکەوتووان چ بەرژەوەندییەکی دابین کردووە یان دەکات.

بۆ نموونە، تێزی مێژووی تورکی، تێزی زمانی تورکی و تیۆری زمانی خۆر کە لە ساڵانی 1930دا هەوڵی داهێنیانیان درا، بۆچوونێکی زۆر دوورن لە بیری زانستییەوە. ئەوانە بۆچوونی ئایدیۆلۆژین. بە پێشەنگایەتیی

دامـەزراوەی مێـژووی تـورک و دامـەزراوەی زمانـی تـورک پـەرە بـەو بۆچوونـە ئایدۆلۆژییانـە دەدرا. لێـرەدا پرۆفیسـۆرەکان پێشـەنگایەتییان دەکـرد و هەمووشـیان سـەر بـە سـتافی سیاسـی بـوون. هـاوکات زۆربەشـیان پەرلەمانتـار بـوون. ئـەم پرۆفیسـۆرانە لەلایـەن ئەتاتورکـەوە بـۆ پۆسـتە پەیوەندیـدارەکان دادەمەزرێنـدران و بەپێـی ڕێنماییەکانـی ئـەو کاریـان دەکـرد. زۆر بایەخیـان بـەوە دەدا یسـەلمێنن کـە ئـەو بۆچوونانـە لـە هەمـووان راسـتترن و زانسـتیترین بۆچوونـن. ئەتاتـورک لـەو سـاڵانەدا سـەرۆکی نەگـۆڕی پارتـی گەلـی کۆمـاری CHP بـوو. هـەر لەبـەر ئـەوەش سـەرۆکی کۆمـار بـوو. ئـەو پرۆفیسـۆرانەی بۆچوونـی هاوتەریـب لەگـەڵ بۆچوونەکانـی ئەتاتورکیان دەخسـتەڕوو، لـەڕووی مـادی و ماکییەوە خەڵات دەکـران. ئەمـەش یەکێـک لـە بەڵگـە گرنگەکانە بۆ گەشـەکردنی "زانسـت" لەسـەر ئاسـتی فەرمـی لـە تورکیـا.

لـە سـاڵانی 1930ی سـەدەی رابـردوودا ئەوانـەی بـە نـاوی زانسـتەوە بۆچوونی نازانسـتی و تەنانەت شەرمبەخشـیان دەخسـتەڕوو، لەڕووی مادی و ماکییـەوە پاداشـتیان دەدرایـەوە. پرۆفیسـۆرەکان لـە کاتـی بیرکردنـەوە و نووسـیندا هەمیشـە هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتی کـەس یـان کەسـانی خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسـییان لەبەرچـاو دەگـرت و بایەخیـان بـەوە دەدا لـە چوارچێـوەی بۆچوونەکانـی ئەوانـدا بمێننـەوە. پرۆفیسـۆرەکان ئـەو زانیارییانەیـان دەنووسـی و زەق دەکـردەوە کـە دەسـەڵاتدارانیان دڵخـۆش دەکـرد. بەئەنقەسـت خۆیـان لـە بەرهەمهێنانـی زانیاریـی پشـتبەوتوو بـە راسـتی دەدزییـەوە و بـە توونـدی خۆیـان لـەو جـۆرە زانیارییانـە بـە دوور دەگـرت، چونکـە دەیانزانـی کـەس یـان کەسـانی خـاوەن دەسـەڵاتی سیاسـی ئەوەیـان بـە دڵ نابێـت. بەوجـۆرە لـە سـاڵانی 1930ی سـەدەی رابـردوودا کەسـانی نزیـک لـەڕووی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەوە لـە پارتـی گەلـی کۆمـاری لـە پیشـەی ئەکادیمیـدا پلەیـان بـەرز دەکرایـەوە. ئەمانـە دەیانتوانـی بەئاسـانی ببنـە پرۆفیسـۆر و لـەڕووی مـادی و ماکییـەوە هـان دەدران. سـەرباری ئـەو راسـتییانەش، لـەم سـەردەمەدا هەرکەسـێک

رەخنـە لـەو بۆچوونانـە بگرێـت و بڵێـت زانسـتی نیـن، دەخرێتـە زیندانـەوە. ئەمـەش بەڕوونـی جیـاوازی نێـوان زانسـت و ئایدۆلۆژیـا ئاشـکرا دەکات و جەخـت لـە جیاوازیـی رەفتـاری پێویسـت بـۆ زانسـت و رەفتـاری گونجـاو بـۆ ئایدۆلۆژیـای فەرمـی دەکاتـەوە. کەواتـە جیاوازییەکـی قـووڵ لەنێـوان بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتی زانـا و کـردەی کەسـێکدا هەیـە کـە لەبـەر رۆشـنایی پاڵنـەری ئایدۆلۆژیـای فەرمـی بیـر دەکاتـەوە و مامەڵـە دەکات. زانـا هەمیشـە بیـر دەکاتـەوە و دەنووسـێت، بەبـێ گوێدانـە ئـەوەی چەنـد کـەس لـە پشـتییەوەیە. بـێ ئـەوەی تەماشـا بـکات خەڵکـی لـە پشـتەوەیە یـان نـا، ئـەوەی بـە راسـتی دەزانێـت، راسـتگۆیانە و بوێرانـە دەینووسـێت و روونـی دەکاتـەوە. بیـر لـەوە ناکاتـەوە چ لـە دەسـت دەدات و چ بەدەسـت دەهێنێـت. هـەر کەسـێکیش بە پاڵنـەری ئایدۆلۆژیـای فەرمی رەفتـار بکات، حیسـابی ئـەوە دەکات داخـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی چـی پـێ دەڵێت و لـە کاتی ئەنجامدانـی کاردا چـۆن هەڵسـوکەوت بـکات. بـۆ نموونە، پاسـەوانی زیندان لـە کاتـی لێـدان یـان ئەشـکەنجەدانی نووسـەرێکدا هەمیشـە حیسـاب بـۆ بیـر و کـردەی لێپرسـراوانی بـاڵا دەکات.

لـە شـوێنێک لەسـەر ئاسـتی فەرمـی دووژمنایەتـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد و تایبەتمەندییەکانـی بەکۆمەڵگەبوونـی کـورد بکرێـت، ئاشـکرایە بڵاوکردنـەوە سـەبارەت بـە پرسـی کـورد و رەخنەگرتـن لـە کەمالیـزم بـەو ئاراسـتەیەدا دژواریـی زۆر لەگـەڵ خۆیـدا دێنێتـە ئـاراوە.

سـەرۆکی دەوڵـەت، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی و فەرمانـدەی ئەرکانـی گشـتی کەنعان ئەڤرێـن رۆژی 17ی کانوونـی دووەمی 1981 لـە شـاری ئیسـکەندەرون قسـەی بـۆ خەڵـک کـرد. ژەنـەراڵ ئەڤرێـن لـەو وتـارەدا باسـی لـە "نیشـتمانی 4000 سـاڵەی تـورک" کـرد و گوتـی: "ناپاک هەیـە هەوڵـدەدات نیشـتمانی 4000 سـاڵەی تـورک دابـەش و پارچە بـکات".

"نیشـتمانی 4000 سـاڵەی تـورک" واتـای چییـە؟ مەگـەر تـورک لـە سـەدەی 11دا نەهاتنـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ئەنـادۆڵ؟ (1071) کەواتـە، هاتنـی

تورکـەکان بـۆ ئەنـادۆڵ بـۆ نزیکـەی 900 سـاڵ لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە. کەوایە بۆچی باس لە "نیشـتمانێکی 4000 سـاڵەی تـورک" و "وڵاتێکی 4000 سـاڵەی تـورک" دەکرێـت؟ ئـەم زانیارییانـە پەیوەندییـان بـە تێـزی مێـژووی تورکـەوە هەیـە کـە لـە سـەرەوە باسـمان کـرد. بەپێی ئـەو بۆچوونـە کە لە سـاڵانی 1930 پـەرەی پـێ دراوە، هەمـوو شارسـتانییەکانی جیهـان لەلایەن تورکـەوە دامەزرێنـدراون. بـەو پێیـە، تـورک لـە ئاسـیای نێوەڕاسـتەوە بـە هەمـوو جیهانـدا بڵاوبوونەتەوە و شارسـتانیی جۆراوجۆریـان دامەزراندووە. هـەر بەگوێـرەی ئـەو تێـزە، سـۆمەرییەکان کـە لـە سـاڵانی 4000ی پێـش زاییـن لـە میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان ژیـاون و هیتییـەکان لـە سـاڵانی 2000ی پێـش زاییـن لـە ئەنـادۆڵ ژیـاون، تورکـن. دایکـی هەمـوو زمانەکانی جیهانیـش زمانـی تورکییـە.

ئـەم بۆچوونـە نازانسـتییانە لە ئاسـتی سیاسـی و ئایدۆلۆژیـدا دوو ئامانجیان هەیـە؛ یەکەمیـان ئەوەیـە بیسـەلمێنن هەرکەسـێک کـە لـە سـنووری "میسـاکی میللـی"دا دەژی، تورکـە و هـەوڵ دەدەن ئـەو سـەلماندنەش لەسـەر بنەمایەکـی مێژوویـی هەڵبچنـن. بێگومـان لێرەدا پرسـی سـەرەکی سـەبارەت بـە کـوردە، واتـە سـەلماندنی ئـەوەی کـە کـورد تورکـن. ئامانجەکـەی دیکـەش بەرزکردنـەوەی ورەی تورکـەکان و تێکـدان و شـێواندنی حوکـم و پێـوەرە سـەرەکییەکانی بەهـای کـوردە و ئاسـانکارییە بـۆ بـە تورككردنیـان.

ئـەم ئایدۆلۆژیایـە کـە بەشـێوەیەکی کاریگـەر لـە پرسـی کوردسـتاندا بەکارهێنـدرا، سـاڵی 1937 لـە سـەروبەندی کێشـەی هاتایشـدا کەڵکـی لـێ وەرگیـرا. بـۆ ئـەوەی نیشـان بدرێـت کـە هاتـای تورکـە، ئـەو عەرەبانـەی لـەوێ دەژیـان، بـە "تورکـی ئیتـی" ناودەبـران. بـەو پێیـەش، ئەنـادۆڵ دەبووە "نیشـتمانی 4000 سـاڵەی تـورک". توانـای خسـتنەڕووی بۆچوونە لە جدییەت بـەدوورەکان تەنانـەت لـە سـاڵی 1981یشـدا، بەڵگەیەکـی روونـە بـۆ ئەوەی کـە بیـری تورکـی چەنـدە لـە رێبـازی زانسـتی دوورە. هەروەهـا نیشـانەیە بۆ ئـەوەی کـە ئایدۆلۆژیـای فەرمـی بەچـڕی بەسـەر بیری زانسـتیدا باڵادەسـتە.

بێگومـان شـایەنی ئەوەیـە بـە بایەخـەوە سـەرنج بدرێـت کـە ئـەو بۆچوونـە لەلایـەن سـەرۆک کۆمـارەوە دەخرێتـەڕوو و ئەوانـەی باوەڕیـان پێـی نییـە بە "ناپاکـی نیشـتمان" تۆمەتبـار دەکرێـن.

بیرکردنـەوە و رەفتـاری زانسـتی رەخنـە لـەو بۆچوونـە دەگرێـت و جەخـت لـە هەڵەبوونـی دەکاتـەوە. بیرکردنـەوە و رەفتـاری ئایدیۆلۆژیـش چەپڵـەی بـۆ لـێ دەدات و پەنجـە ناخاتـە سـەر هەڵـەی بنەڕەتـی و خـۆی لـە بینیـن و بیسـتنی بەدووردەگرێـت. گرنگتریـن بابـەت کـە پێویسـتە هەڵوەسـتە لـە ئاسـتیدا بکرێـت ئەوەیـە کـە ئـەم ئایدۆلۆژیایـە رێگـری لـەوە دەکات رەخنـەی لـێ بگیرێـت. کەمالیـزم ئایدۆلۆژیایەکـە پشـتی بـە درۆ بەسـتووە و یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە گرنگەکانـی ئـەم ئایدۆلۆژیایـە رێگریکردنـە لـە رەخنەگرتـن لێـی. سـزای تاوانکاریشـی داناوە بـۆ ئـەو ڕەخنانـەی کـە لەمـەڕ پرسـی کوردسـتان ئاراسـتەی دەکرێـن. ئـەو کەسـانەش خـەڵات دەکات کـە چەپڵـەی بـۆ لـێ دەدەن و ستایشـی دەکـەن. رەخنەگرانـی خۆیشـی فڕێدەداتـە زیندانـەوە. ئەمـەش بەشـێوەیەکی ریشـەیی رێگـری لە گەشـەی مرۆڤـی ئـازاد و خـاوەن کەسـایەتی لـە کۆمەڵگـەدا دەکات.

بێگومـان لـەم رووەوە زۆر ئـەرک هـەن کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و رێکخراوەکانی سـەر بە خۆی و رێکخراوەکانی وەک یونسـکۆ و کۆمیسـیۆنی مافـی مـرۆڤ ئەنجامیـان بـدەن، بـەڵام ئـەم دامەزراوانـە کـە گرانیـی خۆیـان خسـتووەتە پاڵ رەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیزم و چاوپۆشـی لە ئیمپریالیستی کولتـووری دەکـەن، لـە ئاسـتێکدا نین بتوانـن لێکۆڵینەوەی کاریگەر لەسـەر ئـەو پرسـە ئەنجـام بـدەن.

وەڵامـی حکومەتـی تورکیـش بۆ پرسـیارەکانی سـەبارەت بە ئەشـکەنجەدان زۆر کورتـە: "دەسـتووری ئێمـە ئەشـکەنجەی قەدەغـە کـردووە. ئەشـکەنجەدان لـە یاسـاکانی ئێمـەدا تاوانـە. لـەم رووەوە تۆمەتەکانـی ئەشـکەنجەدان راسـت نیـن". دیـارە ئـەو رژێمـە جۆراوجۆرانـەی جیهـان کـە خەڵـک ئەشـکەنجە دەدەن، هەمیشـە بانگەشـەی نەبوونـی ئەشـکەنجە دەکـەن. بـە واتایەکـی دیکـە، ئەوانـەی دەڵێـن "ئەشـکەنجە نییـە"، خۆیـان

ئەشـکەنجەدەرن و ئەشـکەنجەیان گەیاندووەتـە دۆخێکـی سیسـتەماتیک. جگـە لـەوەش، دەسـتووری سـاڵی 1961 کە ئەشـکەنجەی قەدەخە کردبوو و بەرگـری لـە ئازادیـی بیرکردنـەوە و مافەکانـی مـرۆڤ دەکـرد، لەلایـەن ئـەو ژەنەڕاڵانـەوە کـە لـە 12ی ئەیلوولـی 1980 دەسـەڵاتیان گرتە دەسـت، وەک یەکـەم کاری کودەتا هەڵپەسـێردرا. کودەتـا، ئەنجوومەنـی نیشـتمانی گـەورەی تورکیـای هەڵوەشـاندەوە. شـارەوانییەکان و دامەزراوەکانـی کارگێڕیـی تایبەتـی وەک داوودەزگا خۆجێییەکانـی پارێـزگاکان کـە لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە پێکهێندرابـوون، هەڵوەشـاندەوە. ڕژێمـی سـەربازی، دەسـتووری هەڵپەسـارد و ئیـرادەی خـۆی خسـتە شـوێنییەوە. سـەرباری گشـت ئەمانـە، ئەمـڕۆ هـەزاران گەنـج بـە تۆمەتـی هەوڵـدان بـۆ گۆڕینـی دەسـتوور و هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیا دادگایـی دەکرێـن. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش روون بکەینـەوە کـە ئازادیـی بیـروڕا دەربڕیـن و چەمکـی مافەکانـی مـرۆڤ و هتـد، کـە لـە دەسـتووری 1961دا هاتـووە، بەمەرجـی دەسـت نەبـردن بـۆ پرسـی کـورد بـەدی دێـن. لـە سـەرەتای ئـەم نووسـینەدا باسـمان لـە پێویسـتی هەڵسـەنگاندنی بیروڕاکانـی مسـتەفا کەمـال لەبەر ڕۆشـنایی کارەکانیدا کرد. شـیکردنەوەی نێوەڕۆکـی هـزر، واتە نووسـین و وتـار، زۆر واتادار نییە، بەڵکو شـیکردنەوەی نێوەڕۆکـی کـردارەکان گرنگتـرە. لـەم بابەتـەدا بیروڕاکانـی ئەتاتورکمـان لەسـەر شـەڕەکانی ڕزگاریخـوازی روون کـردەوە. دواتـر سـەرنجمان خسـتە سـەر کـرداری ئـەو سـەبارەت بـە پرسـی کوردسـتان و جەختمـان لـەوە کـردەوە کـە ئـەو هـزر و کردارانـە لـە بنەڕەتـدا هـاودژن.

نموونەیەکـی دیکـە تایبەتـە بـە چەمکـی "دیموکراسـی". دەگوترێـت: ئەتاتـورک گوتوویەتـی: "سـەروەری بـێ هەلومـەرج سـەروەری میللەتـە" و پێداویسـتی ئەوەشـی بـەدی هێنـاوە و ئەتاتـورک بـێ چەنـد و چـوون بـاوەڕی وابـووە گـەل سـەرچاوەی شـەرعیەتیی سیاسـییە. هەروەهـا هەمیشـە جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە سـەروەری دەبـێ سـەروەری میللـەت بێـت و مەرجەکانـی ئـەو بنەمایـەی بەجێگەیانـدووە و پابەنـد بـووە بە شـەرعیەتی

دیموکراسـییەوە و بـاس لـەوە کـراوە کـە ئـەوە متمانەدارترین سـەرچاوەی ڕێبـازە هاوچەرخەکانـی ئـەوە.

دانپێدانانێکـی هاوبـەش سـەبارەت بـە لێدوانەکـەی ئەتاتـورک "سـەروەری بـێ هەلومـەرج سـەروەری میللەتـە" و هەڵسـەنگاندنی ئـەو لێدوانـە هەیـە. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ڕاسـتییەکان و ژیـان ئـەو هەڵسـەنگاندنانە پشتڕاسـت ناکەنـەوە. ئەتاتـورک لـە سـاڵی 1923 پارتـی گەلی کۆمـاری CHP دامەزرانـد و سـەرۆکی حیـزب بـوو. لـە سـاڵی 1927 پەیـڕەوی ناوخـۆی پارتی گەلـی کۆمـاری داڕێـژرا. ئـەم پەیـڕەوە لـە سـاڵانی دواتـردا گۆڕانـکاری زۆری بەسـەردا هاتـووە، بـەڵام بڕگـە بنەڕەتییەکانی بەهیچ شـێوەیەک نەگۆڕدران و وەک خۆیـان مانـەوە. بەپێـی ئـەو پەیـڕەوی ناوخۆیـە، سـەرۆکی پارتـی گەلـی کۆمـاری غـازی مسـتەفا کەمـاڵ، خـودی خـۆی هەمـوو ئەندامانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا هەڵدەبژێرێـت. هەروەهـا ڕاوێـژ بـە جێگـری سـەرۆکی حیـزب و سـکرتێری گشـتی دەکات، بـەڵام هەڵبژێـرەری سـەرەکی خۆیەتـی. لـەو دۆخـەدا ئەندامانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا، واتـە پەرلەمانتـاران وەک فەرمانبـەری دەوڵـەت دادەمەزرێندرێـن. ئەوانـەی بـە دەنگدەرانـی دووەم ناودەبـران، ئـەو لیسـتانەیان دەخسـتە سـندووقی دەنگدانـەوە کە بە ویسـتی مسـتەفا کەمـاڵ دیـاری دەکـران. ئەمـە ئەرکـی بەنـاو دەنگدەرانـی دووەم بـوو. هیـچ ئـەرک و دەسـەڵاتێکی دیکەیـان نەبـوو.

وەک پەرلەمانتـار ئـەو کەسـانە دەگەیشـتنە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا کـە لەلایـەن مسـتەفا کەمالـەوە دەپاڵێـوران. ئەمانیـش لـە یەکـەم دانیشـتنی قۆناخـی نـوێ دا غـازی مسـتەفا کەمالیـان بـە سـەرۆک کۆمـار هەڵدەبـژارد. "هەڵبژاردنەکان"ەکانی سـاڵانی 1927، 1931، 1935 بـەو جـۆرە ئەنجـام دران. هەروەهـا "هەڵبژاردن"ەکانـی دواتـر، 1938، 1939، 1943، بەپێـی هەمـان میکانیـزم بەڕێوەچـوون. "هەڵبژاردنـەکان"ی تەواوکاریـش هـەر بـەو شـێوەیە بەڕێـوە دەبـران. کاتێـک کورسـییەک لـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا خاڵـی دەبـوو، پەرلەمانتارێکـی

نـوێ لـە جێگـەی دادەمەزرێنـدرا. ئـەو کاری دامەزراندنـەش پرۆسـەیەک بوو ئاسـانتر لـە دامەزراندنـی هـەر فەرمانبەرێـک لـە وەزارەتێکـی دیاریکـراودا. دیـاردەی "دەنگـدەری دووەم" لـە راسـتیدا هیـچ کارێکـی دیکـەی نەدەکـرد جگـە لـە بەخشـینی رواڵەتێکـی ئاڵـۆز بـەو میکانیزمـە سـادەیە. دەرهێنانـی ئـەو میکانیزمـە هیـچ گۆڕانکارییەکـی بەسـەر جەوهـەری سیسـتەمەکەدا نەدەهێنـا.

پەیـڕەوی ناوخـۆی پارتـی گەلی کۆمـاری بڕگەیەکی دیکـەی زۆر گرنگی هەیە؛ ئەویـش ئەوەیـە کـە مسـتەفا کەمـال سـەرۆکی نەگـۆڕی حیزبـە. کەواتـە تەنیـا حیزبێـک هەیـە و سـەرۆکی گشـتیی حیـزب نەگـۆڕە و بەدرێژایـی ژیـان سـەرۆکی گشـتییە. سـەرۆکی دووەمـی حیزبیـش سـەرۆکی حکومەتـە. دەبینیـن سـاڵی 1935 و دواتـر سـکرتێری گشـتیی حیزبیـش وەزیـری ناوخـۆ بـووە.

بێگومـان ئەمـە پرۆسـەیەکی دیموکراسـی نییـە. چەمکێـک کـە رێـز لـە ئیـرادەی خەڵـک بگرێـت، پەرلەمانتـاران بـە دامەزرانـدن ناهێنێتـە پەرلەمـان. سـازییەکیش بەوجـۆرە دامەزراندنانە پێـک هێندرابێت، ناکرێت بـە پەرلەمان ناوببرێـت. لـە راسـتیدا ئـەو پرۆسـەیە زیاتـر لـەو رژێمـە تۆتالیتارییانـە نزیـک بـوو کـە لـەو سـاڵانەدا لـە ئەوروپا دەسـتیان بـە گەشـەکردن کردبـوو.

لێـرەدا پێویسـتە بەدواداچـوون بـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان دەسـتووری سـاڵی 1924 و پەیـڕەوی ناوخـۆی پارتـی گەلـی کۆماریـش بکرێـت. لـە راسـتیدا پەیـڕەوی ناوخـۆی پارتـی گەلـی کۆمـاری دەقێکـە زۆر جەخـت لـە دەسـتووری سـاڵی 1924 دەکاتـەوە و پیـت بـە پیت جێبەجێـی دەکات، بەڵام پێویسـتە دەسـتووری سـاڵی 1924 و پەیڕەوی ناوخۆی پارتـی گەلی کۆماری وەک کاتێگۆریـی یاسـایی بگیرێنـە دەسـت، هەرچەنـدە بەپێـی دەسـتوور هەڵبـژاردن هـەر چـوار سـاڵ جارێـک ئەنجـام دەدرێـت و سـەرۆک کۆمـار لەلایـەن ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـاوە هەڵدەبژێردرێـت، بـەڵام پەیڕەوەکـە بڕگـەی گرنـگ لەخـۆ دەگرێـت، چونکـە ئـەوە پەیـڕەوی حیزبـە کـە چۆنیەتـی هەڵبژاردنـی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی

گـەورەی تورکیـا دەستنیشـان دەکات. هەروەهـا پەیـڕەوی ناوخـۆی پارتـی گەلـی کۆمـاری چۆنیەتیـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانتارانـی بۆ ئیرادەی سـەرۆکی حیـزب بەجـێ هێشـتووە. وەک چـۆن فەرمانبەرێکـی حکومـی بۆ هـەر کارێک دەهاتـە دامەزرانـدن، پەرلەمانتارانیـش بەهەمـان شـێوە دادەمەزرێنـدران. بـەو جـۆرە پێگـەی مسـتەفا کەمـال وەک سـەرۆکی پارتـی گەلـی کۆمـاری لـە سـەرووی پێگـەی ئـەوەوە بـوو وەک سـەرۆک کۆمـار، چونکـە وەک سـەرۆکی حیـزب، نـەک سـەرۆک کۆمـار، پەرلەمانتارانـی دەستنیشـان دەکـرد. ئـەم کەسـە دەستنیشـانکراوانەش ئەویـان وەک سـەرۆک کۆمـار هەڵدەبـژارد. ئەمـە پەیوەندیـی تاکـە حیـزب و دەسـتوورە.
جەوهـەری ئـەم سیسـتەمە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیایـە، بـەڵام تەنیـا بـە رواڵـەت ئەنجوومەنـە. بوونـی ئـەو ئەنجوومەنـە بـۆ "بەخشـینی وێنەیەکـی دیموکراسـی" بـوو بـە میکانیزمـی سیاسـی. ئەگەرنا، پێکهاتەکـەی دیموکراسـی نەبـوو، چونکـە دامەزراوەیـەک نەبـوو بـە ئیـرادەی ئـازادی گـەل پێـک هێندرابێـت. دامەزراوەیـەک نەبـوو لەلایـەن گەلـەوە هەڵبژێردرابێـت و بـە هەڵبـژاردن پێـک هێندرابێـت. بابـەت ئیـرادەی گـەل و میللـەت نـا، بەڵکـو ئیـرادەی تاکـە کـەس بـوو. ئـەوەش راسـتییەکی ئاشـکرایە کـە دامەزراوەیەکـی خـاوەن پێکهاتەیەکـی نادیموکراسـی ناتوانێـت لـە کردارەکانیـدا دیموکراسـی ببێـت. جگـە لـەوەش، تەنانـەت لەو ساڵانەشـدا کـە مسـتەفا کەمـال دەیگـوت "سـەروەری بـێ هەلومـەرج سـەروەری میللەتـە" (1920)، بـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی دەگـوت: "ئـەوە منـم ئێـوەم لێـرە کۆکردووەتـەوە. هەرکاتێـک بخـوازم، بڵاوەتان پـێ دەکەم و دەتاننێرمـەوە". گشـت ئەمانـە بەڵگـەی بەرجەسـتەن کـە ئەتاتـورک بایەخـی بـە شـەرعیەتی دیموکراسـی نـەداوە. ناشـتوانرێت بگوترێـت رێزی لە ئیـرادەی گـەل گرتـووە، یـان لایەنگـری هـزر و کـرداری دیموکراسـی بـووە. راسـتییەکی حاشـا هەڵنەگـرە کـە داواکارییـە سیاسـییەکانی پشبەسـتوو بـە ئیـرادەی "یـەک پیـاو" لـەڕووی مافەکانـی مرۆڤیشـەوە نەرێنـی دەبـن. هاودژییەکـی قـوڵ لـە نێـوان چەمکـی "یـەک پیـاو" و مافەکانـی مرۆڤـدا

هەیـە. نەگـەڕان بـەدوای ئـەو راسـتییانە و روون نەکردنەوەیـان بابەتێکـی دیکەیـە. لـەو سـەردەمەدا لـەوە بترازێـت، نەدەتوانرا شـتێکی دیکـە بکرێت. ئـەوە تاکـە رێگـە بـوو، کەواتـە جیـاواز بـوو. چاپەمەنـی، ناوەندەکانـی زانکـۆ، سـەندیکا، کۆمەڵەکان و بەکورتی دیموکراسـیی تورکیش بانگەشـەی ئەوە دەکـەن کـە "مسـتەفا کەمـال گرنگییەکـی زۆری بـە پرۆسـەی دیموکراسـی داوە". ئەوانـە خۆیـان لـە قەرەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە راسـتییەکان و ژیانـی تێـدا ژیـاو نـادەن. ئەو گوشـارانەش نابینن و نابیسـن کـە رووبەڕووی کەسـانی رەخنەگـر لـە کەمالیـزم، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە سـۆنگەی پرسـی کوردسـتانەوە رەخنـەی لـێ دەگـرن، دەبێتـەوە. چەمکـی "بـاوەڕ بەهیـچ قسـەیەکت ناکـەم، بـەڵام هەمـوو جۆرێکـی خەبـات دەکەم بـۆ بەرگریکردن لـە بۆچوونەکانـت" لای دیموکراتەکانـی تـورک بوونـی نییـە. تورکـەکان لـە ئاسـت ئـەو قسـەیە کـە لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا لـە ئەوروپا گوتـراوە و لـە ئاسـت واقیـع خۆیـان لـە نەزانـی دەدەن و نابیسـتن. لـە بیرمـان نەچێـت کـە ئەمـە تەنیـا دەستنیشـانکردنێکی پەیوەسـت بـە رژێمـی 12ی ئەیلوولـی 1980ەوە نییـە. بەڵکـو لـە سـەردەمە ئاساییەکانیشـدا کـە دامـەزراوەی دیموکراسـیی پێکهاتـوو بـە ئیـرادەی ئـازادی گـەل و مافـە سیاسـییەکان و ئازادیـی رۆژنامەگـەری و ئازادیـی سـەندیکاکان و سیسـتەمی سیاسـی فـرە حیزبیـش هەبـووە، دۆخەکـە هـەر بـەو جـۆرە بـووە.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان چەمکـی دیموکراسـی و چەمکـی کۆماریش بکرێت. راسـتە مسـتەفا کەمال سـەرچاوەی دەسـەڵاتی سیاسـی گـۆڕی، سـەرچاوەی دەسـەڵاتی سیاسـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا ئاییـن بـوو. لەگـەڵ کۆماردا سـەرچاوەی دەسـەڵاتی سیاسـی بـووە نەتەوە، بـەڵام ئەمـە لـەڕووی تیۆرییـەوە راسـتە. کەواتـە لـەڕووی نێوەڕۆکـەوە جیاوازییەکـی زۆر گرنـگ لـە نێـوان گواسـتنەوەی سـەڵتەنەت لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ و سـەرۆکایەتیی گشـتیی نەگـۆڕدا یـان سـەرۆک کۆمـاری نەگـۆڕدا نییە .

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، دەگوترێـت کەمالیـزم بایەخێکـی زۆر بـە

ئیـرادەی گـەل و ژیانـی دیموکراسـی دەدات. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە بیرکردنـەوە و رەفتارەکانـی پەیوەسـت بـە دیموکراسـیی بەشـێوەیەکی جووتسـتاندارد گەشـەیان کـردووە. بـۆ نموونـە، سـاڵانی 1930 لـە سـەروبەندی راپەڕینـی نەتەوەیـی کـوردا لـە ئاگـری، وەزیـری دادی ئـەو سـەردەمە مەحمـوود ئەسـەد بۆزکـورت لـە دژی ئـەو کوردانـەی داوای مافـی نەتەوەییـان دەکـرد، دەڵێـت:
"لـەم وڵاتـەدا تەنیا تورکـەکان مافـی ئەوەیان هەیـە داوای مافـی نەتەوەیی بکـەن. ناتورکـەکان تەنیـا یـەک مافیـان هەیـە، ئەویـش مافـی بـوون بـە خزمەتـکاری تورکەکانـە، مافـی بـە کۆیلەبوونـە".
سـەرۆکی دووەمـی پارتـی گەلـی کۆمـاری و سـەرۆکوەزیران ئیسـمەت ئینۆنـۆش زۆر جـار لـەو جـۆرە لێدوانانەی دەدا. ئەوانەی باسـی دیموکراسـی و ئـازادی دەکـەن، چاوپۆشـی لـەو جـۆرە رووداوانـە دەکـەن. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، بانگەشـەی ئـەوەی کـە کەمالیـزم بایـەخ بـە شـەرعیەتی دیموکراسـی دەدات، دەرئەنجامێکـی روونی بەرهەمهێنانـی زانیاریی دابڕاوە لـە راسـتی.
ئەمـڕۆ بـارودۆخ چۆنـە؟ لـە 12ی ئەیلولـی 1980 ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیـا هەڵوەشـێندراوەتەوە. کۆتایـی بـە ئەرکـی داوودەزگا ناوخۆییـەکان و ئـەو دامەزراوانـە هێنـدراوە کـە لەلایـەن گەلـەوە هەڵبژێردرابـوون. کەسـانی نـوێ لـە شـوێنی ئـەوان دامەزرێنـدراون و زۆربـەی دامەزرێنـدراوەکان ئەفسـەرانی خانەنشـینن. سـەرجەم داوودەزگا هەڵبژێـردراوەکان هەڵوەشـێندراونەتەوە. چالاکیـی پارتـە سیاسـییەکان و سـەندیکاکان راگیـراوە. ئەمانـە، بێگومـان، نیشـانەی نەبوونـی متمانـەن بـە دەسـەڵاتی سیاسـی فـرە حیزبی، بـە واتایەکـی دیکـە، نەبوونی متمانـە بـە ئیـرادەی گـەل و میکانیزمـی دیموکراسـی.
رژێمـی 12ی ئەیلـوول دەڵێـت لـە پاییـزی سـاڵی 1981 ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەر دەسـت بـە کار دەکات و دەسـتوورێکی نـوێ دادەڕێژرێـت. پێشـوەخت راگەیێنـدراوە کـە رێگـە بـە نوێنەرانیـی پارتـە سیاسـییەکان

نادرێـت بچنـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەرەوە. جەختیـش لـەوە دەکرێتـەوە کـە هیـچ ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی هەڵوەشـێندراوە لـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەر وەرناگیرێـت. کاتێـک روون دەبێتـەوە کـێ و کام کاتیگـۆری ناتوانـن بچنـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەرەوە، کـەم تاوەکـو زۆر روون دەبێتـەوە کـێ دەچێتـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەرەوە و چـۆن. بەنزیکەیـی لەوانەیـە ئـەو دامەزراوەیـە لـەو کەسانە پێکبـێ کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەییـەوە دەستنیشـان دەکرێـن. بێگومان ئەمە هەڵوێسـت و رەفتارێکـی دیموکراسـی نییـە، نادیموکراسـییە. سـەرەڕای ئەمـەش، ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیی بانگەشـەی ئەوە دەکات کە دیموکراسـی دەگەڕێتـەوە و هەوڵـی بەرقەرارکردنـی دیموکراسـی دەدەن. ئەمـە دژە دیموکراسـییە، بـەڵام هەڵوێسـتێکی تـەواو کەمالیسـتییە. باسـی ئەوەمـان کردبـوو کـە ئەتاتورک ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشـتمانیی گـەورەی تورکیای بـە دامەزرانـدن دەستنیشـان دەکـردن.

دەسـتوورێک کـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی خـۆی دایڕشـتبێت و مادەکانـی رەنگدانـەوەی ویسـتی خـۆی بێـت، وەک دەسـتووری کۆمـاری تـورک پەسـەند دەکرێـت . هەرچەنـدە راگەیێندرابـوو کـە ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەر پێـک دەهێندرێـت، بـەڵام جەخـت لـەوە کراوەتـەوە کـە وتـەی کۆتایـی لای ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی دەبێـت. ئەنجوومەنـی دامەزرێنـەر وەک دەسـتەی راوێـژکاری ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی کار دەکات و لەوانەیـە مۆڵـەت نـەدات ژینگەیەکـی پێویسـت بـۆ گفتوگۆیەکـی بەرفـراوان لەسـەر رەشنووسـی دەسـتوور لـە چاپەمەنـی، رادیـۆ و تەلەڤزیۆنـدا، واتـە لـە نێـو رای گشـتیدا پێـک بێـت. بێگومـان ئەمـە هەڵوێسـتێکی ئازادیخوازانـە نییـە، بەڵام هەڵوێسـتێکی ئەتاتورکانەیە. وێڕای بانگەشـەی ئـەوەی کـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانیی "ئەتاتورکییـە"، ئاشـکرایە ئەمانـەش لەبەرچـاو دەگرێـت و ئەتاتـورک لەبـەر رۆشـنایی ئـەو کردارانەیـدا هەڵدەسـەنگێندرێت. هەرکەسـێکیش کە خۆی بـە "ئەتاتورکی" ناودەبـات، ناتوانێـت دژی ئـەو پرۆسـەیە، واتـە ئـەو دامەزراندنانـە بێـت.

دوای هاتنـــی رژێمـــی 12ی ئەیلوولـــی 1980دا لـــە تورکیـــا، پەرلەمـــان هەڵوەشـێندرایەوە. پارێزبەنـدی لە پەرلەمانتـاران وەرگیراوەتـەوە. زۆربەیان دەستبەسـەر و زیندانـی کـراون و داوای یاسـایی لەسـەریان تۆمـار کـراوە. لـە هەمـوو وتارێکی سـەرۆکی دەوڵـەت، سـەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوەیی و سـەرۆکی گشـتیی ئەرکانی سـوپا ژەنەراڵ کەنعان ئەڤرێنشـیدا پەرلەمـان و ئەندامانـی پەرلەمـان و پارتـە سیاسـییەکان بەتوونـدی تاوانبـار دەکرێـن. سـەرەڕای ئەمـەش، نزیکـەی 12 ئەندامـی ئـەم پەرلەمانـە هەڵوەشـێندراوەیە لـە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنـی ئەوروپادا بەشـداری دەکـەن. ئەمانـە لـە کۆنوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی ئەوروپـادا دەڵێـن: "رژێمـی سـەربازی بەڵێنیـداوە بگەڕێتەوە بۆ دیموکراسـی" و ستایشـی هزر و کردەوەکانـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی دەکەن. هەروەهـا دەڵێن: "لـە تورکیـا ئەشـکەنجە نییـە. ئەگـەر هەشـبێت، حکومـەت بەدواداچـوون بـۆ بانگەشـەکانی ئەشـکەنجەدان دەکات و لێیـان دەکۆڵێتـەوە و بەرپرسـان رەوانـــەی دادوەری دەکات". بەڕێوەبەرایەتیـــی ئەنجوومەنـــی ئاسایشـــی نەتەوەیـی بەتایبەتـی خوازیـارە ئـەو کەسـانە نوێنەرایەتـی وڵات بکـەن لـە ئەنجوومەنـی ئەورووپـادا.

لێـرەدا بێگومـان گرنگـە ئـەم پرسـیارانە بکەیـن: ئـەم کەسـانە کـە لەگـەڵ هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی رژێمـی 12ی ئەیلوولـی 1980 کۆتایـی بـە سـیفەتی پەرلەمانتارییـان هاتـووە، بـە چ سـیفەتێک بەشـداری لـە کۆبوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی ئەورووپادا دەکـەن؟ ئـەو میکانیزمـە چییـە کە بەشـداربوونی کەسـانی بێبەشـکراو لـە سـیفەتی پەرلەمانتـاری لـە تورکیـا، لـە کۆبوونەوەکانـی ئەنجوومەنـی ئەورووپـادا مسـۆگەر دەکات؟ ئایـا ئـەو کەسـانە وەک پەرلەمانتـار لـە ئەنجوومەنـی ئەوروپا بەشـدارن؟ لەکاتێکـدا کـە کۆتایـی بـە سـیفەتی پەرلەمانتارییـان هێنـدراوە، چـۆن پەیوەندییـان لەگـەڵ ئەنجوومەنـی ئەورووپـادا بەردەوامـە؟ ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی بۆچـی دەیەوێت ئـەو پەیوەندییانـە بـەردەوام بـن؟ ئەنجوومەنـی ئەورووپا لـە سـۆنگەی چ هۆکارێکـەوە خوازیـارە ئـەو میکانیزمـە کار بکات؟

گشــت ئەمانــە پەیوەندییەکــی نزیکیــان بــە بیرکردنــەوە و رەفتــاری جووتســتانداردەوە هەیــە. لــە کاتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ چەمکــی "دیموکراسی"شـدا رەوش بەهەمـان شـێوەیە، بـەڵام ئـەو جووتسـتاندارده بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتی ئەنجوومەنـی ئەورووپاش دەگرێتـەوە. گریمان ئەنجوومەنـی ئەورووپا هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـی لەبـارەی کێشـەی مافەکانی مرۆڤـەوە لـە تورکیا ئەنجـام نـەداوە. لـە دەسـتووری تورکیـدا هاتـووە کـە کۆمـاری تورکیـا دەوڵەتێکـی یاسـاییە و لەسـەر بنەمـای مافەکانی مـرۆڤ دامــەزراوە. جەخــت لــەوە دەکرێتــەوە کــە ئــەم پرەنســیپە لــە کارگێــڕی گشـتی و دامـەزراوە پەروەردەییەکان و زانکـۆکان و ئۆرگانەکانی دادوەری و پارتـە سیاسـییەکاندا گرنگییەکـی زۆری پـێ دەدرێـت، بـەڵام ئەو سیاسـەتەی کـە دژ بـە نەتـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکرێـت، لـە بنەڕەتـەوە دژ بـە چەمکـی مافەکانـی مرۆڤـە.

پەیماننامەی ئەورووپای پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان (1950) تیشـک دەخاتـە سـەر پاراسـتن و گەشـەپێدانی مافەکانـی مـرۆڤ لـە وڵاتانـی ئەنـدام دا. ئـەو دەوڵەتانـەی کـە ئەم پرەنسـیپە سـەرەکییانەیان پەسـەند کـردووە، بـە ئەنـدام وەرگیـراون. تورکیـاش رایگەیانـدووە کـە ئەو پرەنسـیپانەی پەسـەند کـردووە و هەروەهـا لـە کوردسـتانیش بەچڕترین شـێوە درێـژە بـە گۆشـاری رەگەزپەرسـتانە و کۆلۆنیالیسـتی دەدات. لـە بەشـەکانی سـەرەتای ئـەم نووسـینەدا هەوڵمـان دا ئـەو سیاسـەتانەی دژی نەتـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکرێـن، روون بکەینـەوە. مەحاڵـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی ئەورووپـاش بـەو سیاسـەتانە نەزانـن.

بۆیــە لەکاتــی هەڵســەنگاندنی ژیانــی سیاســی هــەر ســەرکردە و ســەرکردەیەکی حیــزب و ســەرۆک دەوڵەتێکــدا، پێویســتە زیاتــر نێوەڕۆکــی کارەکانــی شــیبکرێتەوە نــەک بیروڕاکانــی. بەلایەنــی کەمــەوە پێویســتە نێوەڕۆکــی بیرکردنەوەکانــی و نێوەڕۆکــی کردارەکانــی پێکــەوە هەڵبەسـەنگێندرێن. لەلایەکی دیکە، ناتوانرێت بە تەماشـاکردنی دەسـتوور و بڕیارەکانـی ئۆرگانەکانـی دادوەریـی دەوڵەتێـک ئـەوە دەستنیشـان بکرێـت

کـە ئایـا ئـەو دەوڵەتـە ڕێـز لـە مافەکانـی مـرۆڤ دەگرێـت یـان نـا. ئـەوە شـتێکە کـە ناتوانرێـت بەپێـی نووسـراوەکانی نـاو یاسـاکان دەستنیشـان بکرێـت، بەڵکـو بـە سـەیرکردنی ژیانـی مـادی و ئـەو ژیانـەی تێیـدا دەژیـت، دیـاری دەکرێـت. بـە تەماشـاکردنی ئـەوەی داخـۆ یاسـاکان جێبەجـێ دەکرێن یـان نـا، دیـاری دەکرێـت. لـەم ڕووەوە ناتوانرێت لە کاتیگۆرییە یاساییەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێت، بەڵکو لەڕووی کۆمەڵناسـییەوە لێکۆڵینەوەی لەسـەر دەکرێـت و هۆکارەکانـی هاودژیـی نێـوان یاسـا و کـردارەکان شـی دەکرێنـەوە.

**ئەنجام**

1. ناکرێـت بگوترێـت زانیـاری و هەڵوێسـت و ڕەفتارەکانـی کەسـان ناگۆڕێن. تـاک و ڕێکخـراوەکان هەمیشـە دەتوانـن لـە ڕێگـەی ڕەخنـە و ڕەخنـە لەخۆگرتنـەوە خۆیـان نـوێ بکەنـەوە، بـەڵام نووسـەران و "دیموکرات"ەکانی تـورک لـە مـەودای کورتخایەنـدا هیـچ توانـای ئەوەیـان نییـە لـە سـۆنگەی پرسـی کوردسـتانەوە ڕەخنـە لـە کەمالیـزم بگـرن. چاپەمەنیـی تورکـی، دەوروبـەرە زانکۆییـەکان، پارتـە سیاسـییەکان، کۆمەڵـەکان و هتـد، ناچنـە نـاو ئـەو جـۆرە ڕەخنـە و خۆڕەخنەکردنانـەوە، چونکـە ئایدۆلۆژیـای کەمالیسـتی وەک زرێیـەک بـە بـاڵای کۆمەڵگەی تـورک و توێژی ڕۆشـنبیراندا بـڕاوە. دەوروبـەرە زانکۆییـەکان، چاپەمەنـی، دامـەزراوە پەروەردەییـەکان و هتـد، بـێ هیـچ قەیـد و مەرجێـک ئـەو ئایدۆلۆژیایەیـان پەسـەند کـردووە و دەڵێـن ئـەو زانیارییـە ڕاسـتترین زانیارییەکانـن. بـە گوتـەی ئـەوان، ئـەم زانیارییانـە دەکەونـە دەرەوەی بازنـەی ڕەخنـە لێگرتـن و بابەتێکـن گفتوگۆیان لەسـەر ناکرێـت.

هەروەهـا پەیتـا پەیتـا ستایشـی کەمالیـزم دەکرێـت. ئەوانـەی باشـتر و لێزانانەتـر ستایشـی کەمالیـزم دەکەن،خـەڵات دەکرێـن. هەموو دامـەزراوە

حکومییەکان لەو جۆرە خەڵاتانە دەبەخشن. ڕێکخراوە تایبەتەکانی وەک ژوورەکانی بازرگانیش هەمان خەڵات دەبەخشن. پێشبڕکێیەکی چڕ لە ستایشکردنی کەمالیزمدا هەیە. ئەوانەی ڕەخنە لە کەمالیزم دەگرن، بەتایبەت ئەوانەی لە سۆنگەی پرسی کوردستانەوە ڕەخنەی لێ دەگرن، دەخرێنە زیندانەوە. گشت ئەمانەش بوون بە کۆنکرێتبوونی کەمالیزم. ستایشکردنی بەردەوام و پەیکەر و نیمچە پەیکەر جگە لە بەشداریکردن لە بە کۆنکرێتکردنی ئەتاتورک، هیچ واتایەکی دیکەیان نییە، بەڵام قبووڵکردنی ئەو زانیارییانە و دووربوونیان لە ڕەخنە لێگرتن و پەسەندکردنیان لەلایەن توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەوە، پێشاندەری ئەوە نییە کە ئەوانە زانیاریی زانستی بن، بەڵکو پێشاندەری هێزی ئایدۆلۆژیای کەمالیستە. ئەوە پێشان دەدات کە ئایدۆلۆژیای فەرمیی پشتبەستوو بە درۆ جەماوەر و کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و چین و توێژەکانی ڕاکێشاوە و سەری لێ شێواندوون. پێویستە هیچ کاتێک لە بیر نەکرێت کە کەمالیزم ئایدۆلۆژیایەکە لەسەر بنەمای درۆ و ئایدۆلۆژیایەکی فەرمییە.

2. کارێکی بەسوود دەبێت ڕوونی بکەینەوە بۆچی لە تورکیا ناتوانرێت لەڕووی پرسی کوردستانەوە ڕەخنە لە کەمالیزم بگیرێت. لە سەرەتای بابەتەکەماندا باسمان لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و فیل و دار کرد. ڕاستییەکەی، باسمان لە نێوەڕۆکی ئەو زانستە کرد کە لەلایەن ئەو کەسەوەی فیلەکە وەک دارێک دەناسێنێت، پەرەی پێ دەدرێت. ئەگەر تێگەیشتنی ئەو کەسە هەڵە بێت، بۆ نموونە، ئەگەر یەکێک لە ئەندامەکانی هەستی کەم بێت، ئەوا کاتێک ئەو کەموکورتییە ڕاست دەکرێتەوە، کەسەکە دەتوانێت ڕاستی بدۆزێتەوە و زانیارییە هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە. لەم خاڵەدا هیچ هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی مایەی باس نییە، چونکە نادروستی لە نێوەڕۆکی زانیارییەکانی کەسەکەدا لە ئەنجامی هەبوونی کەموکورتی لە تێگەیشتندا ڕوویداوە. لەوانەیە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی زانیاری نوێ پێداویستی

گۆڕانـکاری لـە شـیکارییەکاندا کـە تاوەکـو ئـەو کاتـە بەرهـەم هێنـدراون، بسـەپێنێت. کەسـەکە دەتوانێـت بەئاسـانی ئـەو گۆڕانکارییانە ئەنجـام بدات، چونکـە لـەڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە مێشـکی خـۆی قفـڵ نەکـردووە و بیـر و کردارەکانـی خـۆی بەپێـی ئایدۆلۆژیـای فەرمـی ڕێـک ناخـات. دەتوانێـت خـۆی ڕاسـت بکاتـەوە.

ئـەوەی کـە کـورد لـە تورکیـا وەک تـورک قبـووڵ دەکرێـت، پەیوەنـدی بـە هەبوونـی کەموکورتـی لـە ئۆرگانـی هەسـتدا نییـە. پەیوەندیـی بـە کەمیـی هەبوونـی بەڵگەنامـە و شـیکارییەوە نییـە. ئەمە ڕاسـتەوخۆ هەڵوێسـتێکی ئایدیۆلۆژییــە. هەڵوێســتێکی گونجــاوە لەگــەڵ ئایدۆلۆژیــای فەرمیــدا. سـەرباری ئەوەی ڕاسـتیی بەرجەسـتە دەزانرێت و ئاشـکرایە، هیشـتا بەرگری لـەو هەڵوێسـتە دەکرێـت. کەسـێک ئـەو بیرکردنـەوە و ئـەو هەڵوێسـتەی هەبێـت، ناتوانێـت ڕەخنـە بگرێـت و خۆی ڕەخنە بـکات. ئەمە کەلــلەڕەقییە. باوەڕێکـە. بەپێچەوانـەوە، لـەو بڕیـارە هاوتایانـەی کـە ئایدۆلۆژیـای فەرمـی بـۆی دابیـن کـردووە، بێبـەش دەبێـت.

لـە هەڵوێسـتی گونجـاو لەگـەڵ ئایدۆلۆژیـای فەرمیدا، لەکاتی خسـتنەڕووی هـزر و گرتنەبـەری کـرداردا هەمیشـە دەسـەڵاتی سیاسـی ڕەچـاو دەکرێـت. لێکۆڵینـەوە لـەوە دەکرێـت داخـۆ هـزر و کـردارەکان بـە دڵـی دەسـەڵاتی سیاســی دەبــن یــان نــا؟ لــە هەڵوێســتی زانســتیدا گرنــگ نێوەڕۆکــی زانیارییەکانـە. دەستنیشـان نەکـراوە کـێ دوای ئـەو زانیارییانـە دەکەوێـت و چـۆن و لەکـوێ. زانـا هەمـوو ئـەو شـتانە ڕوون دەکاتـەوە کـە دەزانێـت ڕاسـتە و دەتوانێـت بەرگرییـان لـێ بـکات و بیانسـەلمێنێت. کاتێـک ئەمـە دەکات، سـەیری ئـەوە نـاکات چەنـد کـەس دوای دەکـەون. سـەیری ئـەوە نـاکات داخـۆ کـەس لـە دووی دەڕوات یـان نـا.

زانســت دروســتترین ڕێگــەی بەرهەمهێنانــی زانیارییــە. بەمتمانەتریــن ڕێگەیـە بـۆ تێگەیشـتن لـە سرووشـت و مێـژوو و کۆمەڵگـە. ئایدۆلۆژیاکان زانیـاری بەرهـەم ناهێنـن. زانیارییـە بەرهەمهێندراوەکانـی خۆیـان دووبـارە دەکەنـەوە و زانیارییـە بەرهەمهێنـدراوەکان بەپێی بارودۆخی کات و شـوێن

رێـک دەخەنـەوە. ئـەوان قاڵبـی رەق و بەسـتوون و ناتوانـن خۆیـان نـوێ بکەنـەوە. ئەگـەر بەکەڵـک نەیـەن، فـڕێ دەدرێـت و ئایدۆلۆژیایەکـی نـوێ کـە بتوانێـت کار بـکات، بەرهـەم دەهێندرێـت. زانسـت لـە بارودۆخەکانـی کات و شـوێنی جیاوازدا هەمـان شـێواز بەکاردەهێنێـت کـە ئەویـش رێبازی زانسـتییە. رێبـازی زانسـتی تاقانـە و نەگـۆڕە. هەرچـی ئایدۆلۆژیاکانـن، لـە بارودۆخەکانـی کات و شـوێنی جیـاوازدا سـتانداردی جیـاواز بەکاردەهێنـن.
3. دەبیندرێـت کـە زانسـت لە تورکیـا، بەتایبەتی لە کایـە کۆمەڵایەتییەکاندا، لـە ئاسـتێکی فەرمیـدا گەشـە دەکات و رێگـری لـە رەخنەگرتن لـە کەمالیزم دەکات.
بـەڵام جیهـان تەنیـا بریتـی نییـە لـە تورکیـا. کەسـان و داوودەزگای دیموکراسـی و رای گشـتیی دیموکراتیـک لـە سەرانسـەری جیهانـدا هەیـە، لـە گەشـەکردندایە و چالاکـە. لـە هەمـوو شـوێنێکی جیهـان زانـا و کەسـان و دامـەزراوە هەیـە کـە لەسـەر ئاسـتی زانسـتی مامەڵـە لەگـەڵ پەیوەندییەکانـی نێـوان رووداو و دیاردەکانـدا دەکـەن. تادێـت ژمـارەی ئـەو کـەس و دامەزراوانـە زیاتـر دەبێـت کـە راسـتگۆیی و بوێـری ئەوەیـان هەیـە ئەنجامـەکان وەک خۆیـان ئاشـکرا بکـەن.
لـە یـادی سـەت سـاڵەی لەدایکبوونـی ئەتاتورکـدا گرنگـە سـەرلەنوێ کەمالیـزم هەڵبسـەنگێندرێتەوە و پێداچوونـەوە بـە زانیارییەکانـی تایبـەت بـەو بابەتـەدا بکرێـت. یونسـکۆ و رای گشـتیی دیموکراتی جیهانـی دەتوانێت ئـەو کارە بـکات. دەکرێـت ئـەو بابەتانـە لـە کۆبوونەوەکانـی تایبـەت بـە کەمالیزمـدا بـاس بکرێـن و روونکردنـەوەی هـزر و بۆچوونەکانـی زانایـان سـەبارەت کەمالیـزم مسـۆگەر بکرێـت. ناتوانرێـت بـە فەرامۆشـکردنی راسـتییەکان سـەبارەت بە پرسـی کوردسـتان، کەمالیزم هەڵبسەنگێندرێت. کەمالیزم لەم رووەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنە و یونسکۆ دەتوانێـت لـەم پرۆسـەیەدا هـاوکاری بـکات. کەواتـە لێـرەدا کێشـەی هەرە گرنـگ شـیکاری بیرکردنـەوەکان، واتـە نێوەڕۆکـی نووسـین و وتـارەکان نییە، بەڵکـو شـیکردنەوەی نێوەڕۆکـی کردارەکانـە. واتە گرنگە لێکۆڵینـەوە لەوە

بکرێـت کـە دەکرێـت نـەک ئـەوەی دەگوترێـت یـان دەنووسـرێت. گرنگـە هاودژیـی نێـوان گوتـراو و نووسـراو و کـردار دەستنیشـان بکرێـت و جیاوازی و هۆکارەکانـی ئـەو هاودژییـە روون بکرێتـەوە.

4. مافەکانـی مـرۆڤ یەکێـک لـەو چەمکە سـەرەکییانەیە کە ئاراسـتەیان بە سـەدەی بیسـتەم بەخشـیوە، وەک مافـی دەستنیشـانکردنی چارەنووسـی گـەلان، دیموکراسـی، یەکسـانی و ئـازادی. رێزگرتـن لـە مافەکانـی مـرۆڤ یەکێـک لـە گرنگتریـن نیشـاندەرەکانی مۆدێرنیتەیـە. سـوود وەرگرتـن لـە مافەکانـی مـرۆڤ یەکێـک لـە مافـە هـەرە سرووشـتییەکانی هەمـوو مرۆڤەکانـە و بەهیـچ مەرجێکـەوە نابەسـترێتەوە، بـەڵام لـە تورکیـا بەهرەمەندبـوون لـە مافەکانـی مـرۆڤ لەلایـەن کـوردەوە بـە مەرجێکـی زۆر گرانـەوە بەسـتراوەتەوە. کـورد بـە ئەنـدازەی نکۆڵیکـردن لە کەسـایەتی و ناسـنامەی نەتەوەیـی و بوونـی بـە تـورک دەتوانێـت لـە مافەکانـی مـرۆڤ سـوودمەند بێـت. ئامانـج لەمـەش پووچەڵکردنـەوەی ناواخنـی مافەکانـی مـرۆڤ و لەنێوبردنیانـە. بـۆ نموونـە، خاوەنداریکـردن لـە زمانـی دایـک زۆر لـە پێشـترە لـە ئازادیـی خوێندنـەوەی رۆژنامـە. کەسـێک زمانـی زەوت کرابێـت، ناتوانرێـت بگوترێـت سـوودی لـەو ئازادییـە وەرگرتـووە. ناکرێـت بگوترێـت؛ ئەگـەر دەتەوێـت رۆژنامـە بخوێنییـەوە، پێویسـتە فێـری فـڵان زمـان ببیـت. ناکرێـت بگوترێـت تەنیـا ئەوانـەی کـە زمانـی تورکـی دەزانـن، دەتوانـن سـوود لـە چالاکیـی خوێندنـەوەی رۆژنامـە وەربگـرن. بەسـتنەوەی ئازادیـی خوێندنـەوەی رۆژنامـە بـە مەرجێکـی وەهـاوە، لـە راسـتیدا واتـای لەنێوبردنـی نێوەڕۆکـی ئـەو ئازادییـە دەگەیەنێـت، چونکـە چالاکییـە کۆمەڵایەتـی، کولتـووری و هونەرییـەکان کاتێـک دەتوانـن سـەرکەوتووبن ئەگـەر بـە زمانـی دایـک سـاز بکرێـن.

دەسـتەبەرکردنی دیموکراتیزەکردنـی کۆمەڵگـە و کولتـوور، دامەزرانـدن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گرنگترین رەهەندەکانی هاوچەرخبوونن. گشـت ئەمانـە لـە نزیکـەوە پەیوەندییـان بـە دەوڵەمەندکردنی ژیـان و کاری مـرۆڤ و بەشـداریکردنی لـە چالاکییـە کولتوورییەکانـدا هەیـە. ئەمـەش

یەکێک لەو تێگەیشتنانەیە کە یونسکۆ هەوڵی پەرەپێدانی دەدات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. کەمالیزمیش هەموو هەوڵێک دەدات بۆ لەنێوبردنی زمان و کولتووری کوردی. بەشداریکردنی کورد لە چالاکییە کولتوورییەکاندا بەمەرجی نکۆڵیکردن لە زمان، کولتوور و ناسنامەی خۆیەوە بەستراوەتەوە. ئەمە هەڵوێستێکی رەگەزپەرستانە، کۆلۆنیالیستیانە و ئیمپریالیزمی کولتوورییە. کەواتە پێویستە یونسکۆ لە یادی سەت ساڵەی لەدایکبوونی ئەتاتورکدا ئەو رەهەندەی کەمالیزمیش هەڵبسەنگێنێت. هەڵوێست و هەڵسوکەوتی یونسکۆ چییە سەبارەت بە سیاسەتی کولتووری کەمالیزم و ئیمپریالیزمی کولتووری کە لە کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا دەتوانرێت بە خۆنابیناکردن لە ئاست ئەو سیاسەتە رەگەزپەرست و کۆلۆنیالیستییەی لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت، سیاسەتی کولتووریی کەمالیزم هەڵبسەنگێندرێت؟

5. کوردستان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دابەش کرا و لەو ساڵانەدا سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە لە دژی نەتەوەی کورد جێبەجێ کرا. ئەم سیاسەتە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەیە کە ناسەقامگیری سیاسی دروست دەکات و رێگری لە دابینکردنی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات. ئاخر چونکە مافە بنەڕەتییەکانی وەک ئازادی، دیموکراسی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان سرووشتیترین مافی هەر نەتەوەیەکن و دەبێت بێ هیچ قەید و مەرجێک سوودیان لێ وەربگیرێت.

کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە لە نێوەڕاستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دابەش و پارچە پارچە کراوە. کۆلۆنیی هاوبەشی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریایە. دەست بەسەر هەموو سامانێکی رووحی، زمان، کولتوور و میراتی کولتووریدا گیراوە. ئینکاری بوونی دەکرێت. هەموو سامانی مادییان تاڵان دەکرێت. کەواتە سرووشتییە نەتەوەی کورد خەبات بۆ ئازادی و ئۆتۆنۆمی بکات. سرووشتییە کە رزگاربێت لە دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتی و هەوڵی رزگاری نەتەوەیی بدات. خەبات بۆ بوون ناتوانرێت رێگری لێ بکرێت.

سـەرەڕای سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەی ئیمپریالیسـتی و کۆلۆنیالیسـتی، زیاتـر لـە 60 سـاڵە نەتـەوەی کـورد درێـژە بـە خەباتـی خـۆی بـۆ ئۆتۆنۆمـی و ئـازادی دەدات. ئـەم کردەوانـەی کـورد وەک کارێـک هەڵدەسـەنگێندرێت کـە ئارامـی و ئاشـتی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەشـێوێنێت. کردەوەکانـی چەسـپاندنی سیاسـەتی ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیسـتییش وەک نیشاندەری دابینکردنی ئاشـتی و سـەقامگیری سیاسـی دەخرێتەڕوو. ئەمەش ئەنجامی نزیکبوونەوەیـە بـە سـتانداردی جیـاواز لـە بزووتنەوەکانـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی.

ئەوانـەی کـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا کوردسـتانیان دابـەش کـرد و سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبەیـان لـە دژی نەتـەوەی کـورد جێبەجـێ کـرد، مەبەسـتیان بـووە لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت درێـژە بـە ناسـەقامگیریی سیاسـی بـدەن و سـەرلەنوێ بەرهەمـی بهێننـەوە. کاتێـک سـەیری پێکهاتـەی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەکرێـت، ئـەو دۆخـە بە ئاسـانی دەبیندرێـت.

بزووتنـەوەی ئیسـلامی لـە ئێـران بـە ڕێبەرایەتیـی ئایەتوڵـڵا خومەینـی بـە دروشـمی "ئیـرادەی گـەل بەرگـەی ناگیرێـت" شـای ڕووخانـد. بـە بـڕوای خومەینـی، شـا دژایەتـی ئیـرادەی گەلـی دەکـرد، ببـووە دیسـپۆت و ئازادییەکانـی گەلـی زەوت کردبـوو، بۆیـە ڕووخێنـدارا، بـەڵام خومەینـی دوای ئـەوەی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، بەتوونـدی بەرەنـگاری داواکارییەکانـی ئـازادی و ئۆتۆنۆمیـی گەلـی کوردسـتان بـووەوە و تێکۆشـا بـە زەبـری هێـز داخوازییەکانـی نەتـەوەی کـورد بـۆ ئـازادی و یەکسـانی و دیموکراسـی سـەرکوت بـکات. ئـەو، سیاسـەتی شـای لەمـەڕ کوردسـتان وەک خـۆی جێبەجـێ کـرد و بایەخـی دا بـە درێـژەدان بـەو سیاسـەتە ڕەگەزپەرسـت و کۆلۆنیالیسـتییە.

ئـەو ڕژێمـە هەمـوو ڕێوشـوێنێکی گرتووەتەبـەر بـۆ ئـەوەی دۆخـی ئێسـتای کوردسـتان نەگۆڕێـت. توێـژە کۆنەپەرسـتەکانی کوردسـتانی پڕچـەک کـردووە. هانـی داون دژایەتـی داواکارییەکانـی ئـازادی و ئۆتۆنۆمـی و

دیموکراسـی بکـەن و هـاوکاری حکومەتـی ناوەنـدی بکـەن. چەکـی بەسـەر ئـەو جـۆرە ئاغـا و سـەرۆک عەشـیرەت و شـێخانەدا دابـەش کـردووە، واتـە ئـەو کەسـانەی کـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد ڕەت دەکەنـەوە. لەپێنـاو بەرهەمهێنـان و درێژەپێدانـی سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەدا هەوڵـدەدات کـورد بـکات بـە گـژی یەکدیـدا و ئـەوەش بـە هـاوکاری لەگـەڵ ئیتیلاعـات دا دەکات. بەرەنگاربوونـەوەی ئیـرادەی نەتـەوەی کـورد بەوجـۆرە ئـەوی کـردووە بـە شـایەکی نـوێ، واتـە "شـایەکی ریشـدار". بەردەوامبـوون لـە سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتی، هیـچ ئەنجامێکـی دیکـەی لـێ بەرهـەم نایێـت. لـەو حاڵەتـەدا، ئەوانـەی ئەلتەرناتیڤـی دیموکراسـیانە بـۆ کوردسـتان پێـش ناخـەن، هەمـوو ئـەو بیـر و پراکتیکانەیـان کـە بـە نـاوی "شـۆڕش"ەوە دەخەنـەڕوو، شکسـت دەهێنـن.

بـا سـەیرێکی ئـەو ڕێککەوتنـە بکەیـن کـە لـە سـەرەتای سـاڵی 1975 لەنێـوان ئێـران و عێراقـدا بـە هاندانـی ئاشـکرا و بەشـداری شـاراوەی تورکیـا و و نێوبژیوانیـی جەزائیـر کـرا. هـۆکاری سـەرەکی کـە گەیشـتنی هـەردوو حکومـەت بـە پێویسـتبوونی گەیشـتنە ڕێککەوتـن دەسـەپێنێت، پرسـی کوردسـتانە. بەپێـی ڕێککەوتنەکـە، شـا دەرگای هاوکارییـەکان بـەڕووی هەرێمی کوردسـتانی عێراقدا دادەخات. لەبەرامبەردا، عێراق دەسـتبەرداری سـەروەری عێـراق دەبێـت لـە ناوچـەی شـەتولعەرەب. بـەم ڕێککەوتنـە، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان، بـە واتایەکـی دیکە لـە باکـووری عێـراق، لەنێودەچێـت. ئـەو شـەڕەی لـە ئەیلوولـی سـاڵی 1980 لـە نێـوان عێـراق و ئێرانـدا هەڵگیرسـا، بەڕوونی پێشـانیدا کـە بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنـە چەنـدە ڕزیـو بـوون. دەریخسـت ئـەو ڕێککەوتنانـەی لـە پشـت کـوردەوە و لەسـەر حیسـابی ئازارەکانـی کـورد دەکرێـن، چەنـدە کورتخایەن و پووچەڵـن. بەخشـینی شـەتولعەرەب بـە ئێـران لـە سـاڵی 1975دا، لـە عێـراق و ڕای گشـتیی عەرەبیـدا کاردانـەوەی قوڵـی لـە دژی حکومەتـی بەعـس بـەدوای خۆیـدا هێنـا. ڕژێمـی عێـراق چاوەڕێـی دەرفەتێـک بـوو بـۆ کۆنترۆڵکردنـەوەی ئـەو زەوییانـە و کاتێک سـاڵانی 1980 حکومـەت لە ئێران

لاواز بـوو، ئـەو دەرفەتـە بـۆ عێـراق بەدەسـت هـات، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە ساڵی 1975دا سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازیـی کـورد زۆر گرنگتر بـوو، عێـراق تەنانـەت بەشـێکی لـەو زەوییانـە کـردە قوربانـی.

لـە تورکیـاش، پرسـی کوردسـتان یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی ناسـەقامگیری سیاسـی و بەرقەرارنەبوونـی ئاشـتیی کۆمەڵایەتییـە. پێشـهاتە ئابوورییـەکان، گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان و بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری بـۆ ناوچـە گوندنشـینەکان رۆژ لـە دوای رۆژ بەشـێوەیەکی هەسـتپێکراوتر پرسـی نەتـەوەی کـورد دەخەنـەڕوو. کۆچکـردن لـە گوندەکانـەوە بـۆ شـارەکان، کاریگەریـی میدیـای گشـتی، پێشـهاتەکانی ئێـران و عێـراق، خەباتـی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی لـە جیهـان و لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت ئاسـتی هۆشـیاریی کـورد بـەرز دەکەنـەوە. پێشـهاتە سیاسـییەکانی جیهـان، رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـووریا، هۆشـیاریی کـورد سـەبارەت بـە پێگـەی سیاسـی خـۆی چڕتـر دەکەنـەوە.

لەلایەکـی دیکـەوە کوردسـتان، کوردسـتانی کـۆن نییـە. بـە خێرایـی گەشـە دەکات. رۆژ لـە دوای رۆژ لێکۆڵینـەوە لەبـارەی مێـژوو و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی کوردسـتانەوە لـە زیادبوونـدان. تێگەیشـتنی باشـتر بـۆ زمانـی کـوردی و کولتـووری کـوردی هەیـە و باشـتر روون دەکرێنـەوە و روو لـە پێشـکەوتنن. لـە ژینگەیەکـی گەشەسـەندنی زانسـتیی لـەو جـۆرەدا گوتنـی: "ناپاکـی نیشـتمان هەیـە. خوازیـارن تورکیـا لـەت بکـەن. ئەمانـە گەمـەی دووژمنانـی دەرەکـی و ئیمپریالیزمـن" هتـد، مایـەی گاڵتەجاڕییـە، ئـەوەی دابـەش و لـەت کـراوە، کوردسـتانە. ئـەوە نەتـەوەی کـوردە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبەی بەسـەردا سـەپێندراوە. خوێناویتریـن هاوکارانی ئیمپریالیزمیـش لـە سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـەدا کەمالیسـتەکانن. گشـت ئەمانـە بـە بەڵگەنامـە و نیشـانە خراونەتـەڕوو. ژیانـی مـادی، یـان ژیانـی تێـدا ژیـاو ئـەم راسـتییە پشتڕاسـت دەکاتـەوە. گومانیـش لـەوەدا نییـە کـە ئـەم پێشـکەوتنە زانسـتییە بـەردەوام دەبێـت.

لەبەرامبەردا، دەوڵەتی تورک سەرکوتکردنی هەموو ئەو پێشکەوتنانەی وەک سیاسەتێکی بنەڕەتی و حەتمی گرتووەتەبەر. ئەمەش تاکڕەوی دەهێنێتە ئاراوە و بۆ ئەمەش پێویست بەوەلاوەنانی "دیموکراسی"، "ئازادییەکان" و نەزمی سیاسی فرەحیزبی دەکات. بەم شێوەیە دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی میلیتاریستی. هێزە ئەمنییەکان و هێزە سەربازییەکان گەشە دەکەن و ژمارەیان زۆر دەبێت. تێگەیشتنی دەوڵەت بۆ "یاسا و نەزم" و خواستی کورد بۆ یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی و جەختکردنەوە لە مافەکانی مرۆڤ لە بنەڕەتدا هاودژن. ئەم پرۆسەیەش پەرەپێدان و بەهێزکردنی تیرۆری دەوڵەتی پێکدەهێنێت، بەڵام راستییەکی روونە کە بە گوشار و هێز رێگری لە هزر ناکرێت و ناتوانرێت گەشەسەندنی زانستیش بوەستێندرێت.
ئیمپریالیستەکان بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نائارامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کوردستانیان دابەش کرد. ئەمە گومانی تێدا نییە. ئەمەش ئامانجی بنەڕەتیی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیە، واتە بە هەمیشەیی بە دینامیکی هێشتنەوەی ناسەقامگیریی سیاسی و چەسپاندنی کۆنترۆڵی سیاسی و ئابووری لە ناوچەکەدا. پاراستنی ئەو بنەمایەش پرۆسەکە چڕتر دەکاتەوە. خێراتری دەکات. دەوڵەتە زلهێزەکان لەو کێشەیەوە ئاڵاون. ئەوانیش هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ نەگۆڕینی ستاتۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاراستنی دۆخی هەنووکەیی کتومت وەک خۆی. جاروبار هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی نەتەوەی کورد وەک هەڕەشە حکومەتە پەیوەندیدارەکان بە پەسەندکردنی ئەو سیاسەتانە ناچار بکەن کە خۆیان دەیانەوێت. سیاسەتی زلهێزەکان تائێستا بەو شێوەیە لەسەر رەوتی خۆی بەردەوام بووە.
بێگومان گشت ئەمانە ناتوانن رێگربن لە تێکۆشانی نەتەوەی کورد لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا و ناتوانن ئاستەنگ بۆ بەردەوامبوونی تێکۆشانی ئەوان لەپێناو ئازادی و ئۆتۆنۆمیدا دروست بکات. لەو دۆخەدا، پێویستە پشتیوانیکردن لە خەباتی نەتەوەی کورد

بـۆ مافـە نەتەوەیـی و دیموکراسـییەکانی، یەکێک لـە ئەرکـە گرنگەکانی رای گشـتیی شۆڕشـگێڕ و دیموکراسـی جیهـان بێـت. دژایەتیکردنـی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی و کۆلۆنیالیسـتیی پەیڕەوکـراو لـە کوردسـتان و لەقاودانـی لەسـەر دۆخـی کۆلۆنیالیزمـی نێودەوڵەتـی ئەرکێکـی بنەڕەتییـە. ئـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتان لە ئاسـتی کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتیـدا دەهێڵنەوە و نەتـەوەی کوردیـان دابـەش کـردووە، نابێـت ڕێگەیـان پـێ بدرێـت کـورد وەک هەڕەشـە و ئامـرازی چەوسـاندنەوە لـە دژی یەکتـر بەکاربێنـن. نابێـت ڕێگـە بدرێـت زلهێـزەکان بـە میکانیزمـی زۆر وردی دیپلۆماسـی و سـەربازی و ئابـووری ئـەو کارە بکـەن. پێویسـتە ئـەو سیاسـەت و کردەوانـە لـە قـاو بدرێـن.

لـە بیرمـان نەچێـت کـە مافـی ئـازادی، ئۆتۆنۆمـی، سـەربەخۆیی و مافـی چـارەی خۆنووسـین مافـی هەمـوو نەتەوەکانـن. لەبـەر گشـت ئـەو خاڵانـە پێداگرتـن لەسـەر بۆچوونی هاوشـێوەی "کەمالیـزم رزگارکـەری نەتەوەییە، دۆسـتی گەلانـی چەوسـاوەیە" لـە کاتـی باسـکردن لـە کەمالیـزم لـە یـادی سـەت سـاڵەی لەدایکبوونـی ئەتاتورکـدا، هیـچ نییـە جگـە لـە زبرترکردنـی هزر و بیرکردنەوەکان. ئەمە هەڵوێسـتێکی دۆگماتیکییە و سازشـکردنە بۆ دۆگماتیـزم. ئـەوەش پێچەوانـەی ئـەو چەمکـەی ئـازادی و دیموکراسـییەیە کـە یونسـکۆ هـەوڵ بـۆ دامەزرانـدن و پەرەپێـدان و ڕەگداکوتانـی دەدات. پێچەوانـەی پرەنسـیپەکانی مافـی مـرۆڤ، یەکسـانی و مافـە چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەکانـە.

کانوونی دووەمی 1981

# نامە بۆ یونسکۆ

ئیسماعیل بێشکچی

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان نزیکبوونەوە لە پرسی کوردستان و نزیکبوونەوە لە کێشەی فەلەستیندا دەبینین. مانەوەی زەوییەکانی عەرەب لەژێر داگیرکاری ئیسرائیلدا بە گرنگترین هۆکاری ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دادەنرێت. خەباتی کوردیش بۆ ئۆتۆنۆمی و ئازادی و هەوڵەکانی بۆ شکاندنی دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتی، وەک هۆکاری ناسەقامگیری گوزارەی لێ دەکرێت. ڕزگارکردنی خاکی فەلەستین و عەرەب لە داگیرکاری و، مانەوەی خاکی کوردستان بە داگیرکراوی بە تووخمێکی سەرەکیی سەقامگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێت. لێرەدا بیرکردنەوە و ڕەفتاری جووتستاندارد بەوپەڕی ڕوونییەوە لە ئارادایە.

İSMAİL BEŞİKCİ VAKFI